


له ساڵیادی لەدایکبوونی

## بارزانیی باوکدا


# گوڵان

ساڵی بیست و هەشتەم (١٣٠٩)- (١٤)ی ئاداری ٢٠٢٢


# رابەرێك جێگەی متمانەی هەر چوار پارچەی کوردستان بوو




# ئێزگەی دەنگی کوردستان

١٠

لە سەرەتای شۆڕشی گوڵاندا، ڕاگەیاندنمان لاواز و وەک پێویست نەبوو، چونکە هیچ جۆرە ئیمکانیات و ئامرازی پێویست لەبەر دەست نەبوو بۆ ڕاپەڕاندنی کاروبارەکانی ڕاگەیاندن وەک چاپ و بڵاوکردنەوە.


دوای ماوەیەکی کورت هەندێ ئامرازی چاپ و بڵاوکردنەوەمان دەست کەوت، وەک چاپخانەی دەستی و دەزگای ڕوونیۆ. بەم شێوەیە و بەم ئامرازە سەرەتایی و ساکارانەوە دەنگوباسی شۆڕش چاپ و بڵاو دەکرایەوە. یەکێک لەو شتانەی بیری لێ کرایەوە دەستخستنی ئێزگە بوو. داوامان لە دکتۆر حەمید ئاکرەیی و ئەندازیار ئەحمەد بریفکانی کرد، کە لە نەمسا بوون، هەوڵ بدەن بۆ دەستخستنی ئێزگە. دوای ماوەیەک، ساڵی ١٩٧٧ ئێزگەیەکی بچووکمان کڕی، پارەکەیشی وەک قەرز لە بەڕێز دکتۆر ئەحمەد چەلەبی وەرگیرابوو.

ئێزگەکە گەیەندرایە قامیشلۆ لە سووریا، ئەندازیار کاک (دارەوان نامیق)، خەڵکی سلێمانی بوو و لە هۆڵەندا دەژیا، کەسێکی نیشتمانپەروەر بوو، هاتەوە بۆ ئەوەی ببێتە پێشمەرگە. بۆیە لەگەڵ ئێزگە گەیشتنە قامیشلۆ، ئەوکاتە نووسینگەیەکی پارتیمان لە قامیشلۆ هەبوو. لە ڕێی نووسینگەکەوە ئێزگەو کەلوپەلەکان گەیەندرایە گوندی (خراپ ڕەشک) لەسەر سنووری سووریا بەرانبەر جزیرێی باکووری کوردستان، دواتر بە یارمەتیی دڵسۆز و نیشتمانپەروەرانی پارتی دیموکراتی کوردستانی تورکیا، ئێزگەکە گەیەندرایە جوولەمێرگ، لەوێشەوە لەلایەن هەڤاڵانەوە بە شان گواسترایەوە بۆ ناوچەی (باسیا) لەسەر سنووری تورکیا – عێراق. هەڤاڵ کەریم شنگالی یەکێک لەو کەسانە بوو لە هێنانی ئێزگە بۆ جزیر هەتا گەیشتنی بۆ هێزەکانمان لەگەڵدا بووە.

شوکری نێروەیی ئێزگەکەی وەرگرت. دواتر لەگەڵ عیزەت ئامێدی کە بەداخەوە شەهید بوو و کاک ئەحمەد حەسەن عەونم و کاک دارەوان، بەهاوکاری و یارمەتیی خەڵکی گوندەکانی (ئەرشێ، شلک، هەرکاش، جارمەندێ) ئێزگەکەیان پەڕاندەوە بۆ باشووری کوردستان. ئەوکات بارودۆخ دژوار بوو، زۆر جار بەناچاری بە پشت دەگواسترایەوە، ماندووبوون و ئازاری زۆریان بینیبوو تا ئێزگە گەیشتە لای کاک جەوهەر و کاک کەریم شنگالی لە کوردستان.

پێویستە بۆ مێژوو باس بکرێت، کلیلی سەرکەوتن و گەیشتنی ئێزگە بە کوردستان، یارمەتی و هاوکاریی لە ڕادەبەدەری کاک (ماجید بەگ چەلێ)، گەورەی عەشیرەتی (پنیانشی)بوو.

# چاپکراوی نوێ




چاپی یەکەمی کتێبی (مجاهدالدین قایماز.. والیی هەولێر و مووسڵ لە نووسینی (دکتۆر سادق ئەحمەد جۆدە)و وەرگێڕان و لێکۆڵینەوەی (خەسرەو پیربال ئەلقەساب)، لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری سوڵتان موزەفەرەدین گۆگبۆر و بۆ فیکر و مێژوو. دیزایینی هاوکارمان شاخەوان جەعفەر، بەبەرگێکی نایاب و ناوازەوە لە دووتوێی (٤٠٤) لاپەڕەی قەبارە گەورە کەوتە کتێبخانەی کوردییەوە و خوێنەران پێی ئاشنابوون.

ئەم کتێبە، تاقە ناونیشانێکە کە لەسەر ڕۆڵ و مێژوو و کەسایەتیی مجاهدالدین الزینی قایماز والی هەولێر و مووسڵ نووسراوە، دیارە ئەو کتێبە تەواوکەری مێژووی نەناسراو و لەبیرکراوەی ئیمارەتی ئەربل و مێژووی حوکمی سوڵتان موزەفەرەدینی گۆگبۆرەوە کە هەشتا ساڵ حوکمی ئیمارەتی اربلی کردوە کە سنووری دەسەلاتی تاوەکو شاری هەمەدانی ئێران بووە .

مجاهدالدین قایماز، لەگەڵ خانەوادەکەی بە ئەسیری دێتە لای باوکی سوڵتان موزەفەر و لە ماڵی زین الدین علی کچوك گەورە دەبێت، لەبەر ئەوەشە ناونیشانی (الزینی ) پێدراوە، دەبێتە کەسێکی باوەڕپێکراوی خانەوادەی سوڵتان موزەفەرەدین، لە موسڵ موجاهدالدین دەبێتە ڕاهێنەر و مامۆستاو خزمەتکاری سوڵتانی گەورەی قەڵای هەولێر کە دێنە قەڵای هەولێر، پاشان لێی هەڵگەڕاوەتەوە و دوژمندارییی سوڵتان موزەفەری کردووە، ئەو کتێبە مێژووییە حیکایەتی ئەو ساڵانەو ئەو ڕووداوانەیە کە لە مێژووی کۆنی هەولێر و ئیمارەتی نەزانراوبوو. مێژووی موجاهدالدین قایماز لاپەڕەیەکی دیکەی گرنگیی مێژووی ئیمارەتی اربل و حوکمی سوڵتان موزەفەرەددینی گۆگبۆرووە سوڵتانی قەڵای هەولێر و دەشتی شارەزورە.

وەرگێڕو نووسەر لە خستەڕووی مێژووی زنجیرە ڕووداوەکانی ئەو سەردەمەی مجاهدالدین الزینی قایماز بەردەوام دەبێت تا کاتی مردنی لە مانگی ڕەبیعی یەکەمی ساڵی ٥٩٥ی کۆچی بەرانبەر کانوونی دووەمی ساڵی ١١٩٩ی زایینی لە قەڵاتی مووسڵ.

دەستخۆشی لە خەسرەو پیربال ئەلقەساب وەرگێڕ و نووسەر دەکەین کە توانیویەتی بە هەوڵ و ماندووبوونێکی زۆرەوە ئەم کتێبە ئامادەبکات و وەك لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی کتێبخانەی کوردی پێ دەوڵەمەند بکات .. بە هیوای بەرهەمی زیاتر.

# چاپکراوی نوێ




کتێبی (ئەفسوونی نووسین) لە لایەن نووسەر و شاعیر (پشکۆ نەجمەدین) ەوە لە بڵاوکراوەکانی ڕێکخراوی کوردستان دیالۆگ بە (١٢٨) لاپەڕەوە کەوتە بەر دیدی خوێنەرانەوە، نووسەر لەم کتێبەدا هەوڵی داوە خوێندنەوەیەك بۆ پەیڤین و گێڕانەوەی هەندێك نووسەری جیهانی بکات، کە لە مەڕ ئەزموونی نووسینی خۆیان بە تایبەت و مانا و ڕەهەندەکانی ئەزموونی نووسین قسەو باسێکیان کردووە.

ناوەڕۆکی ئەم کتێبە چەندین بابەت و نووسینی ئەدەبی لەخۆگرتووە، کە بریتییە لە ئەزموونەکانی ڕۆماننووسین باس لە گابریل گارسیا مارکیز دەکات، ئینجا دێتە سەر نووسەرانی ساڵانی هەشتاکانی سوید، لەم ڕوانگەوە ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە نووسین دەشێ هەوڵدانێك بێت بۆ گواستنەوەو بەرجەستەکردنی دنیایەك کە لە خەیاڵ و فەنتازیانی نووسەردا، دێتە ئەفراندن و لە ڕێگای هەستەکانەوە دەخولقێت. نووسەر لە بەشێکی دیکەی ئەم بابەتەدا دەنووسێت: پرۆسەی نووسین دنیایەکی هەراو فرەڕەهەند و فرەمژار لەخۆ دەگرێت، ئەدەب و هونەرو فەلسەفەو و زانست، بە هەموو پەلو پۆو ئاڕاستەکانییەوە، تەنیا لە تەلاری نووسیندا هەستیان پێ دەکەین و بەریان دەکەوین و هەر لەوێشدا دەتوانین وەکو خەزێنەی داهێنانی فیکرو مەعریفەی مرۆڤایەتی لێیان بڕوانین و مامەڵەیان لەگەڵدا بکەین.

بەشەکانی دیکەی کتێبەکەی بۆ چەندین مژار تەرخان کردووە، وەك زەمەنی شیعر نووسین و نوێخوازی لە شیعری عەرەبیدا ، ئەزموونی زمان ، زەمەنی نووسینەوەی شیعر، شیعرو سیاسەت، شیعرو پەخشانە شیعر، دواجار نوێکردنەوەو نوێخوازی لە شیعری کوردیدا.

پیرۆزبایی لە نووسەرو شاعیر(پشکۆ نەجمەدین) دەکەین بۆ ئەم کتێبە ئەدەبییەو هیوای بەردەوام و سەرکەوتنی بۆ دەخوازین.

# چاپکراوی نوێ




چاپی یەکەمی کتێبی شیعری بەناوی (هەناسە) کە کتێبێکی شیعری خاتوو (ڕێژان محەمەد) ی شاعیرە لە دووتوێی (١٠٤) لاپەڕە بڵاوبووەوە، کۆمەڵێك دەقی شیعری تێدایە، بورهان بەرزنجیی شاعیر پێشەکی بۆ نووسیوە .

شیعرەکان بە چەند ستایلێك نووسراون وەك ڕۆمانتیکی و ئازاد و شیعری تاك دێڕی و چوارینە، شاعیر لەم کتێبەدا هەوڵی داوە ڕازی شیعر و ئاواتەکانی ژیان بە یەکەوە گرێ بدات و هەرەس بە ئازارەکان بێنێت، لە ڕێی شیعرەوە دیوە جوانەکەی ژیان نیشانی خوێنەر بدات، هەروەها بە دنیابینیی خۆی و بەهەستێکی شاعیرانەی زۆر جوان گوزارشتی لە عەشق و ئەوین و خۆشەویستیی نیشتمان و زامی هەڵەبجە و تام و چێژی ژیانی منداڵی و سۆزی دایك و تاڵی دابران و ڕۆژانی پڕ لە چاوەڕوانی بێهودەیی و تەواوی ئەو بابەتانە کردووە کە لە واقیعی ژیانی ڕۆژانەیدا بەرکەوتنی لەگەڵیاندا هەبووە.

لەبەر ئەوەی شاعیر هونەرمەندی شێوەکارییە، بۆیە ئەو کاتانەی نەیتوانیوە هەستەکانی لە تابلۆیەکدا دەرببڕێت، هاتووە لە چوارچێوەی دەقێکی شیعریدا پەیامە مرۆڤدۆستییەکەی خۆی گەیاندووە، هەر ئەو هۆکارەیە وای کردووە ئەگەر بە وردی دەقە شیعرییەکانی نێو ئەم کتێبە بخوێنییەوە، وا هەست دەکەیت بەنێو پیشانگایەکی شێوەکاریدا گوزەر دەکەیت، چونکە شاعیر بە شارەزایی خۆی توانیویەتی هارمۆنیای ڕەنگەکان و هەستی شاعیرانەی خۆی ئاوێتەی یەکتر بکات .

هیوای سەرکەوتن و بەردەوامی بۆ خاتوونی شاعیر ڕێژان محەمەد دەخوازین و چاوەڕوانی بەرهەمی زیاتری لێ دەکەین

# ئایندەی سیاسیی عێراق و هەرێمی کوردستان

## لە دیالۆگێکی فیکری و سیاسیی گوڵاندا



عەلی عوسمان:



## دامەزراندنی ١٢ ناوچەی پیشەسازی ئابووری هەرێم دەباتە قۆناغێکی پێشکەوتووەوە

یانیس ستیڤاچتیس:



## پێمان ناوەتە دۆخێکی دژوارتر لە ڕۆژگاری شەڕی سارد

ئەلۆن بێن مایەر :



## شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیا شڵەژان لە سیستمی نێودەوڵەتیدا دروست دەکات




وێنەی بەرگ لە ئەرشیفی گۆڤاری (بیبی) وەرگیراوە


■ خاوەن ئیمتیاز
شەوکەت شێخ یەزدین
Concessioner
Shewket Sh. Yezdeen

■ سەرنووسەر
فەرهاد محەمەد
Editor-in-Chief:
Farhad M.hassn
frhd_mhmd@yahoo.co.uk
Mob: 07504030900

■ سکرتێری نووسین
د.هێمن غەنی

■ سیاسەت و ناوخۆ:
ساڵح عومەر
شەماڵ نوری
د. شیبان فەرهاد
بەهادین جەلال

■ گشتی:
د.عادل حوسێن
تارا عومەر
خەلیل بلەیی
سەنگەر شنۆیی
مەهدی حاجی ساڵح
کارزان کانەبی
ڕێبین ڕەمزی

■ بەڕێوەبەری کارگێڕی و دارایی:
سلێمان یاسین

■ بەڕێوەبەری هونەری:
شاخەوان جەعفەر

■ بەرگ:
لوقمان ڕەشیدی

■ وێنەگر:
کەماڵ ئاکرەیی

بۆ ریکلام کردن پەیوەندی بکە بە:
Mob: 0750 2206537
salih_omer2003@yahoo.com

چاپخانەی ڕۆکسانا - هەولێر

ناوونیشان: هەولێر -ڕووناکی/ شەقامی ٤٠ مەتری

*Web: www.gulanmedia.com*

ئەحمەد ڕێکانی:



## ئەرکی وەزارەتە پەیوەندیدارەکانە بەربەستەکانی بەردەم گەشەپێدانی کەرتی پیشەسازی هەڵبگرن




## بۆ دەبێت باجی ئازادی ئافرەت کوشتن بێت؟

## کۆمپیوتەر لەسەر شێوەی پێڵاو



## هەستەوەریی وەزری




## مووزیکی گوند مووزیکی شار



سۆز کازم:

## گرنگترین هۆکار بۆ پێشخستنی یاریی فوتساڵی کچان بەرزکردنەوەی ئاستی ڕۆشنبیریی خەڵکە





## لە ڕۆژی لەدایکبوونیدا

# بارزانیی مەزن

## بەو شێوەیەی کە ناسیمان



**سەلاح بەدرەدین**

**تایبەت بۆ گوڵانی نووسیوە**

وەك خەونێك دێتەوە یادم کاتێك گفتوگۆیەك بە دەنگێکی بەرز لە ژووری میوانی ماڵەکەمان لە گوندی جەمعایە «کوردستانی ڕۆژئاوا» دروست بوو لە نێوان کۆمەڵێك لە خزم و کەسانی نزیك و باوکی خوالێخۆشبووم، لە بارەی وێنەی کەمال ئەتاتورك، کە یەکێك لە ناسیاوەکان لە تورکیا لەگەڵ خۆی هێنابووی و لە ژووری میوانەکەدا هەڵیواسیبوو، کە بەرهەڵستیی باوك و کەسوکارەکەمی لێکەوتەوە. هێشتا لە یادمە کە چۆن باوکم سەرزەنشتی میوانەکەی کرد و پێی وت: خاوەنی وێنەکە هۆکاری پەڕاکەندەبوونمان و دوورخستنەوەی مام و گەورەی خێزانەکەمانە (خەلیلی سمی، کە لەگەڵ هۆزەکەیدا-دیبو- بەشداری لە ڕاپەڕینی شێخ سەعیددا کرد) بۆ ئەنادۆڵ، ئایا چۆن دەتەوێت وێنەکەی لە ماڵەکەماندا هەڵبواسیت؟ دەبێت ئەوە بزانن کە بارزانی پێشەوای نەتەوەییمانە، و باشترە بۆ ئێوە وێنەی ئەو هەڵبواسن، دواتر چووە ژوورەکەی تەنیشت وێنەیەکی گەورەی بارزانی هێنا و، لە پێشەوەی ژوورەکە بە بەرزی هەڵیواسی و هەر بەو شێوەیەش مایەوە، تاوەکو هەواڵگری نیزامیی بەعس دەستیان بەسەردا گرت لە هەڵمەتە بە ناوبانگەکەیاندا بۆ سەر گوندەکەمان لە گەڕانیاندا بە دوای مندا لە ساڵانی شەستەکاندا.

بەڵێ، ئەوەی ئێمە لە نێو جەرگەی تێکۆشانە بەردوامەکەی بارزانیی مەزندا، لە پێناو نەهێشتنی ستەمی نەتەوایەتی و بەدەستهێنانی مافە نەتەوەییەکان، گۆش کران و پەروەردە

**ئەوەی ئێمە لە نێو جەرگەی تێکۆشانە بەردوامەکەی بارزانیی مەزندا، لە پێناو نەهێشتنی ستەمی نەتەوایەتی و بەدەستهێنانی مافە نەتەوەییەکان، گۆش کران و پەروەردە بوون**

**بارزانی ڕێگای ڕاوەستانی لەگەڵ بەرەی گەلەکەیدا هەڵبژارد، و سەرەڕای دژواری و ئاستەنگەکان خەون و ئاواتەکانی هەڵگرتبوو، شۆڕشی بەسەر دیکتاتۆرییەتدا کرد و بڵێسەی شۆڕشی ئەیلوولی لە ساڵی ١٩٦١دا هەڵگیرساند**



بوون لەسەر بەدواداچوونی هەواڵی بارزانی لەو کاتەوەی دەستی دایە بەرهەڵستیکردنی حکومەتەکانی عێراق و ئیستیعماری بەریتانی و پاڵپشتیکردنی کۆماری کوردستان لە مەهاباد و ڕێڕەوە دوور و درێژەکە بۆ پەڕینەوە لە ڕووباری ئاراس، و گەیشتنی بە یەکێتی سۆڤیەتی پێشوو، و چەشتنی نەهامەتییەکی دوور و درێژ بە دەستی کۆمەڵەی هەرەوەزی جووتیارانی سۆڤیەتی پێشوو «کۆڵخۆزەکان» بە هۆی سیاسەتی چەوت و ستەمکارانەی نیزامی- ستالین- و هەندێ لە بەرپرسە ئازارییە دەمارگیرەکان، و دواتر گەیشتنی بە مۆسکۆ لە سەردەمی حوکمڕانیی کراوەی -نیکیتا خرۆشۆف-، و لە کۆتاییدا گەڕانەوەی سەرکەوتووانەی بۆ عێراقی کۆماری لەساڵی ١٩٥٨، بە ڕێگەی میسردا، کە پێشەوای عەرەبی جەمال عەبدولناسری بینی.

دوای گەڕانەوەی بۆ نیشتمان، کە نزیك کەوتەوە لێمان، بووە فاکتەرێکی کارا لە سیاسەتی عێراق و بووە پێشەوای گەلی کوردستان، ئێمەش وەك تاکەکەس و تێکڕای بزووتنەوەی کوردی لە سووریا دوو هێندەی پێشوو بەدواداچوونمان بۆ کرد و بایەخمان پێ دا، کە لە ڕۆڵە هەڵکشاوەکەیدا پاڵپشتییەکی مەعنەوی و هاندانمان بۆ تێکۆشانمان بەدی کرد، بەڵکو کارلێکە ناوخۆییەکانی کوردستانی عێراق، ڕەنگدانەوەی هەبوو لەسەر گۆڕەپانەکەمان و خۆی سەپاند بە سەر ڕەوتی کاروبارە ناوخۆییەکانی نێو جەرگەی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کوردستاندا، زۆربەی ئەوانەی سەر بە بزوتنەوەی ڕزگاریخوازیی کورد بوون لە سووریا، بژارەیەکی دیکەیان نەبوو جگە لە پاڵپشتی و پشتیوانیی بارزانی، یەکەمیان لە ڕێڕەوە نەتەوەییەکەدا و لە ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو کەسانەی لە حزبەکەی جیا ببوونەوە و ئەوانەی لە سەرکردایەتیی پێشمەرگە هەڵگەڕابوونەوە، و ئەوانەی لە هێڵی بزووتنەوەکە لایاندابوو و شۆڕش لە کوردستانی عێراق، ئێمەش لە گۆڕەپانەکەماندا ڕووبەڕووی ئەو کەسانە بووینەوە کە جیاببوونەوە و پاڵپشتیی نیزامی بەعس و دژایەتیی بارزانی-یان دەکرد، و تێوەگلابوون لەگەڵ ڕکابەرەکانی لە گرووپەکەی (٦٦).

بارزانی ڕێگای ڕاوەستانی لەگەڵ بەرەی گەلەکەیدا هەڵبژارد، و سەرەڕای دژواری و ئاستەنگەکان خەون و ئاواتەکانی هەڵگرتبوو، شۆڕشی بەسەر دیکتاتۆرییەتدا کرد و بڵێسەی شۆڕشی ئەیلوولی لە ساڵی ١٩٦١دا هەڵگیرساند لەژێر دروشمی «دیموکراسی بۆ عێراق و ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان» و هاوسۆزیی کوردی ل هەر چوار پارچە و لەسەر ئاستی ڕەوەندی کورد لە جیهاندا بەدەست هێنا، کە لە شۆڕشەکەیدا ئاواتی گەورەیان بەدی دەکرد بۆ خەونی ڕەوای کورد و ئومێدیان لەسەر هەڵچنی، بەڵکو زۆر کەس لە بەشەکانی دیکەوە و بە شێوەیەکی خۆبەخشانە چوونە نێو ڕیزەکانی پێشمەرگەوە، هەروەها زۆرینەی بزووتنەوەی کورد لە دەرودراوسێ هاوکاریی پێویستیان پێشکەش کرد.

بۆ ئەوەی بە ئینساف بین، پێویستە ئەوە بڵێین کە ڕەوتی نەتەوەیی چەپی کوردی لە سێ بەشەکەی کوردستان دەستپێشخەر بوون بۆ پاڵپشتیکردن و پشتیوانیکردنی بارزانی، کە لەو کاتەدا بەرجەستە ببوو لە حزبەکەماندا (پارتی چەپ- یەکێتی گەل) و باڵی چەپی بزووتنەوەی کوردی لە تورکیا بە سەرکردایەتیی د.شڤان، و حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بە سەرکردایەتی ئەحمەد تۆفیق.

هاوکێشەیەکی واقیعبینانەی ڕاستەقینە لەسەر گۆڕەپانی کوردی سووری دروست بوو، کە بریتی بوو لەوەی هەر کەسێك دڵسۆزانە تێکۆشان بکات لە پێناو مافە نەتەوەیی و دیموکراتییەکانی کورد لە سووریا، ئیدی حزب بێت، یان گرووپ، یان تاکەکەس، ئەوا دەبێت لەگەڵ شۆڕشی ئەیلوولدا بێت بە سەرکردایەتیی بارزانی، هەروەها نیزام و حکومەتە یەك لە دوای یەکەکانی سووریا دڵڕەق بوون لەگەڵ سەنگەری کوردی سووریی هاوسۆز لەگەڵ بارزانی و هاندەر بوو بۆ ئەو کەسانەی دژایەتییان دەکرد.

## ناسینی ڕێبازی بارزانی لە نزیکەوە

دوای پرۆسەی دووبارە بنیاتنانەوەی بزووتنەوەی کورد لە سووریا لە میانەی کۆنفرانسی پێنجەم لە ئابی ١٩٦٥ و ڕاستکردنەوەی ڕەوتەکە و پێناسەکردنی گەل و دۆزەکە و پرۆگرامە سیاسیەکە و دانانی ستراتیژییەت و تەکتیکەکان،

**ڕەوتی نەتەوەیی چەپی کوردی لە سێ بەشەکەی کوردستان دەستپێشخەر بوون بۆ پاڵپشتیکردن و پشتیوانیکردنی بارزانی**

**بارزانی و ئەوانەی کاریان لەگەڵدا دەکرد، نوێنەرایەتیی شەرعییەتی شۆڕشگێڕی و نەتەوەییان دەکرد، ئەوانەشی لێی جیابوونەوە، تەنیا گرووپێکی سەرکێش بوون، مامەڵەیان لەگەڵ نیزامی بەغدا، و نیزامی ئێران دەکرد، لە ئامانجەکانی بزووتنەوە و شۆڕشەکە دەرچووبوون**

**بارزانی ڕابەرێکی خاوەن ئەزموون بوو، جێگای متمانەی گەلی کوردستانی عێراق بوو، داوای ئاشتی و سەقامگیری بۆ عێراقێکی دیموکراتی دەکرد، هیچ دوژمنکارییەکی نەبوو بۆ هیچ گەلێک، یان نەتەوەیەک، بەڵکو بەرهەڵستیی سیاسەتی سیستمە ستەمکارەکانی دەکرد**

بڕیاری چوونی شاندێك بۆ كوردستانی عێراق درا، بۆ ئەوەی بارزانیی مەزن ببینن. من شەرەفی ئەوەم هەبوو سەرۆكایەتیی شاندەكە بكەم كە لە ئایاری ١٩٦٧، گەیشتمە -كانی سماق- و چاوم بە بارزانی و زۆربەی سەركردە سیاسی و سەربازییەكان كەوت، كە بوونی ئێمە هاوكات بوو لەگەڵ بەستنی كۆنفرانسی سەربازی سیاسیدا، دواتر چاوپێكەوتنەكەمان درێژە پێدا لە ناوچەی-قەسرێ- كە دوو ڕۆژی لە میوانداریی بارزانیی مەزندا بووین و بە وردی بارودۆخی خۆمان بۆ ڕوون كردەوە و گوێمان لە ڕوونكردنەوەكانی بۆ ئامانجەكانی شۆڕشەكە و هەلومەرجی گشتی لە كوردستان و عێراق گرت. دواتر چەند چاوپێكەوتنێكی چڕ و پڕمان لەگەڵ هەمیشە زیندوو ئیدریس بارزانی ئەنجام دا، كە لەو كاتەدا بەرپرسی دۆسییەی نەتەوەیی كوردستانی بوو، لەبارەی چەندین پرس و خەمی هاوبەشەوە هەماهەنگیمان كرد. لە گەشتەكەمەدا چەند دید و تێڕوانینێكم لا گەڵاڵە بوون كە دەكرێت بەم شێوەیەی خوارەوە كورت بكرێنەوە:

یەكەم: بارزانی و ئەوانەی كاریان لەگەڵدا دەكرد، نوێنەرایەتیی شەرعییەتی شۆڕشگێڕی و نەتەوەییان دەكرد، ئەوانەشی لێی جیابوونەوە، تەنیا گرووپێكی سەركێش بوون، مامەڵەیان لەگەڵ ڕژێمی بەغدا، و ڕژێمی ئێران دەكرد، لە ئامانجەكانی بزووتنەوە و شۆڕشەكە دەرچووبوون.

دووەم: بارزانی ڕابەرێكی خاوەن ئەزموون بوو، جێگای متمانەی گەلی كوردستانی عێراق بوو، داوای ئاشتی و سەقامگیری بۆ عێراقێكی دیموكراتی دەكرد، هیچ دوژمنكارییەكی نەبوو بۆ هیچ گەلێك، یان نەتەوەیەك، بەڵكو بەرهەڵستیی سیاسەتی سیستمە ستەمكارەكانی دەكرد.

سێیەم: ڕابەری دیموكراتی بوو، گوێی لە بۆچوونی ئەوانی دیكە دەگرت و ڕێزی لێ دەگرتن، پاڵپشتێكی گەورەی مافەكانی ئافرەتان بوو و پشتیوانی لە دادپەروەریی كۆمەڵایەتی دەكرد، ددانپێدانانی هەبوو بە بوون و مافی نەتەوەكانی دیكەی كوردستان، تەنانەت پاسەوانەكانی بارزانیی مەزن كە ژیانی خۆی پێ سپاردبوون و بە چاوی خۆم بینیمن، تێكەڵێك بوون لە كورد و كلدان و ئاشووری و لە موسڵمان و مەسیحی و ئێزدی.

چوارەم: بارزانیی ڕابەر خاوەنی ڕێبازێكی سیاسیی نەتەوەیی و كوردستانی و نیشتمانی بوو، لەگەڵ خەباتی كورد و بژارە فیكری و سیاسییەكانیان بوو لە هەموو شوێنێك و بە گوێرەی هەلومەرجی خۆیان، لەگەڵ چارەسەركردنی دۆزی كورد بوو لە هەموو شوێنێك بە ڕێگای گفتوگۆی ئاشتییانە.

دوای ئەزموونی پێشوەختەم لە مامەڵەكردن لەگەڵ ڕابەری مەزندا، هەروەها دوای ئەوەی لە ساڵی ١٩٩٣وە لە كوردستانی عێراقدا نیشتەجێ بووم، هەوڵی زۆرم دا بۆ ناسینی مێژووی بارزانی و ئەنجامدانی بەدواداچوون بۆ گوتار و وتە و ڕێنماییەكانی و تەنانەت سەردانی مەیدانی بۆ حەشارگە نهێنییەكانی، و ڕۆژێك برا و سەرۆك مسعود بارزانی هاوڵی كردین بۆ ئەو شوێنەی یەكەم گوللەی شۆڕشی ئەیلولی تێدا تەقێنرا، كە ئەشكەوتێكی دوو قات بوو و لە شوێنێكی زۆر دژواردا بوو.

دوای ئەوەی بە شێوەیەكی بەرفراوان ئاشنا بووم و زانیاریم بەدەست هێنا، هەوڵی زۆرم دا هەموو ئەو شتانە بە دۆكیۆمێنت بكەم كە پەیوەستن بەم بەرابەرییە بێ وێنەیەوە و بیانگۆڕم بۆ سەرچاوەیەكی تیۆریی نووسراو بۆ سوودی نەوەكان. من لەو كەسانە بووم كە داوای ئەنجامدانی دوو كۆڕبەندم كرد لە شارۆچكەی سەلاحەددین لە باری ژیان و ڕێبازەكەیەوە. بە دوو توێژینەوەی دوور و درێژ بەشداریم كرد، و هێشتا پێم وایە بارزانی خاوەنی ڕێبازێكی تەواوكار بوو لە پێناو ڕزگاركردنی گەلی كوردستانی عێراق و كاری دەكرد بۆ هەماهەنگیكردن لەگەڵ كوردی بەشەكانی دیكە بە بێ دەستێوەردان لە كاروبار و تایبەتمەندییەكانیان، هەروەها هێشتا پێم وایە دەكرێت وەفادار بین بۆ خۆی و ڕێبازەكەی، ئەویش بە گرتنەبەری هەنگاوی دیراسەتكراو، و بە گەیشتن بە زیندوكردنەوەی پێشنیاری پێشووم بۆ دروستكردنی «سەنتەری بارزانی بۆ ئاشتی» و سەرجەم لقە كەلتووری و فیكری و سیاسی و مرۆیی و لە كۆتاییدا «خێرخوازییەكانی».

**پاسەوانەكانی بارزانیی مەزن كە ژیانی خۆی پێ سپاردبوون و بە چاوی خۆم بینیمن، تێكەڵێك بوون لە كورد و كلدان و ئاشووری و لە موسڵمان و مەسیحی و ئێزدی**

**بارزانیی ڕابەر خاوەنی ڕێبازێكی سیاسیی نەتەوەیی و كوردستانی و نیشتمانی بوو، لەگەڵ خەباتی كورد و بژارە فیكری و سیاسییەكانیان بوو لە هەموو شوێنێك و بە گوێرەی هەلومەرجی خۆیان**

**سەرۆك مسعود بارزانی هاوڵی كردین بۆ ئەو شوێنەی یەكەم گوللەی شۆڕشی ئەیلولی تێدا تەقێنرا، كە ئەشكەوتێكی دوو قات بوو و لە شوێنێكی زۆر دژواردا بوو**


ZAKHO
DAHUK
TALL AFAR
MOSUL
IRBIL
KIRKUK
AS SULAY-
MANIYAH
IRAQ
TIKRIT
SAMARRA
BAQUBAH
AL
FALLUJAH
MANDALI
AR RAMADI
BAGHDAD
AR RUTBAH
AL MUSAYYIB
AL HILLAH
KARBALA
AL KUT
AL AMARAH
AN NAJAF
AD DIWANIYAH
ASH SHATRAH
AS SAMAWAH
AN NASIRIYAH
BASRA
AZ AUBAYR




# ئایندەی سیاسیی عێراق و هەرێمی کوردستان

## لە دیالۆگێکی فیکری و سیاسیی گوڵاندا

لەگەڵ ئەوەی لە یەك دوو ڕۆژی ڕابردوو «دیپلۆماتیەتی تەلەفۆن»ی لە نێوان سەرکردە باڵاکانی پرۆسەی سیاسیی عێراق (بارزانی، سەدر، حەلبووسی، خەنجەر، سەرکردەکانی ئیتار مالیکی و عامری) جووڵەیەکی گەرمی خستووەتە ناو پرۆسەی سیاسیی عێراق و، قسە و باسەکان گۆڕاون بۆ خێراترکردنی پرۆسەکە و هەنگاوهەڵگرتن بۆ پێکهێنانی حکومەتی داهاتوو، بەڵام ئامانجی ئەم دیالۆگە فیکری و سیاسییەی گۆڤاری گوڵان لەگەڵ سێ کەسایەتیی ئەکادیمی و ئۆستادی زانستی سیاسەت، هێندەی بۆ خوێندنەوەی سیناریۆ و ئەو ئەگەرانەیە کە لە داهاتوو دەوڵەتی عێراق بە شێوەیەکی دیکە ڕێك دەخاتەوە، هێندە بۆ هەڵسەنگاندن و دیالۆگ نەبووە لەسەر پرۆسەی سیاسیی عێراق. لەم دیدار و گفتوگۆیەدا ئەم بەڕێزانە بەشدارییان کردووە:



■ پرۆفیسۆر دکتۆر عامر حەسەن فەیاز کە جیا لەوەی ئۆستادی زانستی سیاسەت و ئاسایشی نەتەوەییە، ئێستا ڕاگری کۆلێژی زانستە سیاسییەکانی زانکۆی نەهرێنە و یەکێکە لەو کەسایەتییە پسپۆڕ و ئەکادیمییانەی زانستی سیاسەت کە لەسەر ڕاوێژکردن لەناو پرۆسەی سیاسیی عێراقدا هەر لە دوای ساڵی ٢٠٠٣وە هەتا ئێستا ڕاویژی پێ دەکرێت و گوێ لە بۆچوون و پێشنیارەکانی دەگیرێت و حیسابی بۆ دەکرێت.



■ پرۆفیسۆر دکتۆر شێرزاد نەجاڕ ئۆستادی فەلسەفەی سیاسەت و دەرچووی زانکۆی ڤیەننایە و جیا لەوەی ئێستا سەرۆکی بۆردی زانکۆی کوردستانە، لە هەمان کاتدا ماوەی نزیکەی ٥٠ ساڵە بە کردەیی بەشداری هەبووە لە ئاستی بەرزی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کوردستان و ئەندامی لیژنەی نووسینەوەی دەستووری کوردستان بووە و، هەموو کاتیش لەسەر ئاستی کۆی پرۆسەی سیاسیی کوردستان بۆچوون و پێشنیارەکانی جێگەی تەقدیر بووە و ڕێزی لێ گیراوە.



■ پرۆفیسۆر دکتۆر یاسر عەلی ئیراهیم، ئۆستادی زانستی سیاسەتە لە زانکۆی نەهرێن و لەگەڵ ئەوەی بە تەمەن لە هەر دوو پرۆفیسۆڕ (نەجاڕ و فەیاز) گەنجترە، بەڵام توێژەرێکی مەیدانییە لە پرۆسەی سیاسیی عێراق و وەك ئەکادیمییەکی سەرکەوتوو بە پشتبەستن بە داتا و زانستی سیاسەت، چەندین توێژینەوەی گرنگی لەسەر سیاسەتی دەوڵەتی عێراق کردووە و، لە چەندین کۆڕ و کۆبوونەوە لەسەر ئاستی عێراق و نێودەوڵەتی بەشداری کردووە.

لەگەڵ ئەم کەسایەتییە ئەکادیمییانە زۆر بە وردی هەڵوەستەمان لە بارەی واقیعی سیاسیی ئێستای عێراق کردو، دیالۆگمان بەو ئاراستەیە درێژە پێ دا، بەوەی ئایا ئەم واقیعە سیاسییەی ئێستای عێراق کە عێراقی کردووە بە قەوارەیەکی «پێش دەوڵەت» چ ئەگەر و سیناریۆیەك بە دوای خۆیدا دەهێنێت؟

*** ئەگەر لە دەستپێکدا خوێندنەوەیەك بۆ بارودۆخی سیاسیی عێراق بکەین و بپرسین: ئایا دوایین هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق چ گۆڕانکارییەکی ڕیشەیی لە پرۆسە سیاسییەکەدا دروست کردووە؟**

**پ.د.عامر حەسەن فەیاز:** ئەگەر هەیکەلەی پرۆسەی سیاسیی عێراق لە دوای ٢٠٠٣وە هەتا ئێستا سەیر بکەین، دەبینین پرۆسە سیاسییەکە لەسەرماڵی سەرەکی دامەزراوە کە ئەوانیش «کورد و سوننە و شیعە»ن، هەر بۆیە پێش ئەنجامدانی هەڵبژادنی پێشوەختە پرۆسەی سیاسیی عێراق کەوتبووە دووڕیانێك، یان ئەوە بوو بەرەو ئاژاوە و پاشاگەردانی هەنگاو هەڵبگرێت، یان بڕیاری ئەنجامدانی هەڵبژاردنی پێشوەختە بدات، دوای دەرکەوتنی ئاکامی ئەم هەڵبژاردنە پێشوەختەش کەوتینە بەردەم سێ سیناریۆ کە بریتین لە:

١- « کورد و شیعە و سوننە» وەك سێ ماڵی پتەو، هەر سێ دەسەڵاتە سەرەکییەکان لەسەر بنەمای ئەو ماڵە پتەوانە پێکبهێنێت، بە پێی ئەم سیناریۆیە هەر سێ ماڵی «کورد و شیعە و سوننە» بە پتەوی دەمانەوە.

٢- سیناریۆیەکی دیکە «کە ئەمەیان دوورە» هەرسێ ماڵەکە لەبەریەك هەڵبوەشێن.

٣- سیناریۆی سێیەم دوو ماڵیان پتەو و یەکگرتوو بن و ماڵی سێیەم لەبەریەك هەڵوەشاوە بێت.

ئەگەر هەڵوەستە لەسەر ئەم سێ سیناریۆیە بکەین، دەبینین سیناریۆی دووەمیان کە باس لە لەبەریەکهەڵوەشانی هەرسێ ماڵەکەی «سوننە و شیعە و کورد» دەکات، خەونێکی ئەرخەوانیی ئەو هاووڵاتیان و گرووپە بێلانانە بوو، ئەمەش بەو مانایەی ئەمانە دەڵێن نامانەوێت پێکهاتەکان حوکمڕانیمان بکەن، ئەمەش زەحمەتە بێتە دی.

سەبارەت بە سیناریۆی سێیەمیش کە دوو لە ماڵەکان پتەو و یەکگرتوو بن و ماڵی سێیەم لەبەریەك هەڵوەشاوە بێت، ئەمەیان زۆر ترسناکە، لەبەر ئەوەی گرەوکردنە لەسەر ناوماڵی شیعە و دابەشبوونی نێوان تەیاری سەدر و ئیتاری تەنسیقی کە زۆر مەترسیدارە و ئەگەر «تەیار و ئیتار» لە نێوان خۆیاندا ڕێك نەکەون، ئەوا مانای ئەوەیە کێشەیەکی گەورە لە نێوانیان دروست دەبێت.

بۆیە لە نێو ئەم سێ سیناریۆیە، تێڕوانینی واقیعییانە ئەوەیە کە بڵێین: پێویستە بگەڕێینەوە بۆ سیناریۆی یەکەم و هەر ماڵی «کورد و سوننە و شیعە» بە یەکگرتوویی و پتەوی بمێنێتەوە.

هەڵوەستەکردن لەسەر پراکتیزەکردنی سیناریۆی یەکەم، واتە یەکخستنەوەی ماڵی شیعە کاری زۆری لەسەر کراوە، هەروەها هەوڵەکانیش بەردەوامن بۆ ئەوەی ماڵی کورد لەسەر یەك کاندید بۆ پۆستی سەرۆك کۆمار ڕێك بکەون، ئەمەش کردنەوەی دەرچەیەکە بۆ ئەوەی هەر سێ ماڵەکە بە پتەوی بمێننەوە. بە مانایەکی دیکە نە بۆ سوننە باشە ماڵی کورد و شیعە پەرت بێت، نە لە بەرژەوەندیی کورد و شیعەشە ماڵی سوننە پەرت بێت. بۆیە باشترین چارەسەر ئەوەیە کە بگەڕێنەوە بۆ سیناریۆی یەکەم.

*** سەبارەت بە هەوڵەکان بۆ نزیککردنەوەی هەردوو لایەنی «ئیتار و تەیار» ئایا کێشەکەیان ئەوەندە قورسن کە نەتوانن ڕێك بکەون؟ ئایا هیچ لێکچوونێکیان لەگەڵ پارتی و یەکێتی هەیە؟**

**پ.د.عامر حەسەن فەیاز:** ئەگەر ئیتار و تەیار ڕێك بکەون زۆر باشە، ئەمە لەبەر ئەوەی بواری ئەوە هەیە کە بگەنە ڕێککەوتن، لەسەر ئەم پرسەش ماوەیەك پێش ئێستا قەیس خەزعەلی کۆمەڵێك پسپۆڕی بانگهێشت کردبوو بۆ قسەکردن لەسەر مەترسییەکانی پەرتبوونی ماڵی شیعە و منیش یەکێك بووم لەوانەی لەو دانیشتنە ئامادە بووم. لەوێ پێم گوت: ئێوە وەك «ئیتار» دەڵێن ئەگەر تەیاری سەدر کوتلەی گەورەی پێکهێنا، ئەوا شیعە دەبێتە کەمینە لەگەڵ کورد و سوننە، بە پێچەوانەشەوە ئەگەر ئیتار ببێتە کوتلەی گەورە، ئەوا دیسان شیعە هەر کەمینە دەبێت لە نێوان کورد و سوننە، بۆیە باشترین ڕێگە ئەوەیە لە ناو خۆتان ڕێکبکەون بۆ ئەوەی لەگەڵ کورد و سوننە بتوانن حکومەتێکی تەوافقی پێکبهێنن، بەڵام ئەگەر ئەمە نەکەن، بارودۆخەکە زۆر مەترسیدار

**دابەشبوونی نێوان تەیاری سەدر و ئیتاری تەنسیقی کە زۆر مەترسیدارە و ئەگەر «تەیار و ئیتار» لە نێوان خۆیاندا ڕێك نەکەون، ئەوا مانای ئەوەیە کێشەیەکی گەورە لە نێوانیان دروست دەبێت**

**یەکخستنەوەی ماڵی شیعە کاری زۆری لەسەر کراوە، هەروەها هەوڵەکانیش بەردەوامن بۆ ئەوەی ماڵی کورد لەسەر یەک کاندید بۆ پۆستی سەرۆک کۆمار ڕێک بکەون**

**نە بۆ سوننە باشە ماڵی کورد و شیعە پەرت بێت، نە لە بەرژەوەندیی کورد و شیعەشە ماڵی سوننە پەرت بێت**

**ئەگەر کورد لە ناوماڵی خۆیدا ڕێکنەکەوێت، پرسەکە وەک ڕێکنەکەوتنی شیعە مەترسیدار نییە، ئەمەش لەبەر ئەوەی کورد ئاقڵانیتر بیر دەکەنەوە و پەنا بۆ چەک و شەڕ نابەن، بەڵام شیعە ئەگەر ڕێکنەکەون پەنا بۆ چەک و شەڕی یەکتری دەبەن**

دەبێت و، هیچ دوور نییە کێشەکە بگاتە ئاستی ئەوەی پەنا بۆ چەك و شەڕ ببرێت، لەبەر ئەوەی هەردوولا «ئیتار و تەیار» خاوەنی چەکدارێکی زۆرن، سەبارەت بە بەشی دووەمی پرسیارەکەت و لێکترازانی ماڵی کورد (پارتی و یەکێتی)، من پێموایە ئەگەر کورد لە ناوماڵی خۆیدا ڕێکنەکەوێت، پرسەکە وەك ڕێکنەکەوتنی شیعە مەترسیدار نییە، ئەمەش لەبەر ئەوەی کورد ئاقڵانەتر بیر دەکەنەوە و پەنا بۆ چەك و شەڕ نابەن، بەڵام شیعە ئەگەر ڕێکنەکەون پەنا بۆ چەك و شەڕی یەکتری دەبەن.

*** ئایا هیچ جیاوازییەك لە نێوان پرۆسەی ئەمجارەی پێکهێنانی حکومەت و پرۆسەکانی پێشتر دروست بووە؟**

**پ.د.عامر حەسەن فەیاز:** ئەو جیاوازییەی دروست بووە، جیاوازییەکی نەرێنییە، پێشتر لە پرۆسەکانی دیکەدا دوای ڕاگەیاندنی ئاکامەکانی هەڵبژاردن و دەستپێکردنی دانوستانەکان بۆ پێکهێنانی حکومەت، ئەگەر لایەنەکان لەسەر هەڵبژاردنی سەرۆکایەتیی پەرلەمان ڕێکبکەوتنایە، ئەوا دوو سەرۆکایەتییەکەی دیکە ئۆتۆماتیکی تەواو دەبوو، بەڵام ئەمجارە هەر قۆناغێك تێدەپەڕێنین، دەبینین گرێیەکی گەورە لە بەردەم قۆناخی دووەم دروست بووە. هەر بۆ نموونە ئێستا سەرۆکایەتیی پەرلەمان هەڵبژێردراوە، بەڵام لە بەردەم کێشەی هەڵبژاردنی سەرۆك کۆمارین، ئەگەر سەرۆك کۆماریش هەڵبژێرین، کێشەیەکی دیکە دێتە بەردەممان کە ئەوانیش کێشەکانی دەستنیشانکردنی کوتلەی گەورەیە و، کێشەی سەرۆك کۆمار و دەستنیشانکردنی کوتلەی گەورە و کاندیدی سەرۆکایەتیی ئەنجومەنی وەزیران پێکەوە گرێدراون، ئەگەر کێشەی یەکەم چارەسەر بوو، بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکی کێشەی دووەمیش چارەسەر دەبێت، ئەمەش لەبەر ئەوەی کێشەی یەکەم (هەڵبژاردنی سەرۆك کۆمار) بەستراوەتەوە بە ئامادەبوونی دوو لەسەر سێ، ئەگەر لایەنەکانی شیعە ڕێکنەکەون، ئەوا کیشەکە چارەسەر نابێت و ئەگەر ڕێکیش بکەون، کێشەی دووەمیش چارەسەر دەبێت.

*** ئەگەر لە کۆتایی قسەکانی د.عامرەوە ئەو پرسیارە بکەین، ئایا تاچەند لەگەڵ قسەکانی هاوڕایت، یان بۆچوونێکی جیاوازت هەیە؟**

**پ.د.یاسر عەلی ئیبراهیم:** بە ڕاستی وەك سەرنجم داوە، لە دوای هەموو هەڵبژاردنێك ئەم کێشمەکێشە بوونی هەبووە، بەڵام وای دەبینم هەموویان گەیشتوونەتە ئەو قەناعەتەی کە لە بەرژەوەندیی هیچ لایەکیان نییە بگەنە «خاڵی نەگەڕانەوە - نقطة اللاعودة»، بۆیە لەسەر ئەم بنەمایە وای نابینم گەیشتبێتنە بنبەست و تونێلە تاریکەکە، واتە ئەوان دەروازەیەك دەدۆزنەوە و دەبێت بگەنە ڕێککەوتنێك لەسەر بنەمای تەوافق و، بەرژەوەندییەکانیان وا دەخوازێت وا هەنگاو هەڵبگرن. لەم چوارچێوەیەدا ئەگەر سەرنج لە ئاکامی هەموو هەڵبژاردنەکان لە ٢٠٠٥ـەوە تا ئێستا بدەین، دەبینین لە هیچ هەڵبژاردنێکدا تەیاری سەدر ئەم سەنگ و پێگەیەی نەبووە، زیاتر تەیاری سەدر خەریکی مقاوەمە بووە و لایەنەکانی دیکە پێگەیان بەهێزتر بووە، تەنانەت لە سەرەتادا سوننە دوور خرابوونەوە و هەتا ئێستاش ڕۆڵیان لاوازە، بەڵام وردە وردە هەڵبژاردن دوای هەڵبژاردن سوننە بوونە هێزێکی کاریگەر لە پێکهێنانی حکومەتدا، بەڵام ئەمجارەیان جیاوازە، تەیاری سەدر بە تەنیا لە هەموو هێزەکانی دیکە پێگەی بەهێزترە و داوا دەکات حکومەت پێکبهێنێت و پێدادەگرێت کە نووری مالیکی دوور بخرێتەوە و بەشداریی حکومەت نەکات. بێگومان لەناو ئەم کێشمەکێشەی نێوان «ئیتار و تەیار» کۆماری ئیسلامیی ئێران ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت و، هەردوو لاش لە ئێران نزیکن و شەخسی موقتەدا سەدر زۆر باش لە پێگە و ڕۆڵی ئێران تێ دەگات، ئێرانیش هەوڵ دەدات «ئیتار و تەیار» بگەنە ڕێککەوتن و بە دوورکەوتنەوەی نووری مالکییش لە پرۆسەکە ڕازییە، بەڵام دەبێت دەوڵەتی یاسا وەك لایەنێك لەناو ئیتاری تەنسیقیی شیعە ئامادە بێت.


*** کەواتە کێشەکەی ئێستای نێوان «ئیتار و تەیار» بووەتە عینادیی سیاسی، ئەم عینادە دەشکێندرێت، یان هەر وەك خۆی دەمێنێتەوە؟**

**ئەگەر لایەنەکان لەسەر هەڵبژاردنی سەرۆکایەتیی پەرلەمان ڕێکبکەوتنایە، ئەوا دوو سەرۆکایەتییەکەی دیکە ئۆتۆماتیکی تەواو دەبوو، بەڵام ئەمجارە هەر قۆناغێك تێدەپەڕێنین، دەبینین گرێیەکی گەورە لە بەردەم قۆناخی دووەم دروست بووە**

**کێشەکانی سەرۆك کۆمار و دەستنیشانکردنی کوتلەی گەورە و کاندیدی سەرۆکایەتیی ئەنجومەنی وەزیران پێکەوە گرێدراون**

**لە ٢٠٠٥ـەوە تا ئێستا دەبینین لە هیچ هەڵبژاردنێکدا تەیاری سەدر ئەم سەنگ و پێگەیەی نەبووە، زیاتر تەیاری سەدر خەریکی مقاوەمە بووە و لایەنەکانی دیکە پێگەیان بەهێزتر بووە**

**لە سەرەتادا سوننە دوور خرابوونەوە و هەتا ئێستاش ڕۆڵیان لاوازە، بەڵام وردە وردە هەڵبژاردن دوای هەڵبژاردن سوننە بوونە هێزێکی کاریگەر لە پێکهێنانی حکومەتدا**



## پ.د. عامر حەسەن فەیاز

راگری کۆلێژی زانستە سیاسییەکان:

# یاسای ئێستای هەڵبژاردنەکانی عێراق، زەمینە بۆ دابەشبوون و پەرتبوون و کۆنفیدراڵی خۆش دەکات

**پ.د.یاسر عەلی ئیبراهیم:** بێگومان عینادیی سەدر لە هێزەوە سەرچاوەی گرتووە و دەیەوێت هێزی خۆی بسەلمێنێت، بەڵام وەك د.عامریش ئاماژەی پێ کرد، لەوانەیە ئەم عینادییە بشکێندرێت، ئەگەر دەوڵەتی یاسا لە حکومەتی داهاتوو بەشداری پێ بکرێت و چەند وەزارەتێك بدرێت بە دەوڵەتی یاسا، ئەم پرسەش باسی لێوە کراوە.

**پ.د.عامر حەسەن فەیاز:** پرسەکە تەنیا پەیوەست نییە بە پێدانی پۆستەوە، بەڵکو ترسە لە لێپرسینەوە. مالیکی لەوە دەترسێت، سەدریش لە بەرامبەردا ڕەزامەندیی پیشان داوە کە دەوڵەتی یاسا بێ مالیکی بەشدار بێت، ئەمەش مانای ئەوەیە سەدر ئەو نییەتەی پیشان داوە کە ئەو تەنیا دژی مالیکییە، نەك دەوڵەتی یاسا، بۆیە لەوانەیە دەوڵەتی یاسا بەشدار بێت و یەکێك لە ئەندامانی ببێتە جێگری سەرۆك کۆمار، لە بەرامبەریشدا لەوانەیە یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە بەرامبەر وەرگرتنی پۆستی جێگری سەرۆك وەزیران ڕازی بێت کە سەرۆك کۆمار بۆ پارتی بێت، کە ئەم هەنگاوانە هەڵگیران کێشەی دەستنیشانکردنی کوتلەی گەورەش چارەسەر دەبێت، بڕیارەکانی دادگای فیدراڵیش لە ئێستادا وەك کارتێکی سیاسی بەکاردەهێندرێت بۆ ئەوەی ئەو ماوەیە درێژ بکرێتەوە، تا لایەنەکان دەگەنە ڕێککەوتن لە ناو خۆیاندا.

*** دەمێکە باس لەوە دەکرێت کە عێراق بە قۆناغی نادەوڵەتی هەنگاو هەڵدەگرێت. ئەگەر قسەیەکتان لەسەر ئەم پرسە و ئەو باسانە هەبێت کە هەتا ئێستا باس کراون؟**

**پ.د.شێرزاد نەجار:** بەڕێزان باسی ئەوەیان کرد کە ئێستا لە واقیعدا بوونی هەیە، بەڵام من سەرنج دەخەمە سەر بابەتێکی دیکە و دەپرسم: کێ لە ئاکامی ئەم واقیعە تاڵە بەرپرسە؟ لەوانەیە من بارودۆخی ئێستای عێراق بەو شێوەیە وەسف بکەم کە دۆخی عێراق «ناسەقامگیرییە لەناو سەقامگیریدا»، ئەمەش بەو مانایەی وا هەست دەکرێت سیستمەکە سەقامگیرە لە چوارچێوەی ناسەقامگیریی

**لەناو ئەم کێشمەکێشەی نێوان «ئیتار و تەیار» کۆماری ئیسلامیی ئێران ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت و، هەردوو لاش لە ئێران نزیکن و شەخسی موقتەدا سەدر زۆر باش لە پێگە و ڕۆڵی ئێران تێ دەگات، ئێرانیش هەوڵ دەدات «ئیتار و تەیار» بگەنە ڕێککەوتن**

**پرسەکە تەنیا پەیوەست نییە بە پێدانی پۆستەوە، بەڵکو ترسە لە لێپرسینەوە. مالیکی لەوە دەترسێت، سەدریش لە بەرامبەردا ڕەزامەندیی پیشان داوە کە دەوڵەتی یاسا بێ مالیکی بەشدار بێت، ئەمەش مانای ئەوەیە سەدر ئەو نییەتەی پیشان داوە کە ئەو تەنیا دژی مالیکییە، نەک دەوڵەتی یاسا**

**لەوانەیە دەوڵەتی یاسا بەشدار بێت و یەکێک لە ئەندامانی ببێتە جێگری سەرۆک کۆمار، لە بەرامبەریشدا لەوانەیە یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە بەرامبەر وەرگرتنی پۆستی جێگری سەرۆک وەزیران ڕازی بێت کە سەرۆک کۆمار بۆ پارتی بێت، کە ئەم هەنگاوانە هەڵگیران کێشەی دەستنیشانکردنی کوتلەی گەورەش چارەسەر دەبێت**

دینامیکیەتێکی خێرادا، کە ئەمەش سەری لە چاودێر و شرۆڤەکاری سیاسی شێواندووە و مەزندەکردنی بۆ ئەم ئاکامە قورس کردووە. ئەگەر سەرنج بدەین، ئەمریکا لە دوای ٢٠٠٣ هەوڵی دا، سیستمێکی دیاریکراو وەك ئەو نموونەیەی خۆیان دەیانویست لە عێراقدا بونیاد بنێن، بەڵام ئێستا ئەم پرسە لە دەستی ئەمریکییەکان دەرچووە، ڕاستە لە سەرەتای ٢٠٠٣وە ئەمریکا ڕۆڵێکی گەورەی لە عێراقدا هەبوو، بەڵام ئێستا ئەمریکا نفووزی ڕووی لە پووکانەوەیە و لە بەرامبەردا نفووزی ئێرانی بەهێز بووە، ئەمەش واتە بوونی نفووزێکی دیارکراوی ئەمریکا لە بەرامبەر نفووزێکی گەورەی ئێراندا، هەر بۆیە سەرەنجام ئەم ئاکامەی ئێستای پرۆسەی سیاسیی عێراق کە دەبینین، بەرهەمی ئەو کێشە و ململانێیەی ئێران و ئەمریکایە. ئەمریکا هەر لە سەرەتاوە کاری لەسەر ئەم پەرتبوونەی هەموو ماڵەکان «کورد و سوننە و شیعە» کردووە، بەڵام وەك بەڕێزان باسیان کرد، ئەم پەرتبوونە شتێکی سرووشتی نییە، بەڵکو ئەم پەرتبوونە بە هۆی کاریگەریی فاکتەری دەرەکییەوە بووە، ئامانجیش لە پەرتبوون بەهێزبوونی فاکتەری دەرەکی بووە، بۆیە ئەمریکا هەوڵ دەدات ئەو پێگەو شکۆیەی بۆ بگەڕێتەوە کە لە ٢٠٠٣ هەیبووە، ئەمەش لە پێناوی ئەوەی هەر وەك ئەو هێزە بمێنێتەوە کە بتوانێت بڕیار لەسەر چارەنووسی عێراق بدات لە پێکهێنانی حکومەتدا، لەم چوارچێوەیەدا هەر سێ ماڵەکە (کورد و شیعە و سوننە) هەست بەم پرسە دەکەن، لە ناو ئەم ماڵانەشدا دژی ئەم ئاراستەیە بوونی هەیە، لەبەر ئەوەی هەست دەکەن ئەگەر ئەمریکا سەرکەوتوو بێت، کار لەسەر سیاسەتی «پەرتکە و زاڵبە دەکات»، ئێرانییەکانیش هەستیان بەمە کردووە، بەڵام ئاکامی هەڵبژاردنەکە وەك گرووپی تەنگژە نێودەوڵەتییەکان ئاماژەیان پێ کردووە، هەموو لایەکی دووچاری شۆك و سەرسامبوون کردووە و ئاکامێکی چاوەڕواننەکراو بوو. بۆیە چاوەڕوان دەکرێت کە ئەم ئاکامانە پرۆسەکە بەرەو ئاراستەیەکی دیکە ببات، ئەو ئاراستەیەش دەبێتە هۆکاری ئەوەی پێگە و نفووزی ئێران لە عێراقدا کەم بکاتەوە. هەر بۆیە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ هاتووەتە ناو پرۆسەکە و گوشاری خۆی بۆ سەر هەموو هێزەکان خستووەتە گەڕ بۆ ئەوەی بزانێت ئەم هێزە چ ڕۆڵێك لە ناو پرۆسەکە دەگێڕێت، لە بەرامبەریشدا ئێران پلانی خۆیان داناوە بۆ زانینی چۆنیەتی جووڵانی ئەم هێزە و دەستیان کردووە بە گوشار لەسەر ئەو هێزانەی کە لایەنگری خۆیانن، هەر بۆیە وەك بەڕێزانیش ئاماژەیان پێ کرد، چارەسەری ئەم کێشەیە بەندە بە لیکتێگەیشتنی ئێران و ئەمریکاوە و پشت بە دینامیکیەتی واقیعەکە دەبەستێت، ئەمەش واتە بارودۆخەکە ئێستا گۆڕانکاری بەسەر هاتووە، بە هۆی بارودۆخی شەڕی ئۆکرانیاوە، لەبەر ئەوەی ئێران کۆکە لەگەڵ هەڵوێستی ڕووسیا و ئەمریکییەکان هەڵوێستێکی دیکەیان هەیە، هەر بۆیە کێشەکە لە ئێستادا لە نێوان دوو گەورە هێزدایە و قوربانییەکانیش لایەنە سیاسییە عێراقیەکانن، هەر بۆیە هەتا ئەگەر حکومەتیش پێك بهێندرێت، بە کردەیی حکومەتێکی پڕکێشە دەبێت، ئەمەش لەبەر ئەوەیە عێراق لەگەڵ هێزی دەرەکی مامەڵە دەکات، بەمەش حکومەتەکە لەسەر ئاستی دوورمەودا حکومەتێکی سەقامگیر نابێت، بەمەش دووبارە دەگەڕێینەوە بۆ بازنەی ناسەقامگیری لە چوارچێوەی ئەم سیستمە سیاسییەدا.

*** دیارە بێجگە لە میحوەری ئێرانی و ئەمریکی، لایەنی دیکەش ڕۆڵیان لە پرۆسە سیاسیەکەدا هەیە، ئایا پ.دعامریش هەمان بۆچوونی هەیە؟**

**پ.د.عامر حەسەن فەیاز:** پ.د.شێرزاد ئاماژەی بە ڕۆڵی فاکتەری دەرەکی دا، بەڵام لە بنەڕەتدا سێ لایەن هەن کە هەر لایەنێك خۆی بە خاوەنی یەکێك لە ماڵەکان دەزانێت. هەر بۆ نموونە لایەنی تورکیا هەوڵی داوە و سەرکەوتوو بووە لە یەکخستنی ماڵی سوننە و چەند جارێك لە تورکیا کۆی کردوونەتەوە و سەرەنجامیش هاوپەیمانیی سیادەی لێ پێکهات، ئێران لە سەرەتا هەوڵی دا ماڵی شیعە یەك بخات و گەیشتە ئەوەی لایەنی ئێرانی ڕازی بێت کە مالیکی دوور بخرێتەوە بەو مەرجەی ماڵی شیعە نەبێت بە دوو بەشەوە، سەبارەت بە


ئەمریکا من بە تەواوەتی ئاگادارنیم لە ناوماڵی کورد چی کردووە، بەڵام داوای پێکهاتن لە هەر دوو لایەنی پارتی و یەکێتی دەکات، لەگەڵ ئەوەی ئێستا ئەمریکا سەرقاڵە بە پرسی دیکەوە.

*** ئەگەر لێرەوە بگەڕێینەوە بۆ هاوپەیمانیی سێ قۆڵیی «سەدر و پارتی و سیادە»، ئایا ئەم سێ لایەنە پێکەوە دەتوانن بە بێ هەماهەنگی لەگەڵ ئیتاری تەنسیقی شیعە حکومەت پێکبهێنن؟**

**پ.د.عامر حەسەن فەیاز:** بەڵێ، دەتوانن ئەگەر بتوانن ٢٢٠ نوێنەر لە کۆبوونەوەی پەرلەمان کۆبکەنەوە، بەڵام پرسەکە لێرەدا شتێکی دیکەیە، تەیاری سەدر ٧٣ نوێنەری هەیە لە بەرامبەردا مالیکی ٣٧ نوێنەری هەیە، لەسەر ئەم پرسە من بە تەیاری سەدرم گوت: ئێوە دەزانن چیتان دەوێت، دەتانەوێت لێپرسینەوە لەگەڵ مالیکی بکەن، بەڵام لە ڕووکاری دەرەوە باسی شتێکی دیکە دەکەن، کە هیچ جیاوازییەکتان لەگەڵ ئیتار نییە، بۆیە ئیتاری تەنسیقی نایەت لەسەر پرۆگرامی حکومەت قسەتان لەگەڵ بکات، لە پەرلەمانیش دەنگتان پێ بدات و خۆشیان ئۆپۆزسیۆن بن، کە ئەمە نایەتە دی، لەبەر ئەوەی ڕۆشنبیریی هێزە سیاسییەکانی شیعە، ڕۆشنبیرییەکی ئایینییە نەك ڕۆشنبیرییەکی پەرلەمانی، دەستووری عێراق دەڵێت سیستمی پەرلەمانی، بۆیە ئەوان ئۆپۆزسیۆنیان ناوێت و پۆست و وەزارەتیان دەوێت، ئەمەش مانای ئەوەیە ڕۆشنبیریی ئەوان ئەوەیە کە لە ناو دەسەڵاتی جێبەجێکار بن و متمانەی ئەوەیان نییە کە دەسەڵاتێکی بەهێز لەناو ئەم سیستمە بوونی هەیە کە دەسەڵاتی یاسادانانە.

*** ئایا ئەمە ئاماژەیە بۆ ئەوەی ئەگەر ئیتار پۆست و وەزارەت وەرنەگرن، ئۆپۆزسیۆن ڕەت دەکەنەوە و هەوڵ بۆ ئاژاوە و پاشاگەردانی دەدەن؟**

**پ.د.عامر حەسەن فەیاز:** سەرچاوەی مەترسییەکە ئەوەیە تەنیا «ئیتار و تەیار» چەکدار نین، بەڵکو کوردیش هێزی پێشمەرگەی



## پ.د. یاسر عەلی ئیبراهیم

ئۆستادی زانستی سیاسەت:

# حکومەتی داهاتووی عێراق لەسەر ئاستی ئابووری کێشەکانی پێ چارەسەر ناکرێت و لەسەر ئاستی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەی عێراق بەرەو پەرتبوون دەبات

**بڕیارەکانی دادگای فیدراڵی لە ئێستادا وەک کارتێکی سیاسی بەکاردەهێندرێت بۆ ئەوەی ئەو ماوەیە درێژ بکرێتەوە، تا لایەنەکان دەگەنە ڕێککەوتن لە ناو خۆیاندا**

**دۆخی عێراق «ناسەقامگیرییە لەناو سەقامگیریدا»، ئەمەش بەو مانایەی وا هەست دەکرێت سیستمەکە سەقامگیرە لە چوارچێوەی ناسەقامگیریی دینامیکیەتێکی خێرادا، کە ئەمەش سەری لە چاودێر و شرۆڤەکاری سیاسی شێواندووە و مەزندەکردنی بۆ ئەم ئاکامە قورس کردووە**

**ڕاستە لە سەرەتای ٢٠٠٣وە ئەمریکا ڕۆڵێکی گەورەی لە عێراقدا هەبوو، بەڵام ئێستا ئەمریکا نفووزی ڕووی لە پووکانەوەیە و لە بەرامبەردا نفووزی ئێرانی بەهێز بووە**

**ئەم ئاکامەی ئێستای پرۆسەی سیاسیی عێراق کە دەبینین، بەرهەمی ئەو کێشە و ململانێیەی ئێران و ئەمریکایە. ئەمریکا هەر لە سەرەتاوە کاری لەسەر ئەم پەرتبوونەی هەموو ماڵەکان «کورد و سوننە و شیعە» کردووە**

هەیە، سوننەش حەشدی عەشائیری هەیە، بۆیە دەبێت ئەوەمان لەبەر چاو بێت، عێراق لەسەر هاوسەنگییەکی ترسناك دەمێنێتەوە، بەڵام کام لایەن لەناو ئەم هاوسەنگییە بەهێز دەبێت، بێگومان ئەوەی بتوانێت دوو لەسەر سێ لە پەرلەمان بەدەست بهێنێت و پاشانیش کە حکومەتی پێکهێنا، دەسکەوتی هەبێت و پشتیوانی شەقام بە دەست بهێنێت. ئەگەر ئەمەی بەدەست نەهێنا، دووبارە خۆپیشاندان دەست پێ دەکاتەوە و حکومەتەکەش دەڕووخێت.

*** لێرەوە ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ پێگەی کورد لە ناو پرۆسەی سیاسیی عێراقدا، ئایا ئەم دابەشبوونەی ماڵی کورد تا چەند کاریگەری لەسەر پێگە و قورسایی کورد لەناو هاوکێشەکەدا دەبێت؟**

**پ.د.شێرزاد نەجار:** لەگەڵ ئەوەی دابەشبوون و پەرتەوازەی لەناو کوردا هەیە، بەڵام هەمووکات پێگەی کورد قورسایی خۆی هەیە لە ناو پرۆسەی سیاسیی عێراقدا، ئەمەش لەبەر ئەوەیە پرۆسەکە خۆی هاوکێشەیە و کوردیش بەشێکە لەو هاوکێشەیە، بەڵام ئەم دابەشبوون و پەرتبوونە پێگە و قورسایی کورد لە هاوکێشەکە کەم دەکاتەوە و، وەك کوتلەیەکی یەکگرتوو لە ناو هاوکێشەکە حیسابی بۆ ناکرێت، بەڵکو وەك چەند کوتلەیەك، ئەمەش سەرەنجام دەبێتە هۆکاری ئەوەی کە پێگە و قورسایی کورد وەك حاڵەتی یەکگرتوویی نەبێت لە پرۆسەی سیاسیی عێراق و هەروەها لە بەشداریکردنیشیان لە پرۆسەی حوکمڕانیدا، بەمەش لە ئاستێکی نزمتر پارێزگاری لە پێگە و قورسایی خۆیان لە ناو هاوکێشەکەدا دەکەن.

**پ.د.عامر حەسەن فەیاز:** هەروەك پێشتر ئاماژەم بەوە کرد، ئەگەر «ئیتار و تەیار» ڕێك نەکەون، ئەوا هەر لایەکیان حکومەت پێکبهێنێت دەبنە کەمینە لە نێوان «کورد و سوننە»، بە هەمان شێوە ئەمە لەسەر ماڵی کوردیش پراکتیزە دەبێت، ئەگەر «پارتی و یەکێتی» ڕێك نەکەون لەسەر کاندیدێکی هاوبەش بۆ پۆستی سەرۆك کۆمار و، هەر لایەکیان بە تەنیا لەگەڵ «ئیتار و تەیار» ڕێك بکەون، ئەوا هەر دوولا لە هەر دوو هاوپەیمانییەکە نوێنەرایەتیی کەمینەی کورد دەکەن، بۆیە لە ئێستادا لەگەڵ ئەوەی بژارەکان هەموویان خراپن، بەڵام دەبێت لە ناو بژارە خراپەکاندا ئەوەیان هەڵبژێرین کە کەمتر لەوانی دیکە خراپە، ئەو بژارەیەش ئەوەیە کە هەر سێ ماڵەکە لە ناو خۆیان ڕێك بکەون و بەرەو حکومەتێکی تەوافقی هەنگاو هەڵبگرن.

*** ئەوەی تا ئێستا لە نێوان پارتی و یەکێتی هەیە، ئەوەیە هەردووکیان کاندیدیان بۆ پۆستی سەرۆك کۆمار هەیە، ئەم دوو کاندیدەش یەکێکیان دەبێتە کاندیدی هاوپەیمانیی «سەدر و کورد و سوننە»، ئەوی دیکەشیان دەبێتە هاوپەیمانی سەبات «ئیتاری تەنسیقیی شیعە». ئەگەر بارودۆخەکە هەر بەم جۆرە مایەوە شانسی کام کاندیدیان بەهێزتر دەبێت؟**

**پ.د.یاسر عەلی ئیبراهیم:** لەگەڵ ئەوەی باشترین بژارە ئەوەیە کە «پارتی و یەکێتی» لەسەر یەك کاندید ڕێك بکەون، بەڵام ئەگەر وەك ئێستا بمێنێتەوە، ئەوا «ڕێبەر ئەحمەد» کاندیدی پارتی دیموکراتی کوردستان دیارترین کاندید دەبێت بۆ ئەوەی پۆستی سەرۆك کۆمار وەربگرێت، هەروەها لەبەر ئەوەی هەردوو هاوپەیمانیی «سیادە و سەدر»یش لەسەر ئەم کاندیدە ڕازین، ئەوا دەبێتە کاندیدی «هاوپەیمانیی نیشتمانیی سەدر و کورد و سوننە». سەبارەت بە کاندیدەکەی یەکێتی کە پشتیان بە هاوپەیمانیی ئیتاری تەنسیقی شیعە بەستووە، ئەمەیان مسۆگەر نییە و، ئەگەر «ئیتار و تەیار» بگەنە ڕێککەوتن، ئەوا ئیتار چیتر پشتگیریی کاندیدەکەی یەکێتی ناکات، لە ئێستاشدا کەوا دەردەکەوێت ئیتاری تەنسیقی پەنا بۆ «یەك لەسەر سێی پەکخەر» دەبات، بۆ ئەوەی پەرلەمان نەتوانی ڕێژەی دوو لەسەر سێی ئامادەبوون مسۆگەر بکات، واتە مەسەلەکە بۆ ڕاگرتنی پرۆسە سیاسییەکەیە، نەك پشتگیریی کاندیدەکەی یەکێتی نیشتمانی کوردستان.

*** لە دوماهی ئەم دیالۆگە فیکری و سیاسییە، دەخوازم هەر سێ بەڕێزان**



**پ.د.شێرزاد نەجار**
ئۆستادی فەلسەفەی سیاسی:

# لە عێراقدا فیدراڵیەت تەنیا خەیاڵە و هیچ گەرەنتییەکەیش بۆ سەقامگیری و دەوڵەتێکی فیدراڵی بوونی نییە

**بیروبۆچوونی خۆتان بەرامبەر ئایندەی عێراق بخەنەڕوو، ئایا پێشبینی چ ئایندەیەك بۆ عێراق دەکەن؟**

**پ.د.عامر حەسەن فەیاز:** سەبارەت بە ئایندەی عێراق، من لە دوو لایەنەوە بۆچوونی «گەشبینی و ڕەشبینی»ی خۆم بەمجۆرە دەردەبڕم:

١- لایەنە گەشبینیەکە ئەوەیە، لەگەڵ ئەوەی بارودۆخی سیاسیی عێراق زۆر ئاڵۆزە و ڕووبەڕووی کۆمەڵێك ئاستەنگی زۆر ئاڵۆز بووەتەوە و هیچ کەسێك مەزندەی ئەوە ناکات لە ئایندەیەکی نزیکدا ئەم ئاستەنگە ئاڵۆزانە چارەسەر بکرێن، بەڵام لەبەر ئەوەی لای هەموو لایەنە سیاسییە عێراقییەکان ئامرازی هەڵبژاردن وەك چارەسەر ماوەتەوە و کەس بیر لە کودەتای سەربازی ناکاتەوە و پەنا بۆ هەڵبژاردنێکی تازە دەبرێت، ئەمە خاڵێکی باشە و دەکرێت گەشبینی لەسەر هەڵبچنرێت.

٢- لایەنە ڕەشبینییەکە ئەوەیە کە کێشمەکێش و ململانێی داهاتوو، چەند دیمەن و سیناریۆی جیاوازمان دەخاتە بەرچاو و بەمجۆرەن:

ا- دیمەنی یەکەم ئەوەیە کە کێشمەکێش و ململانێی داهاتوو لە نێوان دوو لایەندا دەبێت، لایەك هەموو هەوڵی خۆی دەخاتە گەڕ بۆ ئەوەی عێراق وەك قەوارەیەکی «پێش دەوڵەت» وەك ئەو حاڵەتەی ئێستا بمێنێتەوە، ئەم لایەنە بەهێزە و خاوەنی چەك و چەکدارە، لایەنی دووەم هەوڵ دەدات کە عێراق دەوڵەت بێت، دەوڵەتێك بۆ «کورد و سوننە و شیعە» و وەك لە دەستووریشدا هاتووە، دەوڵەتێکی فیدراڵی و فرەیی و پەرلەمانی بێت، ئەمەیان زەحمەتە ببێتە ئایندەی عێراق وەك دەوڵەت.

ب- لە حاڵەتی ئێستادا کە عێراق وەك قەوارەیەکی «پێش دەوڵەت»ـە، دەرکەوت ئەمە شکستی هێناوە و ناتوانیت نە هیچ کێشەیەك چارەسەر بکات و، نە هیچ خزمەتگوزارییەك پێشکەش بکات، بەڵام لە بەرامبەردا هەرێمەکان «هەرێمی کوردستان» دەستکەوتی هەیە. بۆیە ئێستا خواستی عەرەبی سوننە بۆ ئەوەیە وەك هەرێمی کوردستان هەرێمێك دروست بکەن، ئەم خواستە لای عەرەبی شیعەش «وەك هاووڵاتی» بوونی هەیە و، عێراقیش نابێتە دەوڵەتێکی



**ئەگەر حکومەتیش پێک بهێندرێت، بە کردەیی حکومەتێکی پڕکێشە دەبێت، ئەمەش لەبەر ئەوەیە عێراق لەگەڵ هیزی دەرەکی مامەڵە دەکات، بەمەش حکومەتەکە لەسەر ئاستی دوورمەودا حکومەتێکی سەقامگیر نابێت**

فیدراڵی و دیموکراتیی بەهێز و ئەوە سەرەنجام بەرەو سێ دەوڵەتی کۆنفیدراڵی، یان سێ دەوڵەتی سەربەخۆ هەنگاو هەڵدەگرێت.

پرسیار لێرەدا ئەوەیە: ئایا کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لە ئێستادا ئەم بژارەیە (کۆنفیدراڵی، یان سێ دەوڵەتی سەربەخۆ بۆ عێراق) قبووڵ دەکات؟ من لە وەڵامی ئەم پرسیارەدا دەڵێم: کۆمەڵگەی ناتوانێت هیچ شتێك فەرز بکات، ئەگەر لە ناوخۆی عێراقدا هاندەرێك نەبێت دەستێوەردان بکەن. بۆیە لەبەر ئەوەی لە ناوخۆی عێراقدا ناتوانرێت عێراق بکرێتەوە بە دەوڵەتێکی دیموکراتی و فیدراڵیی بەهێز و لە بەرامبەریشدا هەر دوو لایەنی «کورد و سوننە» کە دەخوازن زۆر بە بەهێزی خاوەنی هەرێمی خۆیان بن، بۆ ئەمەش ئەو زەمینە سیاسییە لەبارە نییە، ئەوا بەرەو کۆنفیدراڵی یان سێ دەوڵەتی سەربەخۆ هەنگاو هەڵدەگرین، لەمەش ئەگەر لایەنەکان بیر لەوە دەکەنەوە کە عێراق دەوڵەتێکی یەکگرتووی فیدراڵی و دیموکراتی بێت، هەرگیز بیریان لەوە نەدەکردەوە کە یاسای هەڵبژاردن تاکی و فرەبازنە بۆ عێراق دیاری بکەن، ئەمەش لەبەر ئەوەیە ئەم یاسایە زیاتر عێراق لە بەر یەك هەڵدەوەشێنێت و، نوێنەرەکان خۆیان بە نوێنەری هەموو عێراق نازانن، تەنیا ناوچەکانی خۆیان نەبێت، لەوانەیە هەندێك بڵێن بۆچی ئەم شێوازە لە وڵاتێکی وەك بەریتانیا ئەمە دروست ناکات؟ وەڵامی ئەمەش ئاسانە، لەبەر ئەوەی بەریتانیا دەوڵەتە و عێراقی ئێستا قەوارەیەکە لە پێش دەوڵەت.




**پ.د.یاسر عەلی ئیبراهیم:** ئایندەی سیاسیی عێراق بە ڕاستی ئاڵۆزە و پرسەکە تەنیا پرسی حکومەت و پێکهێنانی حکومەت نییە، بەڵکو کێشەکە ئەوەیە ئێمە لە تەنگژەیەکی بەردەوامداین و هیچ دەروازەیەك لەسەر ئاستی ناوخۆ و نێودەوڵەتی بۆ دەرچوون لەو تەنگژەیە لەبەر چاو نییە. وەك د.عامر ئاماژەی پێ کرد، بژارەی «کودەتا و شۆڕش» بۆ گۆڕانکاری لە پرۆسەی سیاسیی عێراقدا دوورە و تەنیا ڕێگە هەڵبژاردنە، ئەمە تا ئێرە باشە، بەڵام لەگەڵ ئەوەی نرخی نەوتیش لە بەرزبوونەوەدایە، ئەوا عێراق لەسەر ئاستی ئابووری ناتوانێت ئەو بۆشاییانە پڕبکاتەوە کە ئێستا بوونیان هەیە، لەسەر دۆخی کۆمەڵایەتییش من پێی گەشبین نیم، لەبەر ئەوەی لە ناو ژانی پێکهێنانی ئەم حکومەتەدا، هیچ ئاسۆیەکی یەکگرتن لەسەر ئاستی کۆمەڵایەتی بەدی ناکەم، بۆیە بە ڕاشکاوی دەڵێم: ئەم واقیعە بەرەو دابەشبوون و پەرتەوازەییمان دەبات، ئەوەشی د.عامر وەك کۆنفیدراڵی، یان دەوڵەتی سەربەخۆ ئاماژەی پێ کرد، لەبەر ئەوەی لەسەر ئاستی ناوخۆی عێراق خواستێکی گەورە بۆ پێکهێنانی هەرێم هەیە، ئەوە ئەگەرێکی دوور نییە و، لەوانەیە سیاسەتی نێودەوڵەتی لە ئێستادا گۆڕانکاری بەسەردا بێت. ئەوجا لەگەڵ ئەوەی لە ئێستادا کۆمەڵێك لایەن هەن دژی ئەم چارەسەرن و ئەو لایەنانەش خاوەنی هێزن، ئەوا یەکێك لە گریمانەکان ئەوەیە کە لەوانەیە ببێتە هۆی دروستبووی پێکدادانی

**ڕۆشنبیریی هێزە سیاسییەکانی شیعە، ڕۆشنبیرییەکی ئایینییە نەک ڕۆشنبیرییەکی پەرلەمانی، دەستووری عێراق دەڵێت سیستمی پەرلەمانی، بۆیە ئەوان ئۆپۆزسیۆنیان ناوێت و پۆست و وەزارەتیان دەوێت، ئەمەش مانای ئەوەیە ڕۆشنبیریی ئەوان ئەوەیە کە لە ناو دەسەڵاتی جێبەجێکار بن**



**ئەگەر «پارتی و یەکێتی» ڕێک نەکەون لەسەر کاندیدێکی هاوبەش بۆ پۆستی سەرۆک کۆمار و، هەر لایەکیان بە تەنیا لەگەڵ «ئیتار و تەیار» ڕێک بکەون، ئەوا هەر دوولا لە هەر دوو هاوپەیمانییەکە نوێنەرایەتیی کەمینەی کورد دەکەن**

چەکداری و لە هەناوی ئەو پێکدادانەدا بگەنە چارەسەرێکی کۆنفیدڕاڵی، یانیش لەوانەیە لایەنە عێراقییەکان بە دیالۆگ و دوور لە کێشەی چەکداری بگەنە ڕێککەوتن و لەسەر ئاستی ناوخۆی عێراق بەم شێوازە چارەسەری بکەن، ئەوەی ماوەتەوە جەختی لەسەر بکەمەوە، ئەوەیە کە خواستی ناوخۆی عێراق هێندەی بەرەو دروستکردنی هەرێم و ئیدارەی لۆکاڵ هەنگاو هەڵدەگرێت، هێندە بەرەو دەوڵەتێکی یەکگرتوو هەنگاو هەڵناگرێت.

**پ.د.شێرزاد نەجار:** بە ڕاستی مرۆڤ خەمبار دەبێت کاتێك ناتوانێت مەزندەی ئایندەیەکی باش بۆ وڵاتەکەی بکات، سەرنج بدەن لە دوای ساڵی **٢٠٠٣** هەموو هیوامان ئەوە بوو کە دەوڵەتی عێراق لەسەر بنەمایەکی تازە بونیاد بنرێتەوە و عێراقێکی تازەی دیکە ببینین، بەڵام لەبەر ئەوەی ئەوانەی لە دوای **٢٠٠٣** دەسەڵاتیان گرتەدەست، سیاسەتمەدار و دەوڵەتمەداری لێهاتوو نەبوون و ژێرخانی بونیادنانەوەی دەوڵەتی عێراقیان کردە ژێرخانێکی فشۆڵ و لەرزۆك، ئەوا عێراق بووە ئەو قەوارەیەی کە د.عامر ناوی لێ ناوە: «قۆناغی پێش دەوڵەت»، ئەوجا لەسەر ئەم پرسە وەك فرانسیس فۆکۆیاما دەڵێت



«بونیادنانی دەوڵەت پشت بە بەهێزکردنی دامەزراوەکان دەبەستێت»، بەڵام لە عێراقدا دامەزراوەکان بەرەو لاوازی و نقوومیی گەندەڵی براون و، پڕ کراون لە خەڵکانێك کە لە ئاستی دەوڵەتداری و دەوڵەتمەداری نین. بۆیە زۆر جاران من بەو جۆرە بیر دەکەمەوە وڵاتیکی وەك عێراق چۆن دەتوانێت هەنگاو هەڵبگرێت و بگاتە بارودۆخێکی سەقامگیر و ئەمان؟ ئایا هیچ گەرەنتیەك بۆ گەیشتن بە سەقامگیری بوونی هەیە؟ بە ڕاستی ئەمە جێگەی نیگەرانییەکی گەورەیە .

سەبارەت بە پێشبینییەکەی د.عامریش بۆ کۆنفیدراڵیی عێراق، لە ئێستادا ئەم بۆچوونە زۆر بە قورس دەبینم لەبەر ئەوەی فاکتەری دەرەکی دژی ئەوەن، ڕاستە جۆزیف بایدن «کە ئێستا سەرۆکی ئەمریکایە» لە ساڵی ٢٠٠٦ چەمکی سێ هەرێم و دابەشبوونی نەرمی بۆ عێراق خستەڕوو لە چوارچێوەی دەوڵەتێکی فیدراڵیدا، بەڵام ئەو دەوڵەتە فیدراڵییە دروست نەبوو، کە چەندجار ئاماژەم بەوە کردووە، «ئێمە بە خەیاڵ لە فیدراڵیدا» دەژین، لە ئێستاشدا بە واقیعی فیدراڵیی عێراق خەیاڵە و لە ناو ئەم خەیاڵەشدا وەك گەرەنتی ترووسکەی ڕووناکییەك دیار نییە.

**لەگەڵ ئەوەی باشترین بژارە ئەوەیە کە «پارتی و یەکێتی» لەسەر یەک کاندید ڕێک بکەون، بەڵام ئەگەر وەک ئێستا بمێنێتەوە، ئەوا «ڕێبەر ئەحمەد» کاندیدی پارتی دیموکراتی کوردستان دیارترین کاندید دەبێت بۆ ئەوەی پۆستی سەرۆک کۆمار وەربگرێت**



# فاکتەرەکانی سەقامگیریی عێراق



**بەشار کیکی**

ئەندامی پێشووی پەرلەمانی عێراق

بۆ گوڵان نووسیوەتی

«وَلَكُمْ فِي الْأَرْضِ مُسْتَقَرٌّ وَمَتَاعٌ إِلَىٰ حِينٍ»

دەرهاویشتە و لێکەوتەکانی قۆناغی دوای ساڵی ٢٠٠٣، دووپاتی دەکەنەوە کە دەوڵەتی عێراق بە دەست قەیرانگەلێکی ڕاستەقینەی سیاسی و ئابوورییەوە دەناڵێنێت، بەڵام قەیرانە ڕاستەقینەکە لە پابەندنەبووندایە بە جێبەجێکردنی دەستووری ساڵی ٢٠٠٥.

١- لە ڕووی سیاسییەوە قەیرانی فراکسیۆنی گەورەتر هەیە.

٢- لە ڕووی ئابوورییەوە خراپ بەکارهێنانی سامان و داهاتی دەوڵەت لە ئارادایە، هەروەها پشتبەستن بە تاکە سەرچاوەی داهاتی ئابووری و چارەسەرنەکردنی قەیرانی ئێستای لەگەڵ هەرێمی کوردستان لە ڕووی دەستوورییەوە.

٣- لە ڕووی سیاسی و کۆمەڵایەتییەوە



شکستهێنان لە دڵنیاکردنەوەی پێکهاتەکان و دەستەبەرکردنی ئایندە و خواستەکانیان لە عێراقی تازەدا، بۆ نموونە: سەرهەڵدانی تیرۆریستانی داعش، لەگەڵ ئەوەش چەندین ئاماژەی ئەرێنی لەئارادایە:

١- دەستاودەستکردنی ئاشتییانەی دەسەڵات و ئەنجامدانی هەڵبژاردن.

٢- فرەحزبی و هەموارکردنی یاسای هەڵبژاردن.

بەڵام ئەم ئاماژانە نەیانتوانی چارەسەری ئاسەوارە نەرێنییەکانی ئابووریی پشتبەستوو بە تاکە سەرچاوەی داهات بکەن، هەروەها لە بنیادنانەوەی متمانە لە نێوان دەسەڵات و گەل لە لایەك و، لە نێوان دامەزراوەکانی دەوڵەت و پێکهاتەکان لە لایەکی دیکەوە، بۆیە کێشەی شکستی ئابووری و خزمەتگوزاری لە خەسڵەتی بنەڕەتی لە هەموو کابینە یەك لە دوای یەکەکاندا ڕەنگی داوەتەوە، کە تا ئێستاش هەر بەردەوامە.

چارەسەری دەستەبەرکراو چییە؟

١- یەکلاکردنەوەی بابەتی فراکسیۆنی گەورەتر بەو پێیەی کە فراکسیۆنە براوەکەیە، ئەویش مافی کاندیدکردنی سەرۆك وەزیران و دواجار لەئەستۆگرتنی بەرپرسیارێتیی هەیە.

٢- کاغەزی سپی ڕەنگە بناغەیەکی چاکی ئابووری بێت بۆ چارەسەرکردنە جەوهەرییەکان، بەڵام بەدیهێنانی ئەمە، پێویستی بە ڕێوشوێنی واقیعییانە هەیە، بە مەرجێك لە میانی چارەسەرکردنی بابەتی نرخی خەرجی و لێکەوتە نەرێنییەکانیدا، زیان بە وردەکاریی گوزەرانی چینە کەمدەرامەتەکان و بازاڕی کارکردنیان نەگەیەنێت.

٣- بنیاتنانی متمانە لە نێوان حکومەتی هەرێم و حکومەتی ناوەند، پەیوەندیی نێوانیان بە سیاسی نەکرێت، یان بە ئەجێندای دەرەکی و کاریگەرییەکانیەوە نەبەسترێتەوە، بەڵکو سەرکەوتن و شکستەکانی هەرێم لە چوارچێوەی سیاسەتی حکومەتی ناوەندا بێت، هەروەها چارەسەری دۆسێی ئابووری و دارایی بکرێت، لەوانەش دۆسێی نەوت، ئەویش بەپێی پێوەرەکانی گەشەپێدان نەك سیاسی، قەرزەکانی هەرێمیش بە قەرزەکانی ناوەند هەژمار بکرێت، مادام بەشێکە لە عێراق.

دواجار خەڵکی هەرێمی کوردستان و حکومەتەکەی دڵنیا بکرێنەوە کە بەغدا فاکتەری سەقامگیریی هەرێمە، نەك بە پێچەوانەوە، پێویستە ئەوەش لەبیر نەکەین کە بیر و زەینی خەڵکی هەرێم پڕیەتی لە مەینەتی، کە لە ئاکامی سیاسەتەکانی ڕژێمە یەك لە دوای یەکەکانەوە دووچاری بووە، لەسەر بەغداش پێویستە دەستپێشخەر بێت و، دەست بۆ هەرێم درێژ بکات و هەوڵی لاوازکردنی نەدات و، دەسەڵاتە دەستوورییەکانیشی کۆت و بەند نەکات.

٤- پێویستە لەسەر هێزە سیاسییەکانی ناو پەرلەمان و دەرەوەی پەرلەمانیش، کە سیاسەتی تەواوکاریی نیشتمانی پەیڕەو بکەن، بۆ گەیشتن بە سەروەریی بڕیاری عێراقی فیدراڵ، کە گوزارشت لە خواستەکانی سەرجەم پێکهاتەکان بکات.

# تیرۆر و ئاسایشی نەتەوەیی

**دیاردەی تیرۆر جۆرە مەترسییەکە بۆ ئاشتی و ئاسایشی جیهانی، کاریگەری لەسەر ژیانی نێودەوڵەتی هەیە و، هاودژە لەگەڵ مافەکانی مرۆڤ، چونکە مرۆڤ مافی ئەوەی هەیە کە ڕزگاربێت لە ترس و مافیشی هەیە ژیانی لە ئاسایشدا بێت**

تیرۆر بریتییە لە یەکێك لە بابەتە هەرە گرنگەکانی یاسایی و سیاسی، کە مەترسیدار و ئاڵۆزە، بیروبۆچوونی جیاوازیش بۆ پێناسەکردن و هۆکارەکانی هەیە. تیرۆر دیاردەیەکی کۆنە، بەڵام خوێندنەوەی تازە هەیە بۆ ئەم دیاردەیە، دەتوانین بڵێین: سێ شەپۆلی تیرۆر هەبوو، شەپۆلی یەکەم ئاستێك، یان شێوازێکی نەتەوەیی هەبوو، لە ئەوروپا هەتا سییەکان لای ئەوانەی نیشتمانپەروەری توندڕەون، شەپۆلی دووەم لە کاتی جەنگی سارد سرووشتێکی ئایدیۆلۆجی هەبوو، وەك ڕێکخراوەکانی چەپ و ڕاست کە هاتنە کایەوە، شەپۆلی سێیەم ئەوەیە کە ئێستا لە جیهاندا هەیە و شێوازێکی ئیتنی و ئایینی و تایفەگەری هەیە، پاش کۆتاییهاتنی جەنگی سارد و هاتنە کایەی سیستمی تازەی نێودەوڵەتی، بەهەرحاڵ تیرۆر لە جۆری چەك و شێوازی کارکردن و سوودوەرگرتن لە شێوازەکانی پێشکەوتنی زانستی و تەکنەلۆجی لە پەرەسەندنایە، هۆکارەکانیشی ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی و کەسێتی و سایکۆلۆجین، بۆیە ئەم بابەتە لە ڕوانگەی نیشتمانی و نێودەوڵەتییەوە کاری لەسەر کراوە.

ئەگەر پێناسەی تیرۆر بکەین، دەڵێین شێوازی هەژمارکردنی کردەوە تیرۆریستییەکانی هەیە، هەروەها شێواوی پێناسەیەکی گشتی هەیە، پێناسەی گشتی و هەژمارکردنی کردەوە تیرۆریستییەکانی هەیە، وەك نموونە: تیرۆر وەك توندوتیژی، یان هەڕەشەکردن بۆ زۆر ئامانجی دیکە، کاریگەرییەکانی تیرۆر لەسەر ئاسایشی نەتەوەیی دەوڵەتان دوو ڕەهەندی هەیە، ڕەهەندی نێوخۆ و ڕەهەندی دەرەوە، ئەمە وای کرد کە جۆرە هاوکارییەك هەبێت و ڕێکخراوی نێودەوڵەتی هاتنە کایەوە، وەك ڕێکخراوی تۆکیۆ ساڵی ١٩٦٣ دەربارەی ئەو تاوانانەی لەسەر فڕۆکەکان ئەنجام دەدرێت، دواتر ڕێککەوتنی لاهای بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی دەستبەسەرداگرتنی نامەشرووع لەسەر فڕۆکەکان، چونکە ئەم کێشەیە هاتەکایەوە و دیاردەکە زۆر بوو، هەروەها ڕێککەوتننامەی مۆتریال لە ساڵی ١٩٧١ هاتە کایەوە کە پەیوەستە بە سەلامەتیی فڕۆکەکان، ڕێککەوتننامەی ساڵی ١٩٧٣ تایبەت بە پاراستنی کەسایەتییە نێودەوڵەتییەکان وەك دیپلۆماتکاران، هەروەها ڕێککەوتننامەی ساڵی ١٩٧٩ تایبەت بە ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو کەسانەی کە بە بارمتە دەگیرێن، ڕەنگە پرسیار لەوەدا بێت بۆچی جیهان نەگەیشتە پێناسەیەکی گشتی بۆ ئەم دیاردەیە؟ لە وەڵامدا دەڵێین: بۆچوون و شیکردنەوەی جیاواز



**د.نەژدەت ئاکرەیی**

پسپۆر لە ئاسایشی نەتەوەیی

**بۆ گوڵانی نووسیوە**

بۆ ئەم دیاردەیە هەیە، لە ڕوانگەی ئاسایشی نەتەوەییەوە دەتوانین بڵێین: دیاردەی تیرۆر جۆرە مەترسییەکە بۆ ئاشتی و ئاسایشی جیهانی، کاریگەری لەسەر ژیانی نێودەوڵەتی هەیە و، هاودژە لەگەڵ مافەکانی مرۆڤ، چونکە مرۆڤ مافی ئەوەی هەیە کە ڕزگاربێت لە ترس و مافیشی هەیە ژیانی لە ئاسایشدا بێت، بۆیە لەم ڕوانگەوە کێشەکانی پەیوەست بە تیرۆر لە سیاسەتی ئاسایشی نەتەوەیی زۆرن.

گرنگترین دیاردەکاتی تیرۆر لە ماوەی ڕابردوو، بریتین لە تەقینەوە، بارمتەگرتن، نامەی لوغمکراو، بۆمبی ئاگرین، هێرشی چەکداری، تیرۆرکردن، دەستبەسەرداگرتنی باڵەخانە، لە ئەنجامدا لە دیراسەکردنی ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆری نێودەوڵەتیدا ڕەسیدێکی قانوونیی باش هەیە، هەروەها لە ئاستی ئاسایشی نەتەوەیی دەوڵەتان ئەم دیاردەیە زیاتر لە سەرەتای نەوەتەکان و سیستمی تازەی نێودەوڵەتیدا هاتە کایەوە، وەك ڕووبەڕووبوونەوە بۆ ئەم سیستمە، دیاردەکانیشی لە ڕووداوەکانی ١١ی سێبتەمبەر زۆر بە ڕوونی ئاشکرا بوون، زۆر لە دەوڵەتان لە شەفافییەتەوە پەنایان برد بۆ کردەوە ئەمنییە توندەکان لە ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم مەسەلەیەدا، لە ڕووی نێودەوڵەتییەوە گرنگترین بڕیاری ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی دەرچوو بە ژمارە ١٣٧٣ لە ٢٨/٩/ ٢٠٠١، کە زۆر بە درێژی پێناسەی کردەوە تیرۆریستییەکانی کردووە و، بە تاوانێکی دژ بە ئاسایش و ئاشتیی جیهانی و نێوخۆیی وەسفی کردووە، تیرۆر وای کرد، سیاسەتەکانی ئاسایشی نەتەوەیی بەرەو ڕووبەڕووبوونەوە بڕوات، زۆر لە بنەماکانی پەیوەست بە حاڵەتی ڕووبەڕووبوونەوەش بۆ ئەم دیاردەیە وای کرد کەوا لە ڕووی ئەمنییەوە زاڵ بێت.

**پێویستە دەوڵەتان بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی دیاردەی تیرۆر بە پێی شیکردنەوەی سیاسەتەکانی ئاسایشی نەتەوەیی خۆیان هاوبەش بن**

گرنگترین یاسکانی پەیوەست بە ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆر، یاسای پاتریۆتی ئەمریکییە لە ساڵی ٢٠٠١، کە لە بارەی ئاسایش و دادگا دەسەڵاتی زۆری بە دەسەڵاتە فیدراڵییەکان پەسەند کرا، تا هاوکاریان بن لە ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆر، بۆ نموونە، مەسەلەی گوێگرتن لە پەیوەندییەکان و ئەنتەرنێت و پۆستی ئەلیکترۆنی و مۆبایل و ڕاگرتنی ئەو کەسانەی کە لە تیرۆر تێوە گلاون، کە بە هاوکاریی نێوان (سی ئای ئەی) و (ئێف بی ئەی) لەم بوارەوە تا ڕاددەیەك کۆنترۆڵی ئەم دۆخە بکرێت، جگە لە هەندێ کاری دیکە کە پەیوەستە بە چاودێریکردنی بێگانەکان و دانانی سیستمێك بۆ ئەم حاڵەتانە، هەروەها

دانی ناوی ئەو کەسانەی لە فڕۆکەکاندا سەفەر دەکەن، پێش سواربوون، یان چوونە ژوورەوە، هەر لە ئەمریکا وەزارەتێکی تایبەتمەند بۆ ئەمە بە ناوی وەزارەتی ئاسایشی ناوخۆ دانرا و، سەرلەنوێ هەیکەلییەتی وەزارەتی داد و (ئێف بی ئای) پێداچوونەوەی تازەی بۆ کرا، تا بگاتە ئاستی کارەکانی ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆر، هەروەها لە بەریتانیا یاسای ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆر دەرچوو، کە دەسەڵات دەداتە دەزگا ئەمنییەکان، دەوڵەتانی یەکێتیی ئەورووپاش یاسای زۆریان دەرکرد، کە تایبەتن بە هاوکاریی نێوان دەوڵەتەکان و گۆڕینەوەی زانیاری و ڕووبەڕووبوونەوەی کێشەکان و بابەتی دیکە، هەروەها لە عێراق و هەرێمی کوردستانیش یاسا بۆ ئەم بوارە دەرچوون، چونکە عێراق پێگەیەک بوو بۆ سەرهەڵدانی تیرۆر.

لە دەرئەنجامدا دەتوانین بڵێین کە پەیوەندیی تیرۆر بە سیستمی تازەی نێودەوڵەتی و کاریگەر لەسەر ئاسایشی نەتەوەیی و دیاردەی جیهانگیریی ئەمنی هاتە کایەوە، بۆیە تیرۆر ئاستێکی نێودەوڵەتی وەرگرت، هەر بۆیەشە پێویستە دەوڵەتان بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی دیاردەی تیرۆر بەپێی شیکردنەوەی سیاسەتەکانی ئاسایشی نەتەوەیی خۆیان هاوبەش بن، لە ناوخۆ و جیهانیش بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم دیاردە مەترسیدارە لەسەر دوو ئاست کار دەکەن.

هەر چۆن بێت، شیکردنەوەی یاسا و ڕێککەوتننامەکانی نێودەوڵەتی تایبەت بەم بوارە بە کاری هەواڵگری دەکرێت، بە ژینگەی ئەوانەی تیرۆریستان لە باوەش دەگرن، لایەنە ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان، هەروەها بە شیکردنەوەی فاکتەرەکانی پەیوەست بە دەمارگیریی ئایینی و نەتەوەیی و مەزهەبی. لە ڕاستیدا ئێستا بە دیدێکی تازە پێداچوونەوە بۆ ئەم مەسەلەیە دەکرێت، کە فاکتەرە سەرەکییەکانی ئەم دیاردەیە لە جیهانی ئەمڕۆدا بۆ نەبوونی سیاسەتێکی واقیعییانە دەگەڕێتەوە، دەربارەی ئەرکی کۆمەڵایەتی و تا ڕادەیەکیش دوورکەوتنەوە لە میکانیزمە دیموکراسییەکان لە سیاسەتی گشتیی نیشتمانیدا، هەروەها بەرپرسیارێتیی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و هەرێمی و نیشتمانی لەم بارەوە بە هەمان شێوە، بۆیە دەپرسین: ئایا دەکرێت دیالۆگ لەگەڵ ئەم گرووپانە بکرێت؟ لە ڕاستیدا جگە لە ڕووبەڕووبوونەوەی سەربازی و یاساکانی تایبەت بەو بوارە، تا ڕادەیەک پرسیار دەکرێت، ئایا ئەم یاسایانە تەنیا سزا توندەکانی ئاماژە پێ کراون، هەروەها خوێندنەوەی ئەم یاسایانە ئاماژەن بۆ ئەوەی کە سزاکانیان توندن و جۆرە چارەسەرێکیان تێدا نییە؟ چونکە ڕاستە دیاردەی تیرۆر مەترسیدارە و پەیوەستە بە ململانێ لەسەر دەسەڵات و سامان، بەڵام دەبێ پێداچوونەوە بە شێوازی کارکردنی تیرۆریستان بکرێت، دەبێ هەر دوو لا، (حکومەتەکان و تیرۆریستان) یەکدی بخوێننەوە، بە سیاسەتێکی واقیعبینیانە و بەرپرسیاریانە و ڕێزگرتن لە بۆچوونی هەردوو لا، چونکە هەڵەیە ئەگەر بڵێین تیرۆریستان سیاسەت و سەرچاوە و سامان و توانای ڕووبەڕووبوونەوە و ژینگەی خۆلەئامێزگرتنیان نییە، چونکە تا مردن ڕووبەڕوو دەبنەوە و شانەی نووستووشیان هەیە، هەورەها جۆرە وەهمێکە ئەگەر بڵێین تیرۆر ڕیشەکێش دەکرێت.

لە ڕاستیدا خوێندنەوەی کردەوە تیرۆریستییەکان ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە ئەم گرووپانە لە کاری بچووک بچووک بەرەو توندوتیژیی گەورە چوون، بەشێکیان توانییان دەست بە سەر ڕووبەرێکی زۆری خاکدا بگرن، بۆیە دەبێ بخوێندرێنەوە، هەڵەیەکی دیکە ئەوەیە کە پشت بە زانیاریی هەواڵگری و ئەمنی دەبەسترێت لەم مەسەلەیەدا، لەگەڵ گورزی سەربازی، ئەمە هەڵەیە و دەبێ فاکتەرەکانی دیکەش بە هەند وەربگیرێن. ئەمریکا و دەوڵەتەکانی هاوپەیمان دەتوانن تا ڕادەیەک کردەوە تیرۆریستییەکان سنووردار بکەن، بەڵام دەبێ سایکۆلۆجیەتی ناوچەکان بخوێننەوە و ڕێز لە بنەما و داب و نەریتەکان بگرن، هەروەها ئاستی بژێویی ئەم ناوچانە لەبەر چاو بگرن، بۆیە ئەمڕۆ لە سیاسەتەکانی ئاسایشی نێودەوڵەتی وای بۆ دەچن، کە جیهانی ئەمڕۆ بەرپرسیارێتییەکی ئەخلاقی زۆری لەسەرە بەرامبەر بە مەسەلەی پێداچوونەوە بە سیاسەتی ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆر، بەتایبەتی یاساکانی ئەمنی و هەواڵگری و سەربازی و سزادان، هەروەها سیاسەتەکانی ئاسایشی نەتەوەیی تازە کاردەکەن

**ڕاستە دیاردەی تیرۆر مەترسیدارە و پەیوەستە بە ململانێ لەسەر دەسەڵات و سامان، بەڵام دەبێ پێداچوونەوە بە شێوازی کارکردنی تیرۆریستان بکرێت**

**هەڵەیە ئەگەر بڵێین تیرۆریستان سیاسەت و سەرچاوە و سامان و توانای ڕووبەڕووبوونەوە و ژینگەی خۆلەئامێزگرتنیان نییە، چونکە تا مردن ڕووبەڕوو دەبنەوە و شانەی نووستووشیان هەیە**

**ئەمریکا و دەوڵەتەکانی هاوپەیمان دەتوانن تا ڕادەیەک کردەوە تیرۆریستییەکان سنووردار بکەن، بەڵام دەبێ سایکۆلۆجیەتی ناوچەکان بخوێننەوە و ڕێز لە بنەما و داب و نەریتەکان بگرن**

لەسەر بوارەکانی توێژینەوە لە لایەنی ئەمنی و هەواڵگری و ڕووبەڕووبوونەوەی سەربازییەوە، دەبێت هەنگاوەکان لە ئاستی ئەم سیاسەتانەدا بن، لەگەڵ خوێندنەوەی لایەنی دیالۆگ و دانانی چەك و ئاشتیی کۆمەڵایەتی، لەسەر بنەماکانی دیموکراسی و مافی مرۆڤ.

زۆر لە دەوڵەتان تا ڕاددەیەك لە سیاسەتی دیالۆگدا سەرکەوتوو بوون، بۆ نموونە: ئیسرائیل و فەڵەستینییەکان، ئێرلەندا، کۆڵۆمبیا، بەڵام لە هەندێ جێگاش سەرکەوتوو نەبوون، وەك سریلانکا، تورکیا، دارفۆر، کشمیر. هەروەها لە هەردوو دەوڵەت وەك ئەفغانستان و عێراق ئەم مەسەلەیە نە سەرکەوتوو بوو، نە زۆر شکستخواردوو بوو، بۆیە لە عێراق توندوتیژی بەردەوام بوو، تا ڕادەیەکیش سنووردار کرا، بەتایبەتی لە مەسەلەی ڕووبەڕووبوونەوەی داعش و دەوڵەتی خیلافەتدا، ئێستا ئەم سیاسەتی ڕووبەڕووبوونەوەیە وادەکات کە هەندێك لە شارە تێکدراوەکانی وەك مووسڵ و ئەنبار سەلاحەدین و شنگال و هەندێ شاریش هەن تا ئێستا ململانێیان تێدایە، وەك دیالە و کەرکووك، هەندێك شاریش هەن لە عێراق دوودڵیی ئەمنییان تێدایە، وەك بەشەکانی هەرێمی کوردستان و بەغداو ناوەڕاست و باشووری عێراق.

هەر چۆن بێت لە هەرێمی کوردستان نموونەیەکی جوان لەم مەسەلەیە هەبوو، لەم بیست ساڵەی ڕابردوودا لە هەرێمی کوردستان جگە لە ڕووبەڕووبوونەوەی داعش و گرووپە تیرۆریستییەکانی دیکە، تا ڕاددەیەکیش دایەلۆگ لەگەڵ هەندێ لە گرووپەکان سەرکەوتوو بوو، توانییان بەشداری لە هەڵبژاردنەکاندا بکەن، تەنانەت نوێنەرەکانیان بەتایبەتی لە جیهادییە ئیسلامییەکان، دێنە پەرلەمان و هەندێ پۆستی حکوومییش وەردەگرن، هەروەها گەڕانەوەی تاڵیبان بۆ ئەفغانستان، ئەمەش لە ئەنجامی توێژینەوەیەکی ئەمریکی کرا بۆ چوون بەرەو سیاسەتێکی واقیعی، کە بینییان لە ڕووبەڕووبوونەوە کەس هاوکاریان نییە و ژینگەی لەئامێزگرتنیان هەیە، ئەمە وای کرد کە گرووپی تاڵیبان بگەڕێتەوە ئەفغانستان و حوکم بگرنە دەست، دەرفەتێکی ئیدارەدانیان پێ بدرێت، ئەمەش هەنگاوێکی باشە بۆ کارکردن لەم مەسەلەیەدا.

بەهەرحاڵ گرووپەکانی تیرۆر لە زۆر مەسەلەی دیکەوە گلاون، وەك مادده هۆشبەرەکان و بازرگانیی چەك و بازرگانیی مرۆڤ و کەرەستەی خۆراك و دەرمان، تەنانەت لە بەڵێندەرایەتی و کەیسەکانی نەوت و غاز لەگەڵ بازرگانە سیاسییەکاندا جۆرە هاوکارییەك هەیە لە تاوانی ڕێکخراو و سپیکردنەوەی پارە، ئەمەش بە سەرچاوەی دارایی بۆ گرووپە تیرۆریستییەکان هەژمار دەکرێت.

پەیوەندییەکی قووڵ لە خوێندنەوەی سیاسەتەکانی ئاسایشی نەتەوەیی بۆ تیرۆر لە نێوان تیرۆر و گەندەڵی لە کۆمەڵگاکاندا هەیە، چونکە گەندەڵی وا دەکات کە ژینگەیەکی هاوکار بۆ تیرۆر بێتە کایەوە، خوێندنەوەی تازە بۆ سیاسەتەکانی ئاسایشی نەتەوەیی ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە ئەوانەی لە گەندەڵییەوە گلاون، کردەوەی تیرۆریستی ئەنجام دەدەن، تا یەکدی لەناوبەرن لە بواری مافیای سیاسیدا. ڕاستە ئێستا کارکردن زیاتر لە ڕووبەڕووبوونەوەی سەربازی و یاساییدایە، بەڵام دەبێت بە خوێندنەوەیەکی تازە پێداچوونەوە بە سیاسەتی سەربازی و هەواڵگری و یاساییدا بکرێت، چونکە هەر چۆن بێت پەنابردن بۆ دیالۆگ یەکێکە لە مەسەلە هەرە گرنگەکان، ئەمەش مانای ئەوە نییە ئەوانەی لە کاری تیرۆریستی تێوەگلاون سزای عادیلانەی خۆیان وەرنەگرن، یەکێك لە کێشەکانی گرووپە تیرۆریستییەکان ئەوەیە کە دادگای تایبەت بەم گرووپانە نییە، بۆیە دەبێ داگای تایبەت هەبێت لە ئاستی نێودەوڵەتی و ناوخۆشدا، بۆ نموونە: کەیسەکانی تایبەت بە داعش لە شنگال گەیشتە ئاستی جینۆساید و تاوانی جەنگ، ئەمە بەرپرسیارێتییە و دەبێ لە ئاستی ناوخۆ و نێودەوڵەتییەوە دادگایی بکرێن و سزای خۆیان لەم ڕووەوە وەربگرن، پێویستە سەرلەنوێ سەنتەرەکانی توێژینەوەی زانستی و زانکۆکان و لایەنی دیکەی تایبەتمەند لە ئاسایش و هەواڵگری، خوێندنەوەی تازە بۆ ئەم دیاردەیە بکەن، ئەمەش وا دەکات کە ئەم دیاردەیە بۆ ئاسایشی نەتەوەیی زۆر مەترسیدار نەبێت.

**گرووپەکانی تیرۆر لە زۆر مەسەلەی دیکەوە گلاون، وەک مادده هۆشبەرەکان و بازرگانیی چەک و بازرگانیی مرۆڤ و کەرەستەی خۆراک و دەرمان**

**لە بەڵێندەرایەتی و کەیسەکانی نەوت و غاز لەگەڵ بازرگانە سیاسییەکاندا جۆرە هاوکارییەک هەیە لە تاوانی ڕێکخراو و سپیکردنەوەی پارە**

**گەندەڵی وا دەکات کە ژینگەیەکی هاوکار بۆ تیرۆر بێتە کایەوە، خوێندنەوەی تازە بۆ سیاسەتەکانی ئاسایشی نەتەوەیی ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە ئەوانەی لە گەندەڵییەوە گلاون، کردەوەی تیرۆریستی ئەنجام دەدەن، تا یەکدی لەناوبەرن لە بواری مافیای سیاسیدا**



**ئەحمەد ڕێکانی**
سەرۆکی یەکێتیی وەبەرهێنەرانی کوردستان، بۆ گوڵان:

# ئەرکی وەزارەتە پەیوەندیدارەکانە بەربەستەکانی بەردەم گەشەپێدانی کەرتی پیشەسازی هەڵبگرن

**ئەحمەد ڕێکانی سەرۆکی ڕێکخراوی یەکێتیی وەبەرهێنەرانی کوردستان، لە دیدارێکی گۆڤاری گوڵاندا وێڕای ئەوەی جەختی لەسەر گرنگیی کەرتی پیشەسازی لە هەرێمی کوردستان کردەوە، چەندین ئاستەنگ و بەربەستیشی لە بەردەم گەشەپێدانی ئەم کەرتە خستە ڕوو، لێرەدا پوختەی وەڵامەکانی بڵاودەکەینەوە.**

*** وەکو سەرۆکی یەکێتیی وەبەرهێنەرانی کوردستان، تاچەند هەوڵەکانی فرەچەشنکردنی ئابووری و ئاراستەکردنی وەبەرهێنەران بەرەو کەرتی پیشەسازی گرنگە و، ئایا دەتوانین بڵێین وەبەرهێنەران ڕوویان لە جێبەجێکردنی پرۆژەی گەورەی پیشەسازی و ستراتیژیی کردووە؟**

- ژینگەو بوونی سامانێکی گەورەی سەر زەوی و ژێر زەوی و دیدگا و کارنامەی حکومەتی هەرێمی کوردستان و پاڵپشتی و بەڵێنەکانی هاوکاریکردنی وەبەرهێنەران، بۆ ئەوەی ڕوو لە کەرتی پیشەسازی بکەن، نەك تەنیا کۆمەڵە هەوڵێکی ئومێدبەخشن بۆ ئەوەی ئابووریی کوردستان فرەجەشن بکرێت و سەرچاوەکانی داهات جۆراوجۆر بکرێن و چیتر ئەوەندە پشت بە داهاتی نەوت و ئەو برە بودجە کەمەی بەغدا نەبەستین، بەڵکو کاریگەریی خۆشی هەبووە لەسەر هەڵکشانی کەرتی پیشەسازی و دووبارە بەگەڕخستنەوەی ژمارەیەك کارگەی جۆراوجۆر. بووژانەوەی کەرتی پیشەسازی بۆ بەدەستهێنانی هەلی کار و داهات و ئابووریی کوردستان گرنگن، بەتایبەتی دوای ئەوەی ئابووریی کوردستان لە چوار ساڵی ڕابردوودا دوچاری قەیران و گرفتی گەورەی دارایی و ئابووری بووەوە، دەبێت لە خەمی دابینکردنی سەرچاوەی داهاتی بەردەوامدا بین، کە لە هەرسێ کەرتی کشتوکاڵ و پیشەسازی و گەشتیاریدا دەستەبەر دەبێت، ناکرێت ساڵانە پارە و داهاتێکی زۆر بۆ دابینکردنی ئەو هەموو پێداویستییە بچێتە دەرەوەی وڵات و کۆمەڵگەیەکی بەکاربەر و بەکارهێنەرمان دروست کردبێت، لەکاتێکدا ژینگەو کەڵکی ئابووری ئەوە دەسەلمێنێت کە هەرێمی کوردستان پێگەیەکی لەبارە بۆ گەشەپێدانی کەرتی پیشەسازی و، لانی کەم دابینکردنی پێداویستییەکانی خۆراکی و چیمەنتۆ و ئاسن و بەرهەمەکانی شیرەمەنی و هێلکەو گۆشت.

لەم چەند ساڵەی دوایشدا هەوڵەکانی حکومەت و ئاراستەکردنی بزنسکارانی کوردستان بەرەو کەرتی پیشەسازی، لێرە و لەوێ چەند کارگە و کارخانەیەکی پیشەسازیی لێ کەوتووەتەوە، من لێرەدا بەپێویستی دەزانم پێش ئەوەی وەڵامی پرسیارەکەی بەڕێزتان بدەمەوە دەمەوێت باسێکی گرنگترین ئەو فاکتەرانە بکەم کە ڕۆڵیان هەیە لە پێشخستن و گەشەپێدانی کەرتی پیشەسازیدا و، ئێمەی وەبەرهێنەران بە ڕوونی و بە ئاشکرایی درکیان پێ دەکەین:

١- سەقامگیریی سیاسی و بوونی ژینگەیەکی ئارام بۆ زامنکردنی وەبەرهێنانی پیشەسازیی.

٢- کارئاسانی و پاڵپشتیی حکومەت و وەزارەت و دامەزراوە پەیوەندیدارەکان بۆ بووژانەوەی کەرتی پیشەسازی.

٣-پاڵپشتیی بەرهەمی خۆماڵی، بەتایبەتی بەرامبەر نرخی هەمان کاڵا کە لە وڵاتانی دراوسێ بەرهەم دەهێنرێت.

٤- دۆزینەوەی بازاڕ و متمانەپێدان بەوەی وەبەرهێنەکە بە کەمیی خواست، یان نغرۆکردنی بازاڕەکان بەهەمان کاڵاو بەرهەمی بیانی، دوچاری زیان نابێت.

سەبارەت بە وەڵامی پرسیارەکەشت بەوەی تاچەند وەبەرهێنەران ڕوویان لەم کەرتە کردووە، ئەوا بە تەئکید ئەگەر وەبەرهێن و بزنسکارانی کوردستان و خودی کەرتەکە لە ڕووی ژمارە و قەبارەوە بەراورد بە کەرتەکانی بازرگانی و خانووبەرە بکەیت، یان بەراوردی هەموو ئەو کاڵاو بەرهەمانەی بیانی بکەین کە لە بازاڕەکانی ناوخۆدا هەیە، ئەوا ئەو ڕاستییەت بۆ دەردەکەوێت کە بەرهەمی خۆماڵی بەپێی خواست و ویستی ئێمە نییە.

**دەبێت لە خەمی دابینکردنی سەرچاوەی داهاتی بەردەوامدا بین، کە لە هەرسێ کەرتی کشتوکاڵ و پیشەسازی و گەشتیاریدا دەستەبەر دەبێت**

**ناکرێت ساڵانە پارە و داهاتێکی زۆر بۆ دابینکردنی ئەو هەموو پێداویستییە بچێتە دەرەوەی وڵات و کۆمەڵگەیەکی بەکاربەر و بەکارهێنەرمان دروست کردبێت**

**هەناردەکردنی کاڵا و بەرهەمی ناوخۆ لە وڵاتان دەچێتە چوارچێوەی پرۆژەی نیشتمانی و بەهێزکردنی دراوەکەیان و، دواتر بەهێزبوونی پێگەی ئابووریی ئەو وڵاتانە لە ناوچەکەو جیهاندا**

**لە تەمەنی ئەم کابینەیەدا وێڕای قەیرانی کۆرۆنا و دارایی، بەڵام هاتنە پێشەوەی زمانی دیالۆگ و لێکتێگەیشتن لە نێوان هێزە سیاسییەکان و لە نێوان هەرێم و بەغدا، دۆخێکی ئارام و متمانە و ئومێد لای خەڵک و بازرگان و بزنسکار و وەبەرهێنەران دروست کردووە**

**هەموو نیشانەکان بەرەو ئەو ئاراستەیە دەچن، کە دۆخەکە بەرەو باشتر بچێت و بازاڕ و کار و پڕۆژەکانی وەبەرهێنەران بووژانەوەیەکی باش بەخۆوە ببینێت**

**لە ئێستادا کارگەی گەورەمان لە بواری پلاستیک و ئاسن و ستیلدا هەیە، کەچی توانای ڕاکێشانی کارەبامان نییە**

**بۆ زیاتر گەیاندنی خزمەتگوزاری بۆ ناوچە پیشەسازییەکان، ئێمە لەگەڵ دەستەی وەبەرهێنان و وەزارەتەکانی کارەبا و شارەوانی و بازرگانی و پیشەسازی، چەندین کۆبوونەوەمان ئەنجام داوە**

*** باسی پاڵپشتی بەرهەمی ناوخۆیت کرد؛ مەبەستت ئەوەیە حکومەت ڕێگە لەهێنانی ئەو بەرهەمە خۆراکی و کاڵایانە بگرێت کە لە ناوخۆی کوردستان بەرهەم دێت، یان لە ڕێگەی زیادکردنی باجەوە نرخەکەی زیاتر بکرێت لە بەرهەمی خۆماڵی؟**

- هەرێمی کوردستان بەهۆی شەڕو ماڵوێرانی و پەراوێزخستنی کەرتی پیشەسازییەوە چەندین قۆناغ لەدوای وڵاتانی بیانی و تەنانەت هەردوو وڵاتی ئێران و تورکیاوەیە، پلان و بەرنامەی ئەو وڵاتانە بۆ پەرەپێدانی ئابووری و گرنگیدان بە پیشەسازی و کەمیی تێچوونی بەرهەم، کۆمەڵە هۆکارێکن بۆ ئەوەی لە زۆر بواردا بەرهەمی ناوخۆ توانای کێبڕکێی بەرهەمی بیانیی نەبێت، چ لە ڕووی جۆرەوە بێت، یان لە ڕووی چەندایەتییەوە، لەوڵاتێکی وەکو تورکیا ئەگەر وەبەرهێنێک کارگەیەک دابنێت، حکومەت ٧٥٪ی ئاسانکاریی بانکیان پێ دەدات و، وەبەرهێنەکە ئەگەر تەنیا لە ٢٥٪ ی پارەی لە بەردەستدا بێت، دەتوانێت کارگەکە دابمەزرێنێت، لە ئێران نرخی کارەبا و ڕێژەی باج و ڕسوماتی بۆ کەمکردووەتەوە، تەنانەت ئەگەر وەبەرهێن کاڵاکەی، یان بەرهەمەکەی بباتە دەرەوە، هاوکاری و پاڵپشتییەکی گەورەی دەکرێت، چونکە هەناردەکردنی کاڵا و بەرهەمی ناوخۆ لە وڵاتان دەچێتە چوارچێوەی پڕۆژەی نیشتمانی و بەهێزکردنی دراوەکەیان و، دواتر بەهێزبوونی پێگەی ئابووریی ئەو وڵاتانە لە ناوچەکەو جیهاندا، ئەمە وێڕای ئەوەی زامنی بەدەستهێنان و بەردەوامیی هەلێکی کاری زۆر بۆ گەنجەکانیان دەکات.

*** وێڕای قەیرانی دارایی و پەتای کۆرۆنا، هەوڵەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ گەشەپێدانی کەرتی پیشەسازی تاچەند گرنگ بوو، ئایا دەتوانین بڵێین گەشەپێدانی کەرتی پیشەسازی چووەتە سەر ڕێگای ڕاست و دروستی خۆی؟**

- لە تەمەنی ئەم کابینەیەدا وێڕای قەیرانی کۆرۆنا و دارایی، بەڵام هاتنە پێشەوەی زمانی دیالۆگ و لێکتێگەیشتن لە نێوان هێزە سیاسییەکان و لە نێوان هەرێم و بەغدا، دۆخێکی ئارام و متمانە و ئومێد لای خەڵک و بازرگان و بزنسکار و وەبەرهێنەران دروست کردووە، ئەو سەقامگیرییە بۆ جووڵەی بازاڕ و دەرکەوتنی دامەزراندنی چەند کارگەیەک گرنگ بوو، وەبەرهێنەرانیش دووبارە ڕوویان لە پڕۆژەکانیان کردەوە و دەستیان بە تەواوکردن و جێبەجێکردنی زۆر لە پڕۆژەکان کردەوە، ئەمە وێڕای هاتنی چەند وەبەرهێنەرێکی عێراقی و عەرەبی و بیانی. بەشێوەیەکی گشتی هەموو نیشانەکان بەرەو ئەو ئاراستەیە دەچن، کە دۆخەکە بەرەو باشتر بچێت و بازاڕ و کار و پڕۆژەکانی وەبەرهێنەران بووژانەوەیەکی باش بەخۆوە ببینێت.

*** لە ئێستادا ئەو گلەیی و ڕەخنانەی پیشەسازیکارانی کوردستان هەیانە، زیاتر لە چ بوارێکدایە؟**

- وەبەرهێنەرانی کوردستان کە نوێنەرایەتیی کەرتی پیشەسازیش دەکەن، بەردەوام داواکاری و پێداویستییەکانی ئەم توێژەیان بەرز کردووەتەوە، لە دیدار و گفتوگۆکانیشماندا لەگەڵ ئەنجومەنی وەزیران و وەزیرە بەڕێزەکان و دەستەی وەبەرهێنەران، باسی ئەم داواکارییانەمان کردووە کە لە گرانیی نرخی کارەبا و ڕسوماتەکانی شارەوانی و باج و خزمەتگوزارییە بانکییەکاندا خۆی دەبینێتەوە، بڕیاری دامەزراندنی نزیکەی (١٢) ناوچەی پیشەسازی لە پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکانی کوردستان، جێگای دڵخۆشی و ئومێدێکی زۆرە، بەڵام کاروبارەکانی دامەزراندنی ئەم ناوچە پیشەسازییانە وێڕای ئەوەی بە خاوی بەڕێوە دەچێت، کە ناکرێت پڕۆژەیەکی وا گرنگی ستراتیژی و ئابووری بەم شێوەیە کاری لەسەر بکرێت، ئەو ناوچە پیشەسازییانەشی کە لە کوردستاندا هەیە، بەپێی پێویست خزمەتگوزاریی بۆ ناچێت، لە ئێستادا کارگەی گەورەمان لە بواری پلاستیک و ئاسن و ستیلدا هەیە، کەچی توانای ڕاکێشانی کارەبامان نییە، چەندین کارگەی بیناسازیی و کۆگای گەورەمان هەیە کە چەندین ساڵە مۆڵەتی وەبەرهێنانیان وەرگرتووە، کەچی ڕێگاوبان و کارەبا و ئاوەڕۆی بەپێی پێویست نییە، بۆ زیاتر گەیاندنی خزمەتگوزاری بۆ ناوچە پیشەسازییەکان، ئێمە لەگەڵ دەستەی وەبەرهێنان و وەزارەتەکانی کارەبا و شارەوانی و بازرگانی و پیشەسازی، چەندین کۆبوونەوەمان ئەنجام داوە.

*** گرنگترین ئەو کارگە و کارخانانەی لە هەرێمی کوردستاندا دامەزراون لە چ بوارێکدایە؛ ئایا چی بکرێت بۆ ئەوەی وەبەرهێنەران لە زۆر بواری دیکەشدا کار و پڕۆژەی گەورەی پیشەسازی ئەنجام بدەن؟**

- هەرێمی کوردستان بە کارگە گەورەکانی چیمەنتۆ و ئاسن و پرۆژەکانی پەلەوەر و هێلکە و خشت و پلاستیك بەناوبانگە، ئەمە وێڕای بوونی چەند پاڵاوگەیەکی گەورەی نەوت و گازی سرووشتی، لەسەر ئاستی کارگەکانی مامناوەندیش چەندین کارگەی ئەلەمنیۆم و پلاستیك و خۆراك و ئارد و پیشەسازیی دیکەی کشتوکاڵی و خۆراکی و کەرەستەی بیناسازی لە هەرێمی کوردستاندا هەیە، ئەرکی حکومەتی هەرێمی کوردستانە کە بە هەماهەنگی لەگەڵ نوێنەرەکانی کەرتی پیشەسازیدا، چ لە یەکێتیی وەبەرهێنەرانی کوردستان بێت، یان لە ڕێگەی ژوورە بازرگانی و پیشەسازییەکانەوە بێت، کار بۆ پاراستن و بەردەوامیی ئەم بەرهەمانە بکەن.

*** لە سەرەتای قسەکانتدا باسی گرنگیی دۆزینەوەی بازاڕ بۆ بەرهەمی ناوخۆی هەرێمی کوردستانت کرد، ئایا ئەو کاڵاو بەرهەمانەی کە لە ناوخۆی کوردستاندا هەیە، تاچەند لە بازاڕەکانی عێراق و دەوروبەر ڕەواجیان هەیە؟**

- دوا ئامانجی هەموو پرۆژەیەکی بەرهەمهێن ساخکردنەوەی بەرهەمەکەیەتی، لە بازاڕەکانی ناوخۆی کوردستان بێت، یان لە شارەکانی دیکەی عێراق و وڵاتانی ناوچەکەو جیهانیشدا بێت، ئێمە لە بواری چیمەنتۆ و ئاسن و چەندین پرۆژەی دیکەی پیشەسازیی کشتوکاڵی و ناوخۆییدا توانیومانە خواستی ناوخۆی کوردستان پڕ بکەینەوە، لە زۆر بواردا بەرهەمەکانمان لە بازاڕەکانی عێراقیشدا ساخ دەبێتەوە، بەڵام بەرهەمی کوردستان لە بازاڕەکانی ئێران و تورکیا ناتوانێت لە ڕووی نرخەوە کێبرکێی بەرهەمی ئەو وڵاتانە بکات، ئەو وڵاتانەش ئاستەنگی گواستنەوە و گومرگی و باج لەسەر بەرهەمی بیانی دادەنێن، بۆیە بازاڕەکانی عێراق بۆ ئێمەی وەبەرهێنەران لە کەرتی پیشەسازی زۆر گرنگە.

*** ئەم بارودۆخەی شەڕی نێوان ڕووسیا و ئۆکرانیا و گرانبوونی نرخی خۆراك لە سەرچاوەی بەرهەمهێنانییەوە، تاچەند هاندەر دەبێت بۆ دامەزراندنی کارگەی پیشەسازیی خۆراکی لە هەرێمی کوردستان؟**

- کۆڕۆنا و شەڕی نێوان ڕووسیاو ئۆکرانیا و گرانبوونی بەهای نەوتی خاو، کۆمەڵێك هۆکاری گرانبوونی نرخی خۆراکن، چونکە تێچوونی بەرهەمهێنانی کارگەکان لەو وڵاتانەی بەرهەمهێنەری نەوت نین، ڕوو لە هەڵکشانە و تێچوونی گواستنەوەشی گرانتر بووە، ئێستا باشترین کاتە کە ڕوو بکەینە بەرهەمهێنانی ئەو خۆراکانەی کە کەرەستەخاوەکەی لە هەرێمی کوردستاندا هەیە، یان دەتوانرێت لێرە بەرهەم بهێنرێت، ئەمەش پێویستی بە پاڵپشتی و هاوکاریی حکومەت هەیە، بەتایبەتی هاوکاریی لایەنە پەیوەندارەکانی دەستەی وەبەرهێنان و وەزارەتەکانی بازرگانی و پیشەسازی و شارەوانی و کارەبا و، تەنانەت وەزارەتی داراییش. کاتی



ئەوە هاتووە وەبەرهێنە گەورەکان لە ڕێگەی ئاسانکاریی قەرزی درێژخایەنی پیشەسازییەوە هاوکاری بکرێن، یاساو ڕێساکان هەمواربکرێنەوە بۆ کەرتی پیشەسازی، من لەگەڵ زۆر وەبەرهێنی تایبەت بەکارگەی شیرەمەنی و شیرنەمەنی و مۆتەو ئاسکریم و ماست و بەرهەمەکانی دیکە گفتوگۆم کردووە، ئەوان ناتوانن لە قۆناغی سەرەتادا کێبرکێی بەرهەمی وڵاتانی تورکیا و ئێران بکەن، ئەگەر پاڵپشتی و هاوکاریی نەکرێن، چەندین وەبەرهێنمان هەیە ڕووی لە ناوچەکانی دیکەی عێراق کردووە، ناکرێت تادێت باج و ڕسومات قورستر بکرێت و خزمەتگوزارییەکان لاواز بن و ڕسوماتی کارەبا و شارەوانی دوو هێندەی عێراق بێت و، چاوەڕوانی بەردەوامی و پەرەپێدانی کەرتی پیشەسازی بکەین.

**هەرێمی کوردستان بە کارگە گەورەکانی چیمەنتۆ و ئاسن و پرۆژەکانی پەلەوەر و هێلکە و خشت و پلاستیک بەناوبانگە، ئەمە وێڕای بوونی چەند پاڵاوگەیەکی گەورەی نەوت و گازی سرووشتی**

**ناکرێت تادێت باج و رسومات قورستر بکرێت و خزمەتگوزارییەکان لاواز بن و رسوماتی کارەبا و شارەوانی دوو هێندەی عێراق بێت**

عەلی عوسمان

بریکاری وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی بۆ کاروباری پیشەسازی بۆ گوڵان:

# دامەزراندنی ١٢ ناوچەی پیشەسازی ئابووری هەرێم دەباتە قۆناغێکی پێشکەوتووەوە

**هەوڵەکانی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە پاڵپشتی و ئاسانکاری بۆ وەبەرهێنەران و بزنسکاران بۆ ئەوەی ڕوو لە کەرتی پیشەسازی بکەن، ڕۆڵێکی باشی هەبووە بۆ وەرچەرخانی ئابووری، بۆ قسەکردن لەسەر ئەم بابەتە و چەند پرسێکی دیکەی پەیوەندیدار، گۆڤاری گوڵان دیدارێکی لەگەڵ عەلی عوسمان بریکاری وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی بۆ کاروباری پیشەسازی ئەنجام دا.**

*** وەکو بریکاری تایبەت بە کاروباری پیشەسازی لە وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی، چۆن دەڕوانیتە دۆخی کەرتی پیشەسازی لە هەرێمی کوردستان؟**

- بە ڕەچاوکردنی هەموو ئەو بارودۆخە خراپەی ڕووبەڕووی هەرێمی کوردستان بووەتەوە، هەر لە قەیرانی دارایی و شەڕ و ململانێ سەربازی و سیاسییەکان، دەتوانین بڵێین بارودۆخی کەرتی پیشەسازی تا ڕاددەیەك لە ئاستێکی مامناوەندایە، وڵاتێك شەڕ و پێکدادان لەسەر خاکەکەی ڕووی دابێت و ژێرخانەکەی وێران کرابێت، هەروا بە ئاسانی بونیاد نانرێتەوە و متمانە بۆ وەبەرهێنەران ناگەڕێتەوە، کە ڕوو لە کەرتی پیشەسازیی گەورە بکەن. ململانێ سەربازی و سیاسییەکانی عێراق کاریگەریی لەسەر هەرێمی کوردستانیش هەبووە، لە هەمووشی مەترسیدارتر قەیرانی داشکانی بەهای نەوت بووە، لە وڵاتێکدا کە بە وڵاتێکی پشتبەستوو بە تاکە سەرچاوەی داهاتی فرۆشتنی نەوت ناسراوە. لە ئێستادا لەگەڵ هەڵکشانی بەهای نەوتی خاو و هێوربوونەوەی شەڕ و ململانێ سیاسییە سەختەکان، دەنگی عەقڵانی فرەچەشنکردنی ئابووری و داهات دەستی پێ کردووە و، لێرە و لەوێ پرۆژەی پیشەسازی و کارگەی جۆراوجۆر دادەمەزرێت، بەتایبەتی لە هەرێمی کوردستان، کە بڕیاری



دامەزراندنی ١٢ ناوچەی پیشەسازی دراوە و چەند یاسایەکی تایبەت بە گەشەپێدانی کەرتی پیشەسازی هەموار کراوەتەوە و، یاسای پاراستنی بەرهەمی خۆماڵییش لە پەرلەمانی کوردستان پەسەند کراوە.

*** لە وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی دروشمی گەشەپێدانی پیشەسازیتان بەرز کردووەتەوە، ئایا دەکرێت بزانین گرنگترین ئەو هەنگاو و کارئاسانی و پاڵپشتییانە چین کە حکومەت پێشکەشی کەرتی تایبەتی کردووە؟**

- گەشەپێدانی پیشەسازی لە هەرێمی کوردستان پێویستی بە پلانی بەردەوام هەیە، لەم پێناوەشدا ئێمە لە وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی هەروەکو لە کارنامەی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا هاتووە، پلان و بەرنامەمان هەیە بۆ ئەوەی بتوانین هاوکاری و هەماهەنگی لەگەڵ خاوەن کارگە و سەرمایەداراندا بکەین و، پیشەسازی لە قۆناغی سەرەتاییەوە بگوازینەوە بۆ قۆناغی مامناوەند و بەرەوپێشەوەی ببەین و، کار بۆ بونیاتنانی ژێرخانی پیشەسازی بکەین. ئێمە لە وەزارەت بە وردییەوە لەگەڵ دەستەی وەبەرهێنان و کەرتی تایبەت بەدواداچوون بۆ هەموو ئەو پلان و بەرنامانە دەکەین، کە بۆ دامەزراندنی کارگەکان لە پارێزگاکانی کوردستاندا هەنگاوی بۆ دەنرێت، بەتایبەتی لە ڕووی دیراسەی کەڵکی ئابووری و سوودی ئابووریی دامەزراندنی کارگەی گەورە و پاراستنی بەرهەمەکانیان و، دۆزینەوە و ساغکردنەوەی لە بازاڕەکانی کوردستان و عێراق و ناوچەکەدا.

*** وەبەرهێنەران و بزنسکارانی کوردستان باس لە بوونی کۆمەڵێك گرفت و ئاستەنگ دەکەن، کە وایان کردووە ئەوان زیاتر ڕوو بکەنە کەرتی بازرگانی و خانووبەرە، ئایا تا چەند ئێوە لە وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی کارتان بۆ لابردنی ئەو ئاستەنگانە و چارەسەرکردنی ئەو گرفتانە کردووە؟**

- پێش ئەوەی وەڵامی پرسیارەکەت بدەمەوە، دەبێت بزانین قۆناغی ئەمڕۆ زۆر جیاوازە لە قۆناغی ساڵانی حەفتاکان و هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو، ئەو دەمەی حکومەتی عێراق حکومەتێکی سۆشیالیستی بووە و کەرتی گشتی باڵادەست بووە لە دامەزراندن و بەڕێوەبردنی کارگەکان و، تەنانەت لە بواری دیاریکردنی نرخ و پاڵپشتیکردنی نرخ و، بگرە لە ڕێگەی قەدەغەکردنی هێنانی بەرهەم و

**وڵاتێک شەڕ و پێکدادان لەسەر خاکەکەی ڕووی دابێت و ژێرخانەکەی وێران کرابێت، هەروا بە ئاسانی بونیاد نانرێتەوە و متمانە بۆ وەبەرهێنەران ناگەڕێتەوە، کە ڕوو لە کەرتی پیشەسازی بکەن**

کاڵا و خۆراکی بیانییەوە، پاراستنی بەرهەمی خۆماڵی جێبەجێ دەکرد، یان لە ڕێگەی دانانی تاریفەی گومرگیی زۆر بۆ ئەوەی بەکارهێنەر و بەکاربەر ڕوو بکەنە بەکارهێنانی بەرهەمی خۆماڵی، ئەمڕۆ ئەو بارودۆخە گۆڕاوە، حکومەتی عێراق و حکومەتی هەرێمی کوردستان و بگرە زۆربەی هەرە زۆری حکومەتەکانی ناوچەکە و دونیا، دروشمی واڵاکردنی سنوورەکان و ئازادکردنی بازرگانییان بەرز کردووەتەوە، ڕاستە ئێمە تاڕادەیەك هێشتا لە نێوان سیستمی سۆشیالیستی و سەرمایەداریدا یەکلا نەبووینەتەوە، بەڵام لە کەرتی پیشەسازی و دروستکردن و بەڕێوەبردنی کارگەکاندا، زۆربەی هەرە زۆری کارگەکانی کوردستان لەلایەن کەرتی تایبەتەوە بەڕێوە دەبرێن، لە ئێستاشدا لە ئەنجومەنی وەزیران بڕیاری دامەزراندنی کۆمەڵێك پڕۆژەی پیشەسازی بە سیستمی بەشداریی نێوان کەرتی گشتی و کەرتی تایبەت دراوە، ئەم سیستەمەی نێوان کەرتی تایبەت و کەرتی گشتی، تەنیا بۆ کەرتی پیشەسازی نییە، بەڵکو بۆ دامەزراندنی ژمارەیەك پڕۆژەی گەورە و ستراتیژییە و ڕەنگدانەوەی باشی بۆ ئاوێتەکردن و تێکەڵکردنی توانای هەردوو کەرتەکە دەبێت. سەبارەت بە تەوەری دووەمی پرسیارەکەت؛ بەداخەوە لە بواری کرێی کارەبا و دابینکردنی سووتەمەنیدا نەمانتوانیوە هاوکار و پاڵپشتی کارگە خۆماڵییەکان بین، لە بواری پاڵپشتی بەرهەمی خۆماڵی و قەدەغەکردن و دانانی ڕێژەیەکی زیاتری باجی گومرگی لەسەر بەرهەمی بیانی، بەتایبەتی بەرهەمەکانی هەردوو وڵاتی ئێران و تورکیا، ئەمە وا ئاسان نییە کە باس دەکرێت، پێویستە ڕەچاوی ئەوەش بکەین لەوە زیاتر نرخەکان هەڵاوسان بەخۆیانەوە نەبینن و کەسانێك ئەم پاڵپشتی و قەدەغەکردنی هێنانی بەرهەمی خۆماڵییە نەقۆزنەوە و قۆرخکاری دەست پێ نەکەن و، ئەوەندەی دیکە نرخەکان نەفرێنن. لە عێراقدا وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی دوو وەزارەتی جیاوازن، بەڵام سرووشتی پێکهاتەی وەزارەتەکەی ئێمە هەردوو بوارەکە لەخۆ دەگرێت و، دوو بریکاری بۆ دانراوە لە هەندێك خاڵدا بەریەککەوتەمان دەبێت، بەڵام ئێمە توانیومانە تا ڕادەیەکی باش هەماهەنگ بین بەوەی قۆرخکاری دروست نەبێت، ناکرێت یەك دوو کارگە پاراستنی بەرهەمی خۆماڵییان بۆ بکرێت و ئەوانیش دۆخەکە بقۆزنەوە و نرخەکان بفڕێنن. ئێمە دەمانەوێت نرخ بۆ بەرهەمی چیمەنتۆ و شیش و خشت دابنێین، تا بازاڕەکە قۆرخ نەکەن، ئێمە پابەندی یاسای ژمارە ١ی ساڵی ٢٠٢١ی پاراستنی بەرهەمی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستانین و لە کۆتایی ڕەشنووسی ڕێنمایی وەزارەتین.

*** باسی کەرتی تایبەتت کرد، پێت وانییە تائێستا ئەو کەرتە نەیتوانیوە لە بواری پیشەسازی و دروستکردنی کارگە و کارخانەکاندا هەنگاوی گەورە بنێت؟ ڕاستە ئەوان داوای پاڵپشتی و ئاسانکاری دەکەن، بەڵام لە بواری تەرخانکردنی زەوی و باج و کارئاسانی مۆڵەتدا کارئاسانییان بۆ کراوە، پێت وانییە سەرمایەداری کورد بە دوای قازانجێکی خێرا و دەستکەوتێکی ئاسانترەوەیە کە لە کەرتەکانی بازرگانی و گەشتیاری و خانووبەرەدا هەیە؟**

- بەشداریکردنی نێوان کەرتی تایبەت و کەرتی گشتی بۆ ئەوەیە کە حکومەتی هەرێمی کوردستان هانی وەبەرهێنەران و کۆمپانیاکان بدات ڕوو لەو کەرتانە بکەن، کە ئێمە پێویستمانە و بودجە و پارەیەکی زۆرمان بۆ دەگەڕێتەوە، ئەوانیش زەمانەتی پاڵپشتی و سەرکەوتنی پڕۆژە و کارگەکەیان دەبێت، من نایشارمەوە بەوەی کۆمەڵێك گرفتی جددیمان هەیە لە بەردەم گەشەپێدانی کەرتی پیشەسازیدا و کار بۆ چارەسەرکردنیان دەکەین، بەتایبەتی دوای تەواوبوونی ناوچە پیشەسازییەکان، لە ئێستاشدا لە هەوڵی دامەزراندنی بۆردێکی پیشەسازیداین. دەمەوێت لێرەدا ئەوە بڵێم، کاتێ وەبەرهێن و سەرمایەدارێك بە ملیۆنەها دۆلار لە کارگە و پڕۆژەیەکدا بەگەڕدەخات و ئابووریی هەرێم دەبووژێنێتەوە و بە سەدان هەلی کار دابین دەکات، خۆ دەبێت کارئاسانیی گومرگی و ڕسومات و تەرخانکردنی زەوی بۆ بکرێت، بۆ نموونە ناکرێت کرێی کارەبا بەراورد بە ناوچەکانی دیکەی عێراق دوو هێندە بێت و ئامادە نەبین ئەو نرخەی کرێی کارەبا کە لەسەر

**لەگەڵ هەڵکشانی بەهای نەوتی خاو و هێوربوونەوەی شەڕ و ململانێ سیاسییە سەختەکان، دەنگی عەقڵانی فرەچەشنکردنی ئابووری و داهات دەستی پێ کردووە**

**حکومەتی عێراق و حکومەتی هەرێمی کوردستان و بگرە زۆربەی هەرە زۆری حکومەتەکانی ناوچەکە و دونیا، دروشمی واڵاکردنی سنوورەکان و ئازادکردنی بازرگانییان بەرز کردووەتەوە**

**بەداخەوە لە بواری کرێی کارەبا و دابینکردنی سووتەمەنیدا نەمانتوانیوە هاوکار و پاڵپشتی کارگە خۆماڵییەکان بین**

**لە عێراقدا وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی دوو وەزارەتی جیاوازن، بەڵام سرووشتی پێکهاتەی وەزارەتەکەی ئێمە هەردوو بوارەکە لەخۆ دەگرێت و، دوو بریکاری بۆ دانراوە لە هەندێک خاڵدا بەریەککەوتەمان دەبێت**

کەرتی پیشەسازییە هەرزانی بکەین، هەر هیچ نەبێت با هاوشێوەی ناوچەکانی دیکەی عێراق بێت، لە داهاتوودا بە هەماهەنگی لەگەڵ کەرتی تایبەت زۆر فاکتەری دیکە دەدۆزینەوە، بۆ ئەوەی بتوانین هاوکاریی گەشەپێدان و بەردەوامیی بەرهەمی کارگەکانی کوردستان بکەین.

*** باشە ئەگەر گەورە وەبەرهێن و سەرمایەدارێکی ناوخۆیی، یان عێراقی و بیانی خوازیار بێت کارگەیەکی گەورە لە کوردستان دابمەزێنێت، ئەو پاڵپشتی و هاوکارییانە چین کە پێشکەشی دەکرێت؟**

- لە ماوەی ساڵ و نیوێکی دەستبەکاربوونم کارمان بۆ جێبەجێکردنی ((یاسای ژمارە ٢٠ ی ساڵی ١٩٩٨ی تایبەت بە گەشەپێدانی پیشەسازی)) کردووە، کە حکومەتی عێراقیش کار بەم یاسایە دەکات، بەڵام بەداخەوە لای ئێمە لە لایەن زۆربەی هەرە زۆری وەزارەتەکانەوە جێبەجێ نەکرابوو، بە سوپاسەوە زۆربەی هەرە زۆری فراکسیۆنەکانی پەرلەمانی کوردستان پاڵپشتییان کردین، بەوەی ئەم یاسایە کاری پێ بکرێتەوە و لە وەقائیعی کوردستان بڵاومان کردەوە، بگرە هەموارێکمان کردەوە بەوەی کۆمپانیاکان مۆڵەتیان بدرێتێ ئەگەر هاووڵاتی بە ڕەگەز عێراقییش نەبێت، ئەمەش وەکو هاندانی ڕاکێشانی وەبەرهێنەرانی بیانی بۆ دامەزراندنی کارگە. لە لایەکی دیکەوە لەگەڵ دەستەی وەبەرهێنانی کوردستان کاری باش و گەورەمان ئەنجام داوە، لەوانە کارکردن بۆ دامەزراندنی ١٢ ناوچەی پیشەسازی لە سەرانسەری هەرێمی کوردستاندا، لە پارێزگای دهۆك لە بواری جێبەجێکردندایە و لە پارێزگای هەڵەبجە ٤٠٠ دۆنم زەوی بۆ ناوچەی پیشەسازیی خۆراك دابین کراوە، دوای ئەوەی وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو لە هەرێمی کوردستان دەستی لەو زەوییە کشتوکاڵییە هەڵگرت و ئاراستەی ئەنجومەنی وەزیران کراوە و، لە کۆتایی ئەم هەفتەیەدا لەلایەن سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕەزامەندی لەسەر دراوە، بە ئامادەبوون و تەواوبوونی ئەم ناوچە پیشەسازییانە کەرتی پیشەسازی لە هەرێمی کوردستان دەچێتە قۆناغێکی پێشکەوتووتر، چونکە پێشتر کاتێك مۆڵەت بە کۆمپانیا و وەبەرهێنێك دەدرا کە کارگە دابمەزرێنێت، دەبوایە زەوی بۆ تەرخان بکرێت و کارەبا و خزمەتگوزاریی ئاو و ئاوەڕۆ و شەقام و ڕێگاوبان و تەنانەت بنکەی تەندروستی و مزگەوت و فەرمانگەی پۆلیسی پێویست بوو، خۆ جێبەجێکردنی هەموو ئەم پێداویستییانە پێویستیان بە ڕەزامەندی و کاری چەندین وەزارەت هەیە، بۆ ئەم کارانەش پێویستی بە ڕەزامەندیی وەزارەتی دیکە و بودجە و کاتێکی زۆری هەبوو، جاری وا هەبووە وەبەرهێنێك مۆڵەتی دروستکردنی کارگەیەکی وەرگرتووە، چووە خانوویەکی بەکرێ گرتووە. هەر سەبارەت بە کارئاسانییەکان، ئێمە لێخۆشبوونی گومرگیمان هەیە بۆ بەرهەمی کارگە خۆماڵییەکان بۆ ناردنە دەرەوەی بەرهەمەکانیان، بێ ئەوەی حکومەت گومرگیان لێ وەربگرێت، بۆ ئایندەش ژمارەیەکی زۆری پارچە زەوی دابین کراوە بۆ ئەوانەی مۆڵەتی کارگە و پڕۆژەی پیشەسازییان هەیە.

*** دەکرێت بزانین لە ئەمساڵدا تا چەند پلانی ساڵانەی وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی گرنگیی بە دامەزراندنی کارگە و کارخانەکان داوە؟**

- وێڕای هەموو ئەم قەیران و ئاستەنگانە و بارودۆخی عێراق و ناوچەکە و جیهان، خۆشبەختانە هەموو بوارەکانی خۆراك و فلزی و نافلزی و بیناسازی و کەرەستەی خاو و پێکهاتەکانی نەوت و پترۆکیمیاوی و چیمەنتۆ و ئاسن چوونەتە پێشەوە، ئێمە لە پلانی ساڵانەی خۆماندا ساڵی پێشوو و بۆ ئەمساڵیش و تا ساڵی ٢٠٢٣ کۆمەڵێك کارگە و پڕۆژەی پیشەسازیمان ڕاگەیاندووە، بۆ نموونە لە ساڵی ڕابردوودا کۆمەڵێك کارگە لەسەر بنەمای پێداویستییەکانی هەرێمی کوردستان دامەزرا، لە ئەمساڵیشدا ژمارەیەك کارگەی دیکە لەسەر ئەو بنەمایە دروست دەکرێن، لە ڕێگەی گۆڤارەکەشتانەوە بۆ یەکەمینجارە ڕای دەگەیەنم کە بە وەزارەتی کارەبامان وتووە پێداویستیی وەزارەت چییە بۆ ئەوەی بە پێی ئەو پێداویستییەی ئەوان کارگە دابمەزرێت .

**ناکرێت یەک دوو کارگە پاراستنی بەرهەمی خۆماڵییان بۆ بکرێت و ئەوانیش دۆخەکە بقۆزنەوە و نرخەکان بفرێنن**

**لە داهاتوودا بە هەماهەنگی لەگەڵ کەرتی تایبەت زۆر فاکتەری دیکە دەدۆزینەوە، بۆ ئەوەی بتوانین هاوکاریی گەشەپێدان و بەردەوامیی بەرهەمی کارگەکانی کوردستان بکەین**

**لێخۆشبوونی گومرگیمان هەیە بۆ بەرهەمی کارگە خۆماڵییەکان بۆ ناردنە دەرەوەی بەرهەمەکانیان، بێ ئەوەی حکومەت گومرگیان لێ وەربگرێت**

**بە وەزارەتی کارەبامان وتووە پێداویستیی وەزارەت چییە بۆ ئەوەی بە پێی ئەو پێداویستییەی ئەوان کارگە دابمەزرێت**

## ئەلۆن بێن مایەر

پرۆفیسۆری کاروبارە نێودەوڵەتییەکان لە زانکۆی نیویۆرک بۆ گوڵان:

# شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیا شڵەژان لە سیستمی نێودەوڵەتیدا دروست دەکات

**ئەلۆن بێن مایەر پرۆفیسۆرە لە سەنتەری کاروبارە نێودەوڵەتییەکان لە زانکۆی نیویۆرك و خاوەنی بڕوانامەی دکتۆرایە لە بواری پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان کە لە زانکۆی ئۆکسفۆرد بە دەستی هێناوە. ئەلۆن بێن مایەر شارەزا و تایبەتمەندی چەند بوارێکی گرنگە، وەك کاروبارەکانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ڕۆژئاوای بەلکان و گفتوگۆیە نێودەوڵەتییەکان و چارەسەرکردنی ناکۆکییەکان و ڕاوێژکاری. گوڵان لە میانەی دیمانەیەکدا چەند پرسێکی لەگەڵدا تاوتوێ کرد کە پتر پەیوەست بوون بە شەڕی ئێستای ڕووسیا و ئۆکرانیاوە.**

# دیمانەی تایبەت



*** هەڵسەنگاندنت چییە بۆ ئەو شەڕەی لە نێوان ڕووسیا و ئۆکرانیا بەرپابووە؟**

- گومانی تێدا نییە کە ئەم شەڕە هیچ پاساوێکی هەڵناگرێت و بە تێڕوانینی من ڕووسیا هەڵەی زۆر گەورەی کرد، و ئەوەی ئێستا بە سەر ڕووسیادا دێت لە ڕووی سەپاندنی سزاکان بەسەریەوە لەلایەن هێزەکانی ڕۆژئاواوە، هەنگاو و ڕێکاری ڕەوان، چونکە لە ڕاستیدا هیچ هۆکارێك نەبوو بۆ ئەوەی ڕووسیا هێرش بکات و وڵاتێکی ئاشتیخواز داگیر بکات، کە نابێت هیچ مرۆڤێك و هیچ دەوڵەتێك بەمە ڕازی بێت. خاڵێکی دیکە هەیە کە دەمەوێت ئاماژەی پێ بکەم، ئەویش ئەوەیە کە هەمیشە ڕووسیا بانگەشەی ئەوە دەکات کە زۆر نزیکە لە گەلی ئۆکرانیا و زۆرێك لە ئۆکرانییەکان دەتوانن بە ڕووسی قسە بکەن و پەیوەندیی خێزانی هەیە و پەیوەندیی کەلتووری هەیە و پەیوەندیی مێژووییش هەیە، بەڵام ئەوەی سەیرە ئەوەیە کە پۆتین بڕیاڕی داگیرکردنی ئەم وڵاتەی داوە و بە ئەنقەست خەڵکی مەدەنیی ئەو وڵاتە دەکوژێت بە هۆی بەرگریی ئازایانەی خەڵکی ئۆکرانیاوە. من ئومێد دەکەم ئەم شەڕە ببێتە هۆی ئەوەی پێگەی نێودەوڵەتیی ڕووسیا زۆر لاواز بێت و، دەرك بکات بەوەی چ هەڵەیەکی کردووە، چونکە ئێستا گەلی ڕووسیاش وەك گەلی ئۆکرانیا دووچاری نەهامەتی بوونەتەوە، چونکە ئابووریی ڕووسیا لە لێواری هەڵدێردا دەبێت.

**ئەوەی ئێستا بە سەر ڕووسیادا دێت لە ڕووی سەپاندنی سزاکان بەسەریەوە لەلایەن هێزەکانی ڕۆژئاواوە، هەنگاو و ڕێکاری ڕەوان**

*** ئێوە لە وتارێکدا باس لەوە دەکەن کە هەڵگیرسانی ئەم شەڕە نابێت مایەی سەرسوڕمان بێت بۆ هیچ کەس، بەڵام کەسانێکیش هەبوون کە بەرپابوونی ئەم شەڕەیان بە دوور دەزانی، ئێوە لەم بارەیەوە چی دەڵێن؟**

**هیچ هۆکارێک نەبوو بۆ ئەوەی ڕووسیا هێرش بکات و وڵاتێکی ئاشتیخواز داگیر بکات، کە نابێت هیچ مرۆڤێک و هیچ دەوڵەتێک بەمە ڕازی بێت**

**گەلی ڕووسیاش وەک گەلی ئۆکرانیا دووچاری نەهامەتی بوونەتەوە، چونکە ئابووریی ڕووسیا لە لێواری هەڵدێردا دەبێت**

**ئەم کردەوەیەوە ڕووسیا دەرفەتی بۆ ڕۆژئاوا دروست کردووە بۆ ئەوەی یەکگرتووو بن و پێکەوە کار بکەن و دژی هێزێکی شەڕخوازی وەک ڕووسیا بوەستنەوە**

**ئەگەر شەڕەکەش کۆتایی پێ بێت، ئەوا چەندین ساڵی دەوێت لە دوای شەڕەکەوە بۆ ئەوەی ئابووریی ڕووسیا بکەوێتەوە سەر سکەی سرووشتیی خۆی، ئەمەش گەورەترین کێشە دەبێت کە ڤلادمیر پۆتین ڕووبەڕووی ببێتەوە**

- لە ڕاستیدا ئەوە خودی سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا (جۆ بایدن) بوو، کە جار لە دوای جار ڕایدەگەیاند، ڕووسیا هێزی لە سێ لای ئۆکرانیا کۆکردووەتەوە، کەواتە ئەوە ڕوون بوو کە داگیرکارییەکە زۆر نزیك بوو، واتە نابێت ئەمە جێی سەرسوڕمان بێت. هۆکاری ڕووسیا بۆ ئەم شەڕە ئەوە بوو کە پێی وابوو ناتۆ لە ڕووسیا نزیك دەبێتەوە و زۆربەی وڵاتانی ئەورووپای ڕۆژهەڵات کە پێشتر سەر بە یەکێتیی سۆڤییەت بوون، بوونەتە ئەندامی ناتۆ و حکومەتی ئۆکرانیاش گوزارشتی لە خواستی خۆی کردبوو بۆ چوونە نێو ئەم ڕێکخراوە، دەبێت ئەوەشمان لە یاد بێت کە ئۆکرانیا و بیلاڕووس دوو وڵاتن کە ڕووسیایان لە هاوپەیمانەکانی ناتۆ وەك پۆڵەندا و ڕۆمانیا جیا کردووەتەوە، ڕووسیاش نایەوێت ئەندامێکی دیکەی ئەم ڕێکخراوە هاوسنووری بێت، هەر ئەمەش هۆکاری ئەوە بوو کە لە ساڵی ٢٠١٤ هەرێمی کرێمیای کردە بەشێك لە وڵاتی خۆی، کە ئەمەش دژی یاسای نێودەوڵەتی بوو، دواتر هانی جیاخوازەکانی لە ڕۆژهەڵاتی ئۆکرانیادا و دواتر ئەو دوو هەرێمەی وەك دوو وڵاتی سەربەخۆ ناساند و بیانووی دروست کرد بۆ ناردنی هێزەکانی ڕووسیا بۆ ئەم دوو ناوچەیە و پاساوەکەشی ئەوە بوو کە حکومەتی ئۆکرانیا کۆمەڵکوژیی دەکرد دژی دانیشتووانی ئەم دوو هەرێمە، کە ئەمەش بانگەشەیەکی تەواو ناڕاست بوو. ئەم شەڕەش شڵەژان لە سیستمی نێودەوڵەتیدا دروست دەکات، کە لە دوای جەنگی دووەمی جیهانی هاتەئاراوە. بە تێڕوانینی من ئەمەش مایەی نیگەرانییەکی گەورەیە، چونکە بە هۆی ئەو سیستمە نێودەوڵەتییەوە کە بۆ ئاشتی لە ئەورووپادا باڵی کێشابوو. ئێستاش بە هۆی ئەم کردەوەیەوە ڕووسیا دەرفەتی بۆ ڕۆژئاوا دروست کردووە بۆ ئەوەی یەکگرتووو بن و پێکەوە کار بکەن و دژی هێزێکی شەڕخوازی وەك ڕووسیا بوەستنەوە.

*** ئەگەر لە پێشهات و پەرەسەندنەکانی شەڕەکە بڕوانین، ئایا پێت وایە شەڕەکە بە گوێرەی ئەو پلانە دەڕوات کە ڕووسیا دایناببوو، یان ڕووسیا دووچاری هەڵەی حیسابات بووەتەوە لەم ڕووەوە؟**

- ئەمە پرسیارێکی گرنگە و بە تێڕوانینی من هیچ گومان هەڵناگرێت کە سەرۆك پۆتین دووچاری هەڵەیەکی گەورەی حیسابات و پێشبینییەکان بووە لە سێ ڕووی گرنگەوە. ئەو پێشبینی نەدەکرد کە ئەندامانی ناتۆ هێندە بە خێرایی و بە یەکگرتوویی کار بکەن بۆ هاوکاریکردن و پاڵپشتیکردنی ئۆکرانیا، واتە چاوەڕێی ئەوەی نەدەکرد ڕۆژئاوا هێندە یەگگرتوو بێت. بەتایبەتی کە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی ئەو سزا بەربڵاو و قورسانە بسەپێنن بەسەر ڕووسیادا، ئەمە هەڵەیەکی گەورەی ئەو بوو. هەڵەی دووەم ئەوە بوو کە پێشبینی نەدەکرد گەلی ئۆکرانیا- نەك تەنیا سوپای ئۆکرانیا- ئامادەی شەڕ بن، چونکە خەڵکێکی زۆری مەدەنی بەشداری لە بەرگریکردن دەکەن لە دژی ڕووسە داگیرکارەکان، هەر ئەمەش هۆکاری ئەوەیە کە هێشتا پایتەختی ئۆکرانیا (کییڤ) و هیچ شارێکی دیکەی گەورە نەکەوتوونەتە دەستی سوپای ڕووسیا. کە زۆر گرنگە ئەمەمان لەیاد بێت. هەڵەی سێیەم ئەوە بوو کە پێشبینی نەدەکرد کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەو کۆدەنگییە دژی داگیرکارییەکە بن. لە دەرئەنجامی هەموو ئەوانەدا من پێم وایە ئابووریی ڕووسیا دووچاری کێشەی گەورە بووتەوە، ئەگەر شەڕەکەش کۆتایی پێ بێت، ئەوا چەندین ساڵی دەوێت لە دوای شەڕەکەوە بۆ ئەوەی ئابووریی ڕووسیا بکەوێتەوە سەر سکەی سرووشتیی خۆی، ئەمەش گەورەترین کێشە دەبێت کە ڤلادمیر پۆتین ڕووبەڕووی ببێتەوە. بە تێڕوانینی من ئەمە دەبێتە هۆی کۆتاییهێنان بە سەروەخت و ڕۆژگاری پۆتین و ئەمە دوالاپەڕەی حوکمڕانییەکەی دەبێت.

*** ئێوە باسی ئەوەتان کرد کە سەرۆك پۆتین هەوڵی لاوازکردنی سیستمی نێودەوڵەتی دەدات، دەکرێت ئەمە زیاتر ڕوون بکەنەوە؟**

- لە دوای ڕووخانی یەکێتیی سۆڤیەتەوە ڕۆژئاوا کەوتە باری لە خۆڕازیبوونەوە، لە کاتێکدا پۆتین سەرقاڵی دروستکردن و بنیاتنانی هێزێکی گەورەی سەربازی بوو، ئەوە بوو وڵاتانی ڕۆژئاوا هەمیشە گفتوگۆیان دەکرد لە بارەی ئەوەی چ ڕێژەیەك لە بودجەکەیان بۆ

بواری سەربازی تەرخان بکەن و، لەم ڕووەوە پتر پشتیان بە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەبەست، کە بە بۆچوونی من ئەمە هەڵەیەکی گەورەی ئەوروپا بوو. ئێستاش ئەوە ڕووی داوە، ڕاچڵەکاندنیانە بەوەی پێویستە بەلای کەمەوە دوو، یان سێ لە سەتای تێکڕای بەرهەمی نەتەوەییان بۆ بواری سەربازی تەرخان بکەن. کەواتە سەرۆك پۆتین سوودی لەم دۆخە وەرگرت. هەروەها پۆتین زۆر پشتئەستور بوو بە پەیوەندییەکانی لەگەڵ چیندا، کە لەوەشیاندا بە هەڵەدا چووبوو، چونکە چین لە هەر وڵاتێکی دیکە زیاتر ڕێز لە سەربەخۆیی و هیچ کاتێك هیچ کەسێك هەڕەشەی لە ڕووسیا نەکردبوو، ڕاستە پەیوەندییەکی ڕکابەری هەبوو، بەڵام مەترسی و هەڕەشە نەبوو لەسەر ڕووسیا، دواتر ئێمە دەزانین پەیوەندی و هاوکارییەکی بەربڵاو و بەرفراوانی ئابووری هەبوو لە نێوان ڕووسیا و ئەوروپادا، بەدەر لە پرسی نەوت و غاز، بەڵکو چەندین بواری گەشەپێدان و وەبەرهێنانیش لە ئارادا بوون، کەواتە دەمەوێت دووپاتی بکەمەوە، هیچ هەڕەشەیەك لە ناتۆوە لە دژی ڕووسیا لە ئارادا نەبوو. ڕاستە من لە هەستیاریی ڕووسیا تێدەگەم کە نایەوێت هێزی ناتۆ لەسەر سنوورەکانی بێت، بەڵام

**پۆتین زۆر پشتئەستور بوو بە پەیوەندییەکانی لەگەڵ چیندا، کە لەوەشیاندا بە هەڵەدا چووبوو، چونکە چین لە هەر وڵاتێکی دیکە زیاتر ڕێز لە سەربەخۆیی و یەکپارچەیی خاکی وڵاتانی دیکە دەگرێت**



یەکپارچەیی خاکی وڵاتانی دیکە دەگرێت، ڕاستە داواکارییان لە دژی تایوان و هۆن کۆنگ هەیە، بەڵام هیچ داواکارییەکیان لە دژی هیچ وڵاتێکی دیکە نییە، کەواتە ئەمەش بە هەڵەداچوونێکی دیکەی گەورەی پۆتین بوو، کاتێك پێی وابوو چین هاوپەیمانی ڕووسیا دەبێت. کەواتە ئەگەر بێینەوە سەر وەڵامی پرسیارەکەتان لە بارەی سیستمی نێودەوڵەتییەوە، ئەوا ئەم سیستمە هەروەك پێشتریش ئاماژەم پێ کرد، لە دوای جەنگی دووەمی جیهانی دروست بوو. ئەوەی جێی سەرنجە ئەوەیە کە ڕووسیا ڕووبەڕووی هیچ هەڕەشەیەك نەبووبووە لەلایەن ئەم سیستمە و لە لایەن ناتۆوە، واتە ڕووسیا ڕووبەڕووی هەڕەشە نەبوو. کەواتە پێم وایە کێشەکە ئەوەیە کە پۆتین بۆ یەك ساتەوەختیش بیری لەوە نەکردەوە کە بۆچی یەکێتیی سۆڤییەت ڕووخا و، لەو ساتەوەی دەسەڵاتی گرتەدەست یەك بیرۆکە خەیاڵی سەرقاڵ کردبوو، چۆن ئیمپراتۆرییەتی ڕووسیا زیندوو بکرێتەوە و تەنانەت خەونی ئەوەی هەبوو دوورتر لە سنوورەکانی یەکێتیی سۆڤییەت بڕوات، ئەمەش ١٥ بۆ ٢٠ دەوڵەتی دەوروبەری ڕووسیای دەگرتەوە، کەواتە لەم ڕووەوە دەیویست گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی بە سەر سیستمە نێودەوڵەتییەکەدا بهێنێت، لە بەر ئەم هۆکارەشە کە تێکڕای جیهان لە دژی ڕووسیا دەوەستنەوە.

**پۆتین بۆ یەک ساتەوەختیش بیری لەوە نەکردەوە کە بۆچی یەکێتیی سۆڤییەت ڕووخا و، لەو ساتەوەی دەسەڵاتی گرتەدەست یەک بیرۆکە خەیاڵی سەرقاڵ کردبوو، چۆن ئیمپراتۆرییەتی ڕووسیا زیندوو بکرێتەوە**

# دیمانەی تایبەت



یانیس ستیڤاچتیس پرۆفیسۆری زانستی سیاسییە لە زانکۆی تەقەنی ڤێرجینیا، لە هەمان کاتدا سەرۆکی بەش و بەڕێوەبەری پرۆگرامی دیراساتی نێودەوڵەتییە لە هەمان زانکۆ، وانەبێژ و توێژەری چەند بوارێکی گرنگە، وەك ستراتیژیەتی یەکێتیی ئەوروپا، پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان، سیاسەتە ناوخۆییەکان، سیستمی جیهانی و نێودەوڵەتی و ئاسایشی نێودەوڵەتی. گوڵان دیمانەیەکی لەگەڵدا ئەنجام دا، کە تەوەرە سەرەکییەکانی پەیوەست بوون بە شەڕی ئێستای ڕووسیا و ئۆکرانیا و هۆکار و دەرئەنجامەکانی ئەم شەڕە و چەند بابەتێکی دیکەی پەیوەندیدار.

## یانیس ستیڤاچتیس
بەڕێوەبەری پڕۆگرامی دیراساتی نێودەوڵەتی لە زانکۆی تەقەنی ڤێرجینیا بۆ گوڵان:

# پێمان ناوەتە دۆخێکی دژوارتر لە ڕۆژگاری شەڕی سارد

*** چ هەڵسەنگاندن و خوێندنەوەیەکتان هەیە بۆ ئەو شەڕەی لە نێوان ڕووسیا و ئۆکرانیا بەرپا بووە؟**

- لە ڕاستیدا ئەوەی هیچ گومان هەڵناگرێت، ئەوەیە کە ئەم هێرش و داگیرکارییە سەربازییە لەلایەن ڕووسیاوە بۆ سەر وڵاتی ئۆکرانیا، نایاساییە و دژ و پێچەوانەی یاسای نێودەوڵەتییە و، نەک هەر تەنیا داگیرکارییەکەی ئۆکرانیا نایاساییە، بەڵکو ددانپێدانانی ڕووسیا بە سەربەخۆیی دوو هەرێمی ڕۆژهەڵاتی ئۆکرانیاش کارێکی نایاساییە. کەواتە ئێمە لە بەردەم دوو کردار و کاری نایاساییداین، داگیرکارییەکە و ددانپێدانان بە سەربەخۆیی ئەو هەرێمانەدا لەلایەن ڕووسیاوە. ئێستاش کە شەڕەکە هەڵگیرساوە و بەردەوامە، ئەوا دەتوانین بڵێین بە چاوپۆشین لە دەرئەنجام و ئاکامەکەی، بەڵام ئێمە پێمان ناوەتە نێو دۆخێکی دژوار و درێژخایەنەوە کە دژوارترە لە سەروەخت و ڕۆژگاری شەڕی سارد، لەبەر ئەوە ناکرێت چاوەڕوانی ئەوە بین کە ئەم دۆخە لە ڕۆژێك و چەند مانگێکدا کۆتایی پێ بێت، یان بە دەربڕینێکی دیکە، بڵێین: ئێمە لە سەرەتای ڕۆژگار و سەردەمێکی نوێداین کە مامەڵەکردن لەگەڵیدا زۆر زەحمەتە، ئەمەش دەرهاویشتەی خۆی دەبێت، نەك هەر تەنیا لەسەر وڵاتانی ئەورووپا، بەڵکو لەسەر ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش، من لێرەدا دەمەوێت دووبارە جەخت لەسەر پێشێلکردنی یاسای نێودەوڵەتی بکەمەوە، کە ویلایەتە یەکگرتووەکانیش لە ساڵی ٢٠٠٣دا و لە کاتی داگیرکردنی عێراقدا ئەم پێشێلکارییەی ئەنجام دا، چونکە هێرش و داگیرکارییەکەی پێچەوانە بوو لەگەڵ ئەم یاسایە و بە بێ مۆڵەتی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان بوو، کە زۆرێك لە وڵاتانی ئەورووپاش هاوڕا نەبوون لەگەڵیدا، دەمەوێت لەم ڕووەوە ئاماژە بەوە بکەم

**نەک هەر تەنیا داگیرکارییەکەی ئۆکرانیا نایاساییە، بەڵکو ددانپێدانانی ڕووسیا بە سەربەخۆیی دوو هەرێمی ڕۆژهەڵاتی ئۆکرانیاش کارێکی نایاساییە**

**چۆن ئەو شەڕ و داگیرکارییەی ساڵی ٢٠٠٣ بۆ سەر عێراق لە دوای تەواوبوونی شەڕەکەش دەرهاویشتە و ئاکامی درێژخایەنی هەبوو، بە هەمان شێوە ئەم شەڕ و داگیرکارییەی ئێستاش دەرئەنجامی درێژخایەنی لێ دەکەوێتەوە**

کە چۆن ئەو شەڕ و داگیرکارییەی ساڵی ٢٠٠٣ بۆ سەر عێراق لە دوای تەواوبوونی شەڕەکەش دەرهاویشتە و ئاکامی درێژخایەنی هەبوو، بە هەمان شێوە ئەم شەڕ و داگیرکارییەی ئێستاش دەرئەنجامی درێژخایەنی لێ دەکەوێتەوە. من لەم ڕووەوە خۆشحاڵم بە بڕیارەکەی کۆمەڵەی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان، کە هەر تەنیا پەیوەست نییە بە ڕووسیاوە، بەڵکو بیرخەرەوەیەکە بۆ سەرجەم وڵاتانی دیکە کە نابێت هیچ وڵاتێك کارێکی لەم چەشنە دژی هیچ وڵاتێکی دیکە ئەنجام بدات.

*** باشە کە شەڕەکە ئەم هەموو دەرئەنجامە** سەربکێشێت بۆ لاوازکردنی شەرعییەت، کە ڕەنگە لێرەدا ئاماژەکردن بە شەڕەکەی ساڵی ٢٠٠٣ی عێراق هاوکارمان بێت بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی ئەم پرسە، لەو کاتەدا چەمکی شەڕی پێشوەختە، یان شەڕی بەرپێگرتن هاتە ئاراوە، کە بەو شێوەیە لێکدانەوە و ڕاڤەیان بۆ دەکرد کە دەبێت تۆ پێشوەختە هێرش بکەیت و یاسای نێودەوڵەتیش پێشێل بکەیت، لە پێناو ئەوەیە ڕێگە لە ڕوودانی پێشهاتێکی خراپتر بگریت، مەبەستم ئەوەیە لە ئێستادا سەرۆکی ڕووسیا ڤلادیمیر پۆتین دەتوانێت هەمان مشتومڕ بکات، هەرچەندە ئەمە بە مانای ئەوە نایەت کە ئەمە ڕاستە، بەڵام من تەنیا



**دەبێت لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانەوە ڕەچاوی شەرعییەت بکرێت، بەڵام کێشەکە ئەوەیە حکومەتێکی جیهانیمان نییە کە ئەم شەرعییەتە لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا بچەسپێنێت**

**خراپەی لێ بکەوێتەوە و دژ و پێچەوانە بێت لەگەڵ یاسای نێودەوڵەتیدا، ئایا پاڵنەر و هۆکارەکانی پۆتین چی بوون بۆ ئەوەی ئەم بڕیار بدات و پەلاماری سەربازی لە دژی وڵاتی ئۆکرانیا ئەنجام بدات؟ ئایا ئامانجەکەی لەم شەڕەدا چییە؟**

- ئەمە پرسیارێکی زۆر باشە، چونکە دەبێت لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانەوە ڕەچاوی شەرعییەت بکرێت، بەڵام کێشەکە ئەوەیە حکومەتێکی جیهانیمان نییە کە ئەم شەرعییەتە لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا بچەسپێنێت، لەگەڵ ئەوەشدا هەندێ ئەولەوییەت و پێداویستیی ستراتیژی هەن، کە ڕەنگە هەندێ جار ئەولەوییەتێکی ستراتیژی دەمەوێت ئەوە بڵێم کە پۆتین لە هزری خۆیدا وای لێك دایەوە کە دەبێت کارێك ئەنجام بدات، پێش ئەوەی درەنگ وەخت بێت بۆ ڕووسیا و، پێش ئەوەی دۆخێك لە وڵاتی ئۆکرانیا دروست ببێت کە ڕووسیا نەتوانێت هیچی لەبارەوە بکات، کەواتە ئەگەر وەڵامەکە پوخت بکەمەوە، ئەوا ڕەنگە هەندێ جار دەوڵەتان خۆیان ناچار ببینن، یان بەو شێوەیە لە بەرژەوەندییە ستراتیژییەکانیان بڕوانن کە دەبێت کردارێك، یان هەنگاوێك بگرنەبەر، کە لە دەرئەنجامدا لاوازکردن و پێشێلکردنی شەرعییەتی لێ بکەوێتەوە. ئەوەی پەیوەست بێت بە ئامانجە سیاسییەکانی سەرۆك ڤلادمیر پۆتینەوە لەم شەڕەدا، ئەوا مەزەندەکە

ئەوەیە کە ڕنگە ئامانجەکەی پۆتین بریتی بووبێت لەوەی ئۆکرانیا بێلایەن بێت و ڕێگری لە بە ئەندامبوونی ئۆکرانیا لە ڕێکخراوی ناتۆ بکات و هیچ سیستمێکی چەك لەو وڵاتەدا (ئۆکرانیا) جێگیر نەکرێت بە ئاراستەی ڕووسیای فیدڕاڵی، ئەوە بوو دەستی کرد بە دەستەبەرکردنی هاوکاری و پارێزگاری بۆ هەرێمەکانی ڕۆژهەڵاتی ئۆکرانیا و، هەوڵی دا ناوچەیەکی دابڕاو دروست بکات، بۆ ئەوەی ڕێگری لە ئۆکرانیا بکات، تاوەکو نەتوانێت دەستی بە دەریای ڕەش بگات، ئێستاش ئەگەر پرسیاری ئەوە بکەین، ئایا ئۆکرانیا دابەش دەبێت، ئەوا ڕەنگە وەڵامەکەی ڕوون نەبێت و نەزانین دەرئەنجامی شەڕەکە چۆن دەکەوێتەوە، بەڵام ئەگەر ئەمە ڕوو بدات و ئەم وڵاتە ببێتە دوو بەش و، ئەگەر بەشی ڕۆژئاوای ببێتە ئەندامی ناتۆ، یان یەکێتی ئەوروپا، ئەوا دەتوانین بڵێین ئامانجە سیاسییەکانی سەرۆك ڤلادمیر پۆتین بە تەواوەتی بەدەست نەهێنراون، هەروەها ئەگەر فنلەندا ببێتە ئەندامی ناتۆ ئەوا بە هەمان شێوە ئەمە دەبێتە هۆی لاوازکردنی ئامانجە سیاسییەکانی پۆتین، کەواتە ئەگەر بمانەوێت هەڵسەنگاندن بکەین و ئەوە دەستنیشان بکەین کە ئایا کێ براوە دەبێت و کێ دۆڕاو دەبێت، یان تا چ ڕاددەیەك لایەنێك براوەیە و لایەنەکەی دیکە دۆڕاو، ئەوا سەرەتا دەبێت لەوە بکۆڵینەوە، ئایا تا چ ئاست و ئەندازەیەکی ئامانجەکانی بەدی هاتوون؟ هەمان شت بۆ ئۆکرانیاش ڕاستە، چونکە ئەگەر ئامانجی حکومەتەکەی ئەوە بووبێت کە ببێتە ئەندامی ناتۆ و ئەمەش ڕوونەدات، لە کۆتاییدا بەشێکی وڵاتەکەشی لەدەست دابێت، ئەوا دەبێت لەم ڕوانگەیەوە هەڵسەنگاندنی بۆ بکەین و حوکمی لەسەر بدەین، ئەمە بۆ وڵاتانی دیکەش ڕاستە، پرسێکی دیکە لێرەدا ئەوەیە کە ڕەنگە هێزە گەورەکان هەندێ ئامانجیان هەبێت، بەڵام بە ئاشکرا ڕاینەگەیەنن و ئەوەی بانگەشەی بۆ دەکەن و باسی دەکەن و لێدوانی لەبارەوە دەدەن، ئامانجی ڕاستەقینەیان نەبێت، بەڵام ئێمە تەنیا دەتوانین لە ڕوانگەی ئەو ئامانجانەوە حوکم بدەین، کە خۆیان ڕایاندەگەیەنن، بۆ نموونە: لە شەڕی ساڵی ٢٠٠٣دا ویلایەتە یەکگرتووەکان ڕایگەیاند کە ئامانجی لە داگیرکردنەکەی عێراق دۆزینەوەی چەکی کۆمەڵکوژی ئەو وڵاتە و لە ناوبردنیەتی، بەڵام دواتر دەرکەوت عێراق ئەم چەکەی نییە، کەواتە ئامانجەکەی خۆی نەپێکا.

*** ئایا لێکدانەوەیەکی وردە ئەگەر بڵێین ڕۆژئاوا و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی پێشبینی ئەوەیان نەدەکرد ڕووسیا دەست بداتە هەڵمەتێکی سەربازیی ئاوا چڕ و گەورە و، لە هەمان کاتدا پۆتینیش پێشبینی نەدەکرد، ڕووبەڕووی ئەو هەموو سزا نێودەوڵەتییانە ببێتەوە؟**

- سەرەتا دەبێت ئێمە ئەوە بزانین، ئایا ڕووسیا خشتەیەکی زەمەنیی بۆ هێرش و دەستێوەردانە سەربازییەکەی دانابوو، ئەوەی لە ڕۆژئاوادا ئاماژەی پێ دەکرێت لەم ڕووەوە، ئەوەیە کە ڕووسیا ٩٦ کاتژمێری دانابوو بۆ تەواوکردنی کردەوە و هەڵمەتە سەربازییەکەی، بەڵام دواتر بەڵگەنامەیەك دزەی کرد و باسی لەوە دەکرد کە ماوەی هەڵمەتە سەربازییەکەی ١٥ بۆ ٢٠ ڕۆژ دەبێت، هەرچۆنێك بێت، ئێمە ئەوەمان پشتڕاست نەکردووەتەوە، ئایا پلانە بنەڕەتییەکە لەم ڕووەوە چی بووە، هەر گەلێکیش دووچاری هێرش و پەلامار ببێتەوە، ئەوای ئەوەندەی پێیان دەکرێت و بەو ئامرازانەی لە بەردەستیانە کار دەکەن بۆ بەرگریکردن لە وڵاتی خۆیان و، ئەمە هیچ گومانێك هەڵناگرێت، ڕاستە هاوسەنگیی هێزی سەربازی زیاتر بەلای ڕووسیادا دەشکێتەوە، بەڵام دەبێت ئەوەش بزانین لە ڕووی مەعنەوییەوە گەلی ئۆکرانیا بەهێزترن. ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ پرسیارەکەی ئێوە ئەوا زانیارییەکانی ئاژانسی هەواڵگریی ئەمریکا لە بارەی ئەگەری هێرشی ڕووسیاوە ورد بوون و، ئەم زانیارییانەش بە حکومەتی ئۆکرانیا دران، بەڵام پرسیارەکە ئەوەیە، بۆچی وڵاتێك کە پتر لە ٤٠ ملیۆن دانیشتووانی هەیە و ساڵانێکە هاوکارییەکی گەورەی سەربازی لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و وڵاتانی دیکە وەردەگرێت، سوپایەکی گەورە و ساز و ئامادەی دروست نەکرد، لە کاتێکدا کە دەیزانی شەڕ بەڕێوەیە. لە کۆتاییدا من دەمەوێت ئەوە بڵێم کە ئێمە دەزانین لە ساڵی ٢٠٠٩ چی ڕوویدا لە پەیوەندی بە جۆرجیاوە، لە ساڵی ٢٠٠٨ داوای ئەوەم کرد کە نابێت ڕۆژئاوا کار بکات بۆ ئەوەی وڵاتێکی وەك ئۆکرانیا ببێتە ئەندامی ناتۆ، ئەگەر هاتوو نەیتوانی بەرگری لێ بکات.

**ڕەنگە هێزە گەورەکان هەندێ ئامانجیان هەبێت، بەڵام بە ئاشکرا ڕاینەگەیەنن و ئەوەی بانگەشەی بۆ دەکەن و باسی دەکەن و لێدوانی لەبارەوە دەدەن، ئامانجی ڕاستەقینەیان نەبێت**

**لە شەڕی ساڵی ٢٠٠٣دا ویلایەتە یەکگرتووەکان ڕایگەیاند کە ئامانجی لە داگیرکردنەکەی عێراق دۆزینەوەی چەکی کۆمەڵکوژی ئەو وڵاتە و لە ناوبردنیەتی، بەڵام دواتر دەرکەوت عێراق ئەم چەکەی نییە، کەواتە ئامانجەکەی خۆی نەپێکا**

**ڕاستە هاوسەنگیی هێزی سەربازی زیاتر بەلای ڕووسیادا دەشکێتەوە، بەڵام دەبێت ئەوەش بزانین لە ڕووی مەعنەوییەوە گەلی ئۆکرانیا بەهێزترن**

**زانیارییەکانی ئاژانسی هەواڵگریی ئەمریکا لە بارەی ئەگەری هێرشی ڕووسیاوە ورد بوون و، ئەم زانیارییانەش بە حکومەتی ئۆکرانیا دران**

# ژینگە پێویستی بە پاراستن و چاککردن و گەشەپێدانی بەردەوامە

ئەرکی پاراستنی ژینگە و چاککردنی، ئەرکێکی نیشتمانی و مرۆییە، لە هەمانکاتیشدا ئەرکێکی ناوخۆیی و جیهانییە، هەروەك ئەرکی تاك و کۆمەڵگەشە لە هەمان کاتدا، چونکە بە دەرکەوتنی شوێنەوارە نەرێنییەکانی پێشکەوتنی مرۆڤ لە بواری پیشەسازی و بیناسازی و داهێنانی چەندین مەکینە و دروستکردنی زۆرێك لە کارگە و زیادبوونی لە ڕاددەبەدەری هۆکارەکانی گواستنەوە، زیادبوونی ژمارەی دانیشتووان، بەکارهێنانی بێ سنووری پێکهاتەکانی ژینگە، گوێنەدان بە چارەنووسی نەوەکانی ئاییندە، زیادبوونی زۆری ڕووبەری خانووبەرە، کەمبوونەوەی ڕووبەری سەوزایی، کشانی ئاسۆیی شارەکان، زیادبوونی دەنگ و ژاوەژاوی کارگە و هۆکارەکانی گواستنەوە، تێکئاڵانی دیمەنە ناهۆرمۆنییەکان و تێکدانی هەستی بینین، کەمیی هۆشیاریی ژینگەیی و بایەخنەدان بە شوێنەوارەکانی پرۆژە ئەنجامدراوەکان و...هتد، هەموو ئەمانە پاڵی بە زۆرێك لە توێژەر و کاربەدەست و هاوڕێیانی ژینگەوە ناوە کە لە ئاست ئەم کێشە زۆرانەدا هەڵوەستەیەك بکەن، بۆیە دەنگی نارەزایی و هاواری ترسناکی و ئاگادارکردنەوە لە زۆر لاوە بڵند بووەتەوە.

بۆ بەرجەستەکردنی ئەم خەمخواردنە، تا دێت دەستە و کۆمەڵە و گرووپ و لیژنە و وەزارەتی تایبەت بە ژینگە لە وڵاتان دێنە ئاراوە، بە جۆرێك کە ڕۆژ نییە لە دەزگاکانی ڕاگەیاندن، یان گۆڤار و بڵاوکراوە تایبەتەکانەوە باس لە پیسبوونی ژینگە و مەترسییەکانی پیسبوونی نەکرێت.


وڵاتی ئێمە و هەرێمی ئێمەش لە سایەی دەستکردن بە پەرەپێدانی فراوان واچاوەڕوان دەکرێت، لە ماوەی ساڵانی داهاتوودا بە شێوەیەکی بەرچاو گرفتەکانی پیسبوونی تێدا دەربکەوێت، پاش گۆڕانی بەرەو ژینگەیەکی پیشەسازی و پڕبوونی شارەکانی بە دانیشتووان و شەقامەکانیش بە هۆکارەکانی گواستنەوە و زیادەڕەوی لە بەکارهێنانی سامانی سرووشتی و بەکاربردنی بێ پلانی زانستی و ئاستێکی بەرزی هۆشیاریی ژینگەیی و ژینگەی ڕۆشنبیریدا.

پسپۆڕان و کاربەدەستانی بواری ژینگە ئەمڕۆ لە جاران زیاتر ئەرکی هۆشیارکردنەوە و ئامادەکردنی باس و لێکۆڵینەوە و ئەنجامدانی ئەو میکانیزمەیان دەکەوێتە ئەستۆ، کە دەتوانرێت بە هۆیانەوە شوێنەوارەکانی ماددە پیسکارەکانی ژینگە نەهێڵن، یان کەمیان بکەنەوە.

ئەمڕۆ پیسبوونی ژینگە بووەتە یەکێك لەو هۆکارانەی کە ئاسایشی گشت جیهانی خستووەتە بەر هەڕەشە و مەترسییەوە، چونکە پیسبوونی ژینگە سنوورە سیاسی و ئیدارییە دەستکردەکان ناناسێت و، پیسبوونی پێکهێنەرەکانیشی لە هەر شوێنێکی دونیادا بێت، کاریگەریی خراپی لەسەر شوێنەکانی دیکەش لە جیهاندا دەبێت.

ئێمەش کە بەشێکین لەم دونیایە و لەسەر یەك خاك دەژین و یەك چارەنووس لەگەڵ تەواوی جیهاندا کۆمان دەکاتەوە، ئەرکی سەرشانی هەر یەکەمانە بەپێی توانا و لە سنووری زانیارییەکانی خۆمان و پێگەی بەرپرسیارێتی خۆماندا، هەنگاوێك بنێین لە ڕێگەی دوور و درێژی پاراستن و چاککردنی ژینگەدا.
لەم پێناوەشدا حکومەتی هەرێمی کوردستان ساڵانێك لەمەوبەر وەزارەتی ژینگەی پێکهێنا و، دواتریش تا ئێستا لە ڕێگەی دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگەوە، بایەخپێدانێکی بەرچاوی بە ژینگە و پێکهێنەرەکانی بووە و هەیە، هەر لەبەر ئەمەشە کە لە کارنامەی کابینەی نۆیەمدا ئاماژەی بەوە کردووە کە: «ژینگەی کوردستان گەورەترین سەرمایەی هەرێمە».

دەستەی ژینگە کە دەستەیەکی چاودێری و هەماهەنگیی ژینگەییە و کار دەکات لەسەر (هەڵسەنگاندنی کاریگەرییە ژینگەییەکان و پرسی



## عەبدولڕەحمان سدیق

بۆ گوڵان دەینووسێت

ڕەزامەندیدان و چاودێریکردن) و (هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەت و دەستە جێبەجێکارەکان) و (بڵاوکردنەوەی هۆشیاریی ژینگەیی)، کار دەکات بۆ ئامانجەکانی لە هەر سێ چەمکی (پاراستن، چاککردن، گەشەپێدانی بەردەوام) و بە ئامرازەکانی وەك (هۆشیاری، یاسا، تەکنۆلۆژیای نوێ)، هەماهەنگیی زۆر و بەردەوامی لەگەڵ دامەزراوە فەرمییەکان هەیە، وەك:

١. سەرۆکایەتیی دیوانی ئەنجومەنی وەزیران.

٢. لیژنەی تەندروستی و ژینگەی پەرلەمانی کوردستان.

٣. وەزارەت و دەستە جێبەجێکارەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان.

٤. کونسوڵ و شاندی وڵاتان.

٥. میدیا و ڕاگەیاندن و هۆشیاریی ژینگەیی.

٦. وەزارەتی ژینگەی عێراق.

بە شێوازێکی وردتریش دەستەی ژینگە لە ماوەی ڕابردوودا هەنگاوی جۆریی زۆری ناوە، وەك:

١. پێکهێنانی یۆردی ڕێکخراوە ژینگەییەکان لەسەر ئاستی پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان.

٢. کاراکردنەوەی ئەنجومەنی پاراستن و چاککردنی ژینگەی هەرێم کە لە سەرۆکی دەستەی ژینگە و دوو شارەزا و نوێنەرانی ژینگەی پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان و بەڕێوەبەرە گشتییەکان لە ١٤ وەزارەتی حکومەتی هەرێم پێك دێت.

٣. کاراکردنی پەیڕەوی پارێزراوە سرووشتییەکان. ئەنجومەنی وەزیران لە ٢٠٢١/٩/١٤ سەرۆك و ئەندانی لیژنەی باڵای بۆ دیار کرد، بەپێی ماددەی ٣ لە پەیڕەوی ژمارە ٩ی ساڵی ٢٠١١ی پەیڕەوی پارێزراوە سرووشتییەکان.

٤. دیارکردنی ڕۆژی ژینگە لە هەر پارێزگا و ئیدارەیەکی سەربەخۆدا بە هەماهەنگی لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکان.

٥. قەدەغەکردنی بەکارهێنانی دەبەی پلاستیکیی ئاو و جگەرەکێشان لە نێو بینای دەستە و فەرمانگەکانی ژینگەدا و، تەنیا بەکارهێنانی ئاوی خاوێنی نێو ساردکەرەوە و پەرداخی لە کارتۆن دروستکراو بۆ ئاو و چا و قاوە، کە بە ئاسانی شی دەبنەوە.

٦. بەخشینی دەسەڵات بە بەڕێوەبەری فەرمانگەی ژینگەی پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان لە پڕۆژەکانی وەبەرهێنان، ئەوانەی کە دەکەونە پۆلێنی (أ)ـەوە لە ڕێنمایی ژمارە ١ی ساڵی ٢٠١٣ بەپێی یاسا و ڕێنماییەکان.

٧. ئامادەکردنی پەیامنێری ژینگەیی لە کەناڵە دیارەکانی میدیا لە ڕێگەی خولی ڕاهێنانەوە.

٨. تەرخانکردنی ئەمساڵ بۆ چالاکییەکانی هۆشیارکردنەوەی ژینگەیی لە ناوەندەکانی خوێندندا.

٩. بەردەوامیی پڕۆژەی پشکنینی هەوا و پێداچوونەوە بە یاسا ژینگەییەکان لە ڕێگەی پڕۆژەیەکی ڕێکخراوی (جی ئای زێد)ی ئەڵمانییەوە.

١٠. داواکردن لە وەزارەتی داد بۆ پێکهێنانی دادگای ژینگەیی، یان هەبوونی دادوەری ژینگەیی لە هەر دادگایەکدا.

١١. پڕۆژەی بەتایبەتکردنی سەیرانگا و شوێنە گەشتیارییەکان بۆ خاوێنیی بەردەوام و زیادکردنی داهات و دابینکردنی هەلی کار.

١٢. دابینکردنی هەلی کار بۆ دەرچووانی بەشی ژینگە لە پڕۆژەکانی کەرتی تایبەت.

١٣. زیادکردنی داهاتی حکومەت لە ڕێگەی هێنانەوەی ئامادەکردنی ڕاپۆرتی هەڵسەنگاندنی کاریگەریی ژینگەیی بۆ فەرمانگەکانی دەستەی ژینگە.

١٤. پێکهێنانی ئەنجومەنی ژینگە لەسەر ئاستی پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان.

# پێگە و پایەی ئافرەت سلە ئایینی ئیسلامی پیرۆز

**دەبێ پیاوان باش بزانن چۆن بە یەک وشە ئافرەت بۆیان حەڵاڵ و حەرام دەبێ، ئەوهاش بە یەک وشە کوشتن و سووتاندن و ئازاردانیشیان حەرام کراوە**

**باوک هەر زوو مۆڵەتی شۆفێری بۆ کوڕەکانی دەردەکات و کچەکانی بێبەش دەکات**

ئافرەت ئەمانەتی خودای گەورەیە لە گەردنی پیاواندا و دیاری و خەڵاتی خودایە بۆ پیاوان.

بۆیە خودای گەورە لە سەرجەم مافەکانیان جەختی لێ دەکاتەوە کە دەبێ پیاوان پارێزگاریی لێ بکەن، نەك بیخۆن و زەوتی بکەن. بە فەرمانی خودا و پێغەمبەر (د.خ) بە یەك وشە لێت حەڵاڵ دەبێت و بە یەك وشەش لێت حەرام دەبێت، ئەویش (نكاح وطلاق)ـن. بۆیە دەبێ پیاوان باش بزانن چۆن بە یەك وشە ئافرەت بۆیان حەڵاڵ و حەرام دەبێ، ئەوهاش بە یەك وشە کوشتن و سووتاندن و ئازاردانیشیان حەرام کراوە، جگە لەوە کۆمەڵێك ئەرك و فەرمانتان بەسەردا فەرز کراوە، هەروەها دەبێ نەرمونیان و لێبوردە بین لەگەڵیاندا، هەر وەکو پێغەمبەر (د.خ) دەفەرمێ: «رفقا بالقوارير» نەرم و هەستیار لەگەڵ شووشەواتە گرانبەهاکان. هەروەها دەفەرموێت: «استوصُوا بالنساء خيرا؛ فإنهن عندكم عَوانٌ» واتە: ئامۆژگاریتان دەکەم بەرامبەر ئافرەتان چاك و باش بن، لەبەر ئەوەی ئەوان (ئافرەتان ) لەلای ئێوە ئەمانەتن.

هەروەها پێغەمبەر (د.خ) دەفەرموێ: «الجنة تحت أقدام الأمهات» واتە: بەهەشت لەژێر پێی دایکانە. مەبەست ڕەزامەندیی بەدەستهێنانی بەهەشت لەژێر پێی دایکانە، هەروەها دەفەرموێ: «أن النبي صلى الله عليه وسلم قال: (حبب إلي من الدنيا النساء والطيب، وجعلت قرة عيني في الصلاة». واتە: ئەوەی لە لای من زۆر خۆشەویستە لە دونیایەکەی ئێوە بۆنخۆشی و ئافرەتە و ڕووناکیی چاویشم لە ناو نوێژدایە.

چەندین دەقی دیکەی جوان لە ئایینەکەی ئێمەدا هەیە و کەسانی چاك و خواناس و لە خوا ترس پەیڕەویان کردووە، بەڵام بەداخەوە لە سەردەمانی پێشووتر و لە ئێستاشدا لە ناو موسڵماناندا و بەتایبەتی خەڵکانێك کە خۆیان بە شوێنکەوتووی ئەم دینە دەزانن و، خۆیان بە کەسێکی پابەند بە یاساکانی شەرع دەزانن، کەچی سەرپێچیی زۆر گەورە دەرحەق بە مافەکانی ئافرەتان دەکەن کە لەسەر شانیاندایە جێبەجێی بکەن. لەو مافانەی پێشێلی دەکەن، بە نموونە: باوك هەر زوو مۆڵەتی شۆفێری بۆ کوڕەکانی دەردەکات و کچەکانی بێبەش دەکات، یان کچ لە خوێندن بێبەش دەکات، یان کوڕ ئازادە کام کچ حەزی لێیە بۆ ژیانی هاوسەری هەڵیبژێرێت، بەڵام کچەکە ناتوانێ هاوسەری ژیانی بە دڵی خۆی هەڵبژێرێت، مەگەر بە دڵی دایك و باوك برا و کەسوکاری بێت، هەروەها لە خواردن و جلوبەرگ و سەفەر و هیتر .. کە ئەمانە پێچەوانەی شەریعەتی پیرۆزی ئیسلامن، لەمانەش کارەساتتر،



مەلا ڕەعد نووری ئۆمەربلی

کارگێڕ و وتەبێژی لقی هەولێری یەکێتیی زانایانی ئایینی ئیسلامیی کوردستان

بێبەشکردنی ئافرەتانە لە بەشە میرات کە فەرز و فەرمانی خودای گەورەی لەسەرە و، ئەوەی بەشە میرات نەدات بە ئافرەت، ئەوە بەزاندنی سنووری خودایە و ستەمی ئەنجام داوە. خودای گەورە دەفەرموێت: «فَرِيضَةً مِّنَ اللَّهِ ۗ إِنَّ اللَّهَ كَانَ عَلِيمًا حَكِيمًا». ئایەتی (١١) کاتێك میرات دێتە بەرباس، ئەوە خودای گەورە دەفەرموێت فەرزێکە لەلایەن خواوە، هەروەها لەبارەی ستەمکردن لە بێبەشکردنی ژن و کچان لە بەشە میرات ئەوە دەفەرموێت: «سنووری خوا مەبەزێنن و ستەم مەکەن». کەواتە ئەوانەی ئافرەت بێبەش دەکەن لە بەشە میرات، ئەوە فەرزێکی خودای گەورەیان جێبەجێ نەکردووە و سنووری خودای گەورەیان بەزاندووە و، ستەمیان ئەنجام داوە و ماڵی خۆشیان بە حەرام تێکەڵ کردووە.

باسێکی دیکەی زۆر گرنگ هەیە کە لە پێش هاتنی ئیسلامی پیرۆز، وەکو کاڵایەکی بازرگانی جاریە و خزمەتکار ڕەفتاریان لەگەڵ کچ و ژن دەکرد، بەڵام کە ئیسلام هات، هەموو شتێك گۆڕا، ئافرەت بوو بە هاوبەش و هاوسەر و خاوەن ماڵ و لە کاتی مارەبڕین دەبێتە خاوەنی داواکاری کە وەکو مارەیی و مافی خۆیەتی کە وەری بگرێت.

پێغەمبەرمان (د.خ) لە سەرەمەرگی و لە کۆتا ساتەکانی تەمەنی هاوەڵانی وا ئامۆژگاری کرد و فەرمووی: «لەو دونیایەی ئێوە دوو شت لای من خۆشەویست و بەنرخە، بۆنخۆشی و ئافرەت، ڕۆناکی چاویشم لە ناو نوێژدایە». دەگێڕنەوە لە سەردەمی خەلیفەی موسڵمانان عومەری کوڕی خەتاب (خودا لێی ڕازی بێت)، پیاوێك دەڕوات بۆ لای ئیمام عومەر بۆ ئەوەی سکاڵا لە هاوسەرەکەی بکات، کە نزیکی ماڵیان دەبێت، دەبینێت هاوسەری ئیمام عومەر وا گلەیی دەکات و دەنگی بە سەریەوە بەرز کردووەتەوە، بۆیە پیاوەکە دەگەڕێتەوە، بەڵام ئیمام عومەر پیاوەکە دەبینێت و بانگی دەکات و هۆکاری هاتن و ڕۆیشتنی لێ دەپرسێت، پیاوەکەش باسی خۆی دەکات و دەڵێت کە تۆم بینی بە دەست هاوسەرەکەت زۆر لە من حاڵت خراپترە، گەڕامەوە. ئینجا ئیمام عومەر (خودای لێ ڕازی بێت) فەرموی: «ئەی پیاوی چاك، هاوسەرەکانمان بۆ ماوەی نۆ مانگ منداڵەکانمان لە سکی خۆیاندا هەڵدەگرن و دوو ساڵ شیری پێ دەدەن و هەژدە ساڵ بەخێوی دەکەن و شیومان بۆ ئامادە دەکات و، میوانەکانمان بەڕێ دەکات، جلوبەرگمان دەشوات و ماڵەوە خاوێن دەکاتەوە و هیتر ...»

جا دەبێ ئەوە بزانین، چۆن ژیانی دونیا بێ ئافرەت نابێت، هەر ئەوهاش بەهەشت بێ ئافرەت خۆش نییە، کەواتە ژن یەعنی ژیان.

**کوڕ ئازادە کام کچ حەزی لێیە بۆ ژیانی هاوسەری هەڵیبژێرێت، بەڵام کچەکە ناتوانێ هاوسەری ژیانی بە دڵی خۆی هەڵبژێرێت**

**ئەوانەی ئافرەت بێبەش دەکەن لە بەشە میرات، ئەوە فەرزێکی خودای گەورەیان جێبەجێ نەکردووە و سنووری خودای گەورەیان بەزاندووە و ماڵی خۆشیان بە حەرام تێکەڵ کردووە**

# بۆ دەبێت باجی ئازادی ئافرەت کوشتن بێت؟

**وێڕای بوونی بەڕێوەبەرایەتی گشتی ڕووبەڕوو بوونەوەی توندوتیژی دژ بە ئافرەتان و سەرەڕای هەوڵەکانی حکومەت و ڕێکخراوەکانی تایبەت بە پاراستنی مافی ئافرەت، ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ئامارەکانی کوشتنی ئافرەت بە دەستی کەسە نزیکەکانی لە هەڵکشاندایە، تەنیا لەم چەند مانگەی ساڵی تازە شەش ئافرەت بە بیانوو و پاساوی جیاواز کوژراون. لە ڕاپۆرتێکی گۆڤاری گوڵان پارێزەر و چالاکانی پاراستنی مافی مرۆڤ داوا دەکەن با چیتر باجی ئازادی کوشتن نەبێت.**

**گوڵان: کۆمەڵایەتی**

تاڤان حەکیم، پارێزەرە لە دادگای بەرایی ڕانیە و سەرەتا باسی ئەوە دەکات کە «تا دێت توندوتیژی و گرژییەکان بەرامبەر بە ژنان ڕوو لە زیادبوونە و لە ناویاندا کوشتن بووە بە مۆدێلێکی قێزەوەن، هەژموونی ژنکوشتن بە هەر بیانوویەك لە هەر کۆمەڵگەیەکدا قێزەوەنترین تاوانی دژ بە ژن و مرۆڤایەتی و مافی مرۆڤە، لە کاتێکدا لە شەرع و یاساشدا شتێك نییە بە ناوی کوشتن لەسەر شەرەف». هاوکات دەڵێت: «لە ڕۆژگاری ئەمڕۆماندا هەمیشە و هەمیشە مانشێتی ڕۆژانەی ڕۆژنامە و کەناڵەکان بوون بە بابەتی ژنکوشتن و، تەنانەت بە شێوەیەکی زۆر ئاسایی تێ دەپەڕێت و لە بیر دەکرێت». گوتیشی: «وەرن با هەشتی مارس بکەین بە مەشخەڵێك بۆ بەگژداچوونەوەی کوشتنی ژن و منداڵ و پیاو و کەرامەت بۆ ئینسان بگەڕێنینەوە.

کوشتن و سەندنەوەی ڕۆحێك لە ئینسانێك لەژێر هەر ناو و نیشانێکدا بێت، گەورەترین و بێ ئەخلاقترین تاوانە، نەفرەت لە کوشتن».

ئیدریس محەمەد ڕێنماییکاری دەروونییە و لە ڕوانگەیەکی دەروونناسییەوە شرۆڤەی پرسەکە دەکات و دەڵێت: «دیوێکی دەروونی و کۆمەڵایەتی بۆ دیاردەی کوشتنی ژن (ژنکوژی) هەیە، ئەگەر بە دیوێکی زانستی دەروونی لەو بابەتە بڕوانین، پێناسەیەکی جیاواز هەڵدەگرێ لەو بۆچوونانەی خەڵکی بەگشتی پێناسەی دەکەن. لە ڕووی دەروونییەوە هەر کارێك بە کۆمەڵێك فاکتەری بۆماوەیی و ژینگەییەوە بەستراوەتەوە، بۆیە دەتوانین لە ڕێگەی چەند هۆکارێکی دەروونی کوشتنی ژنان لەلایەن پیاوانەوە پێناسە بکەین. لەو هۆکارانە:

ـ بەو پێیەی سایکۆلۆژیەتی پیاو شەڕانگێزتر و هەڵچووتر دەردەکەوێ، بۆیە زیاتر پەنا بۆ توندوتیژی و کوشتنی ڕەگەزی بەرامبەر دەبەن.

ـ زۆرجار کەسێتی خۆسەپێنی پیاوان هۆکارە بۆ پەنابردن بۆ ئەو دیاردەیە.

ـ لە بەر ئەوەی پیاوان زۆرتر لە ئافرەتان ڕووبەڕووی فشارەکانی کار و پیشە و دەرەوەی کۆمەڵگە ئەبنەوە، زیاتر هەلی پەنابردنیان بۆ ئەم دیاردەیە هەیە.

ـ هەروەها یەکێ لە هۆکارەکانی ژنکوشتن بەکارهێنانی مادە هۆشبەرەکان و خواردنەوە کهولییەکانە لەلایەن پیاوانەوە.

ئەمانە و زۆر هۆکاری دیکە هەن، لەگەڵ ئەمەشدا مەرج نییە تاوانی کوشتنی ڕەگەزی بەرامبەر تەنیا پیاوان بن، بەڵکو ئافرەتانیش بەو کارە هەڵدەستن، بەڵام بە ڕێژەیەکی کەمتر».

ئەو دەروونناسە باشترین ڕێگەی چارەسەری بە ڕێگریکردن و تەندروستکردنی خودی هۆکارەکان بزانێت و بەمجۆرە خاڵبەندییان دەکات:

ـ پیاوان زیاتر لە سایکۆلۆژیای خۆیان تێ بگەن و هەوڵی هاوسەنگیی هەڵچوونیان بدەن.

ـ ئاستی ڕۆشنبیری و دونیابینی زیاتر پەرەی پێ بدرێ.

ـ بەهێزکردنی ئاستی دینداری و پابەندی ئایینی،کە یەکێکە لە فاکتەرە هەرە باشەکان و ڕۆڵێکی باشی لە کەمکردنەوە کردەکانی کوشتن هەیە.

ـ کردنەوەی خول و وۆرکشۆپی هۆشیاری بۆ پیاوان و ئافرەتان، لە هۆشیاری ڕۆشنبیریەتی (دەروونی، کۆمەڵایەتی، ئایینی و...هتد».

کەلسوم گەزنەیی توێژەری کۆمەڵایەتییە و لە دەستپێکی وتەکانیدا جەخت لەوە دەکاتەوە کە: «تۆڕە

**هەمیشە مانشێتی ڕۆژانەی ڕۆژنامە و کەناڵەکان بوون بە بابەتی ژنکوشتن و، تەنانەت بە شێوەیەکی زۆر ئاسایی تێ دەپەڕێت و لە بیر دەکرێت**

**وەرن با هەشتی مارس بکەین بە مەشخەڵێک بۆ بەگژداچوونەوەی کوشتنی ژن و منداڵ و پیاو و کەرامەت بۆ ئینسان بگەڕێنینەوە**



کۆمەڵاتییەکان بە دروشمی بریقەدار و دژی ژن کوشتن تەنراون»، هاوکات دەڵێت: «من هیچ کات لەگەڵ ئەوە نیم، کچان و ژنان بە ناوی ئازادی و بوێری لە پیادەکردنی مافەکانیان هان بدرێن و خێزان پەرتەوازە بکەن. بەشێك لە پیاوانی هەر کۆمەڵگەیەك چلێسی سێکس و هەوسبازین و ژن وەکو کاڵایەکی سێکس دەبینن، بەشێك لەو پیاوانەش کە بە ناوی مافی ژن و ئازادیی ژن قسە دەکەن، هەر ئەوانن دواتر لە پێناو ئارزووی سێکسیی و بۆ تێرکردنی حەزی خۆیان بەکاریان دەهێنن و لە ژێر چەتری هەست و سۆز ئیستیغلال دەکرێن، ئەوانە سوود لە بازاڕی سەرمایەداری وەردەگرن بۆ بە کاڵاکردنی ژن و بێنرخکردنی مرۆڤ». گوتیشی: «من داوام ئەوەیە لە ژنان و کچانی کورد لە چوارچێوەی خێزانەکانتان مافەکانتان پیادە بکەن و خۆتان مەکەن بە نێچیری پیاو دڕندەکانی کۆمەڵگە، ئەوانەی بە ناوی ئازادی و ماف هانتان دەدەن، درۆ دەکەن.»

پارێزەر کارزان هەنارەیی سەبارەت بە هەمان پرس دەڵێت: «کوشتن بەگشتی لە کۆمەڵگەی ئێمەدا لە حاڵەتەوە بووەتە دیاردە، بەتایبەتی کوشتنی ئافرەت لەژێر کاریگەرییە جیاوازەکاندا، وەك دەبینین بەشێك لە توندوتیژی و کوشتنی ئافرەتان لە لایەن کاسانێکی دەروون نەخۆش و ئالوودە بە قومار و ماددەی هۆشبەر و مەی ئەنجام دەدرێت، بەشێکی دیکەی ڕووداوی نەخوازراوە و لە ئەنجامی هەڵچوونێك و لێك تێنەگەیشتنێك ڕوو دەدەن، بەشێکیشی لەژێر ناوی کەرامەت و شەرەف و نامووس ئەنجام دەدرێت، کە ئەمەش لە کۆمەڵێك کردار و پەرچەکرداری ئەو کردارەوە ئەنجام دەدرێت، بێ ئەوەی سەرەتا ڕاستی و دروستی و پاڵنەری بابەتەکە بزانن، تاوانی کوشتن ئەنجام دەدەن، بەڵام لە بەرامبەر یاسادا کوشتن هیچ پاساوێکی بۆ نییە، بەتایبەت لەسەر هەندێك ڕەفتار و قسەی کۆمەڵگە».

دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ لەگەڵ هەژمونی کوشتنی ئافرەتان و هاوکات لەگەڵ ڕۆژی جیهانیی ئافرەتان، لە بەیاننامەیەکدا ڕایگەیاند:

دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ ئەو یادە پیرۆز دەکات لە هەموو ئافرەتانی جیهان و کوردستان بەتایبەتی و هیواداریـن ئافرەتان شاد ببنەوە بە سەرجەم مافە ئاسایی و مەدەنییەکانیان. ئافرەتانی کوردستان مێژوویەکی پڕ لە شانازییان هەیە لە خەبات و تێکۆشانی گەلی کوردستان لەپێناو ئازادیی کوردستان. بەداخەوەش لە کاتێکدا ئەو یادە دەکەینەوە تەنیا سەرەتای ئەمساڵ شەش ئافرەت بوونەتە قوربانیی هەندێ کەلتوور و بیرکردنەوەی دواکەوتووی کۆمەڵگە، کوتا جاریش ٦ی ئەم مانگە ئافرەتێك لە پێش چاوی خەڵك لە هەولێر کوژرا. ئێمە بە توندی ئیدانەی دەکەین، ئەم تاوانانە کاریگەرییان زۆرە بۆ سەر ڕەوشی ئافرەتان و مایەی نیگەرانیی هەموو مرۆڤدۆستان و ئازادیخوازانە و دەبێت هەموو هەوڵەکان چڕ بکرێنەوە بۆ ڕێگریکردن و کۆتاییهێنان بەو جۆرە توندوتیژی و هەڕەشانە و بە هیچ جۆرێك ئەوانەی ژن دەکوژن، بەر لێبووردن و سوڵحی عشایری نەکەون و ئازاد نەکرێن، چونکە ئەوانە مەترسین بۆ سەر ژیان و مرۆڤایەتی».

دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ لە کۆتایی ڕاگەیەندراوەکەیدا دەڵێت: «لەو ڕۆژەدا پشتیوانی تەواوی داواکاری و مافەکانی ئافرەتان دەبین بۆ گەیشتن بە ئاوات و ئامانجە پیرۆزەکانیان و داکۆکیکردن لە مافە ڕەواکانیان و ڕووبەڕووبوونەوەی زوڵم و هەڕەشە و توندوتیژی بەرامبەریان».

**کوشتن و سەندنەوەی ڕۆحێک لە ئینسانێک لەژێر هەر ناو و نیشانێکدا بێت، گەورەترین و بێ ئەخلاقترین تاوانە**

**یەکێ لە هۆکارەکانی ژنکوشتن بەکارهێنانی مادده هۆشبەرەکان و خواردنەوە کهولییەکانە لەلایەن پیاوانەوە**




سارا حسێن:

# لە هەموو دۆخێکدا پێویستە خانمان شانبەشانی پیاوان کار بکەن

خانمان لە کێبڕکێی بردنەوە و قازانجکردندا هەنگاوی باشیان بڕیوە و، توانیویانە بەربەستەکان بشکێنن و لە چوار دیواری ماڵ بێنە دەرێ و تێکەڵ بە دونیای کار و سەرمایەداری بن. سارا حسێن یەکێکە لەو خانمانە و سەرەڕای ئەوەی دەرچووی زانکۆیە و شارەزایە لە زانستی خۆراك، هۆڵێکی وەرزشی بۆ خانمان کردووەتەوە و لەم دیدارەشیدا لەگەڵ گۆڤاری گوڵان زیاتر باسی ژیانی خۆی و ئاسۆی داهاتووی دەکات.

گوڵان: کۆمەڵایەتی

شێف ئارەزوو حەمەتەقی:

# حەز دەکەم چێشتخانە یان کارگەیەکم هەبێت و هەلی کار بۆ چەندین خاتوون بڕەخسێنم

ئافرەتی کورد لە دێر زەمانەوە وێڕای ئەرکی دایکایەتی چەندین کاری دیکەی بە جورئەتەوە ئەنجام داوە و، شانبەشانی باوك و برا و هاوسەر لە دەستەبەری بژێوی خێزان بەشدار بووە، ئەمڕۆش خۆشبەختانە خانمان لە مەیدانی کاردا جێ پەنجەی خۆیانیان کردووەتەوە و بوونی خۆیان سەلماندووە. ئارەزوو حەمەتەقی دەرچووی زانکۆیە لە بەشی ژمێریاری و خانمە کابانێکی دانیشتووی دەربەندیخانی باشووری کوردستانە، ئەو لە ماڵەکەی خۆیدا خواردن و شیرینی دروست دەکات، وەك خۆی باسی دەکات لە ڕێگەی سۆشیال میدیاوە بەرهەمەکانی ساغ دەکاتەوە و لەم گفتوگۆیەدا بەمجۆرە باسی کارەکانی بۆ خوێنەرانی گۆڤاری گوڵان دەکات.

گوڵان: کۆمەڵایەتی

ئارەزوو حەمەتەقی بە هۆی ئەوەی لە کەرتی گشتی و تایبەت دانەمەزراوە، بیرۆکەی ئەوەی بۆ دروست بووە کە لە ناو ماڵەکەی خۆیدا خواردن و شیرینی دروست بکات. ئارەزوو بەمجۆرە باسی تێکەڵبوونی خۆی بە بازاڕی کار دەکات: «هەر کەسێك خواردن و شیرینییەکانمی دەخوارد، زۆر لێی ڕازی بوو. دواتر بیرم کردەوە کە دەست بکەم بە کاری دروستکردنی خواردن و شیرینی لە ماڵەکەی خۆم و بێ کار دانەنیشم و هەر چاوەڕێی دامەزراندن بم و سوپاس

سارا حسێن دانیشتووی کەلارە وەدەرچووی بەشی زانستی خۆراکە و وەك خۆی باسی کرد، تەمەنی ٢٥ ساڵە و لە ئێستادا هۆڵێکی وەرزشیی تایبەت بە خانمانی کردووەتەوە بە ناوی (سومەیە فیتنیس). کاتێك پرسیاری ئەوەی لێ کرا: ئایا ئەو هۆکارانە چی بوون کە وایان کرد بیرۆکەی کارکردنی ئازادت لا دروست بێت؟ لە وەڵامدا دەڵێت: «من لە دوای تەواوکردنی زانکۆ بە بەردەوامی کارم کردووە و خۆم ماندوو کردووە بۆ ئەوەی کاری خۆم هەبێت، لە کۆتاییدا سوپاس بۆ خوا، بوومە خاوەنی کاری خۆم، لەگەڵ ئەوەشدا پەیجێکم هەیە لە ئینستا بە ناوی sara hussein کە زانیاریی تەندروستی تێدا پۆست دەکەم».

سارا حسێن زانستی خۆراك و وەرزشی لێك گرێ داوە و هەر لەو بارەیەوە دەڵێت: «من لەبەر ئەوەی زاستی خۆراکم خوێندووە، بیرم لەوە کردەوە چەند خواردنی تەندروست بخۆیت، پێویستت بە وەرزش هەیە بۆ ئەوەی تەندروستییەکی باشتر هەبێت، هەروەها چەند وەرزش بکەیت، خواردنت رێك نەبێت، ناتوانی کێش دابەزێنیت».

سارا زۆر سوپاسی هاوکارێکی خۆی دەکات و دەڵێت: سومەیە زۆر هاوکارم بووە لەم ئیشە و بە ئیستایشەوە لەگەڵ یەك کار دەکەین، بۆیە زۆر سوپاسی دەکەم».

لەپێناو سەلامەتیی دەروون و جەستەش گوتی: «وەرزش جگە لەوەی کە زۆربەی خەڵك لەبەر کێش دابەزاندن رووی تێ دەکەن، بەڵام جگە لەوەش سوودێکی زۆری بۆ تەندروستی هەیە، بەتایبەتی بۆ ئەو کەسانەی زەختیان هەیە، کە زۆر گرنگە وەرزش بکەن، چونکە دڵ بەهێز دەکات و فشاری خوێن دادەبەزێنێ، هەروەها بۆ نەخۆشیی شەکرە بەپێ رۆیشتن و راکردن زۆر بەسوودە، چونکە کاری ئەنسۆلین باشتر دەکات و شەکری خوێن کۆنترۆل دەکات، بۆ نەخۆشیی بەرزیی چەوری وەرزشکردن باشترین چارەسەرە، چونکە چەوری زیادە لەناو دەبات و قەڵەوی کەم دەکاتەوە، بۆ نەخۆشیی شەقیقە یەکێك لە چارەسەرە کاریگەرەکان وەرزشکردنێکی بەردەوامە. بۆ ئەو کەسانەش کێشەی هەرسیان هەیە یان هەوکردنی گورچیلەیان هەیە، زۆر بەسوودە».

واز لە پرسیاری وەرزشی دەهێنین و دەپرسین: ئایا کارکردنی خانمان بۆ بارودۆخی ئەمرۆی کوردستان تاچەند زەرورە؟ سارا لە وەڵامدا دەڵێت: «لە هەموو دۆخێکدا کارکردنی خانمان زەرووره و پێویستە شانبەشانی پیاوان کار بکەن. پێشتر کار کەمتر بوو بۆ خانمان، بەتایبەت لە شارە بچووکەکان، بەڵام ئێستا خۆشبەختانە کار زۆرە و شتێکی زۆر باشە ژن و پیاو پێکەوە کار بکەن بۆ باشترکردنی ژیانیان و هەوڵدان بۆ خەونەکانەکانیان. منیش زۆر دڵخۆشم کە وەك خانمێك کار دەکەم، پێم وایە خانمانیش دەتوانن کار بکەن و وەك پیاوان هاوکاری خێزانەکانیان بن.»

وەك دوا وتەشی بۆ خوێنەرانی گوڵان گوتی: «تەنیا ئەوەندە دەڵێم: پێویستە خانمان هەرگیز بێ هیوا نەبن و هەوڵ بدەن و کار بکەن و تەندروست بژین و وەرزش بکەن و چێژ لە ژیان ببینن. یەکجار دەژین و ژیان دووبارەبوونەوەی نییە. لێرەوە زۆر سوپاسی خانەوادەکەم دەکەم، ئەوان زۆر پشتگیرم بوون، بە تایبەت هاوژینەکەم سوپاسی ئەکەم ئەو باشترین پاڵپشتمە.»

بۆ خوا هیچ رێگرییەکم نەبوو، بە پێچەوانەوە هاوسەری ژیانم لەگەڵ خێزانەکەم بە گشتی زۆر پشتگیرم بوون.» لە بارەی داهاتی خۆیشی گوتی: «لە بەر ئەوەی لە دەربەندیخان دەژیم و ئێرەش وەك شارە گەورەکان نییە، بەڵام هەر چۆنێك بێت ئەگەر برێکی کەمیش بێت، باشترە لەوەی بێ کار دانیشم و چاوەرێی دامەزراندن بم، هەر بەوەش تا رادەدیەك هاوکاری خێزانەکەمم لە رووی داهاتەوە».

کاتێك لە ئارەزوو دەپرسین: وەکو دایکێك چۆن هاوسەنگی لەنێوان کارەکەت و دایکایەتی رادەگریت؟ لە وەڵامدا دەڵێت: «من دایکی دوو کوڕی جوانم و هەرگیز دایکایەتیم پشتگوێ نەخستووە، ئەگەرچی کارکردنەکەشم زۆر قورس بوویێت. واتە بە هۆی خۆشەویستیم بۆ کارەکەم، پەروەردەی منداڵەکانم نەبووەتە رێگر و پشتگوێم نەخستووە، لە بەر ئەوەی لە ماڵەوە کار دەکەم، دەتوانم چاودێریی منداڵەکانیشم بکەم و کاری ماڵەوەش بەرێ بکەم». سەبارەت بە ساغکردنەوەی خواردنەکانیشی گوتی: «خواردنەکانم بە شێوەی ئۆنلاین و دیلیڤەری دەفرۆشم و هەندێك جاریش موشتەرییەکانم خۆیان دێن و داواکارییەکانیان دەبەن».

ئارەزوو بەمجۆرە باسی خەونەکانی خۆی بۆ داهاتووی دەکات: «حەز دەکەم چێشتخانەیەکی تایبەت بەخۆم هەبێت، تەنانەت ئەگەر بکرێت کارگەیەکم هەبێت و هەلی کار بۆ چەندین خاتوونی دیکە برەخسێنم، ئامۆژگاریشم بۆ ئەو خاتوونانەی کە دەیانەوێت دەست بە کار بکەن، ئەوەیە کە پێش هەموو شت لە شکست نەترسن، بەردەوام هەوڵی خۆیان بدەن، ئەگەر لە کارێکیشدا سەرنەکەوتن، نائومێد نەبن و دەست بەکارێکی دی بکەن و هەرگیز لە هەوڵدان بێزار نەبن. چونکە هەر رێگرێك بێتە رێت، ئەگەر کەسێکی سەرکەوتوو نەبیت و متمانەت بە خۆت نەبێت، ناتوانی بەسەریدا زاڵ بیت. لە کۆتاییدا رێز و خۆشەویستیم هەیە بۆ خوێنەرانی گۆڤاری گوڵان و دەستخۆشیم هەیە بۆتان بۆ رێکخستنی ئەم جۆرە چاوپێکەوتنانە لەگەڵ ئەو کەسانەی خاوەن کاری خۆیانن، ئەمە خۆی لە خۆیدا پشتگیرییەکە بۆمان سوپاس و پێزانینم هەیە و هەر سەرکەوتوو بن».



# ئەو فیلمەی داهاتی لە ١٠ دۆلار کەمتر بوو

فیلمی (معالی ماما) بەهۆی کەمیی داهاتەکەیەوە مشتومڕێکی زۆری ناوەتەوە، چونکە لە ماوەی یەک هەفتەدا داهاتەکەی کەمتر بوو لە (١٠) دۆلاری ئەمریکی. کۆمپانیای بەرهەمهێنەری فیلمەکە دوای هەفتەی سێیەمی نمایشکردن، بڕیاریدا فیلمە بکشێنتەوە، بەڵام سەرەڕای ئەو شکستەش، ئەستێرەکانی فیلمەکە بەرامبەر بە کەمی داهاتی فیلمەکە کاردانەوەی فەرمییان لە سۆشیال میدیا نەبوو.

فیلمەکە باس لە ئافرەتێك دەکات کە سێ منداڵی هەیە، دوای ئەوەی تووشی چەند گرفتێك دەبێتەوە، دەیەوێ هاوسەنگییەك دروست بکات لە نێوان بەڕێوەبردنی ماڵەکەی وەك دایکێك و کاری خۆی وەك بەرپرسێك. بوشرا کە ئەستێرەی سەرەکیی فیلمەکەیە، ڕایگەیاند: دوای ئەوەی داوایان لێ کرد بەشداری لە فیلمەکەدا بکات، ڕەزامەندیی دەربڕی بۆ بەشداری کردن، هەروەها دەڵێت کە فیلمەکە باس ئافرەتێکی بەهێز میسری و منداڵەکانی دەکات، کە دەیەوێت فرتوفێڵ بدۆزێتەوە بۆ بەڕێوەبردنی ماڵەکەی، کە هەندێك جار دەگاتە پەنابردن بۆ سیحر و جادوو، هەرچەندە دەیەوێ سەرکەوتنی خۆی بسەلمێنێت لە بەڕێوەبردنی ماڵەکەی و کارەکەیدا کە وەزیری پەروەردە و فێرکردنە، بەڵام لەبەر ئەوەی کە هاوسەرەکەی کۆچی دوایی کردووە، بەهۆی کەمی کاتی تەرخانکراو بۆ پەروەردە کردنی کوڕەکانی دوچاری ئاستەنگی زۆر دەبێتەوە، کە لە ئەنجامدا گرفت لە نێوانیاندا درووست دەبێت، ئەمەش ناچاری دەکات ڕۆڵی ناوبژی ببینێت بۆ چارەسەرکردنی گرفتەکانیان، بوشرا ئەوەشی ڕاگەیاندووە کە بەهۆی ئەو ڕۆڵەوە زۆر لە ڕەخنەگران ستایشی ڕۆڵەکەیان کردووە.

جگە لە بوشرا ژمارەیەك لە ئەکتەرانی میسری لە فیلمەکەدا بەشدارن، وەك: حسام داغر، سامی مەغاوور عەلاء مورسی، محەمەد عەلی، شەریف باهیر و ژمارەیەك ئەستێرەی لاو، کە بۆ یەکەم جارە بەشداری دەکەن.

**سەرچاوە: لها**



# سەلما حایک خەڵاتی

خانمە ئەکتەری بە ڕەچەڵەك لوبنانی (سەلما حایك) دوای بەدەستهێنانی خەڵاتی (STARmeter)، وێنەیەکی خۆی لەسەر ئەکاوەنتی تایبەتی خۆی لە ئەنستاگرام بڵاوکردەوە، کە بەبۆنەی تێپەڕبوونی بیست ساڵ بەسەر دەستپێکردنیدا، لەلایەن کۆمپانیای (IMD)ەوە پێشکەش دەکرێت. سەلما لەژێر وێنەکەیدا نووسیبووی: «خۆشحاڵم کە یەکەم کەسم ئەم خەڵاتە بەدەست دەهێنم بەبۆنەی ساڵیادی بیستەمینی، سوپاسی گشت هەوادارانم دەکەم، ئەم خەڵاتە شەرەف و شانازییەکی گەورەیە بۆ من.

لەپاڵ وێنەی خەڵاتەکەدا سەلما ڤیدیۆیەکی پێکەنیناویی خۆی بڵاوکردبووەوە، کە لە ئاهەنگی دابەشکردنی خەڵاتەکانی (SAG Awards) لە

# هاوڕێکەی پۆتـــــــ

ستیڤن سیگاڵی ئەستێرەی فیلمی ئەمریکی کە بە هاوڕێی ڤلادیمیر پوتینی سەرۆکی ڕووسیا ناسراوە، باسی لە هەڵوێستیی خۆی کرد لەسەر هێرشەکەی ڕووسیا بۆ سەر ئۆکرانیا کە ماوەی دوو هەفتەیە دەستی پێ کردووە، سیگاڵ کە هەڵگری ڕەگەزنامەی هەرسێ وڵاتی ئەمریکا و ڕووسیا و سربیایە، گوتی: «زۆربەی ئێمە دۆست و خێزانمان لە ڕووسیا و ئۆکرانیا هەیە و دڵمان لەگەڵیاندایە». ئەستێرەی تەمەن ٦٩ ساڵی هۆلیوود زیاتر گوتی: «لە خودا دەپاڕێمەوە کە ئەو دوو وڵاتە بە شێوەیەکی ئاشتییانە چارەسەرێك بۆ گرفتەکانیان بدۆزنەوە و لەو ڕێگەیەوە بە ئاشتی و سەرفرازی پێکەوە بژین». سیگاڵ هاورێیەتییەکی بەهێزی لەگەڵ پوتیندا






# (IMDb)ی بە دەست هێنا

دەستشۆرەکان دووچاری بووبو، ڤیدیۆکە بریتی بوو لە کاتی تێپەڕبوونی لە دەستشۆر و گیربوونی دەستکێشەکەی لەگەڵ کراسی خانمە ئەکتەری ئەمریکی (فران دریشر) کە کار گەیشتە ئەوەی داوای یارمەتی بکەن، بۆ کردنەوەی گرێیەکە، دوای چەندین هەوڵ یەکێك لە ئافرەتە کارکەرەکان توانیی گرێیەکە بکاتەوە، ئەمەش پێش سەرکەوتنی سەلما بوو بۆ سەر سەکۆ، بە مەبەستی بەخشینی خەڵاتی باشترین ئەکتەر لە فیلمی سینەمایی، یان درامای (سنووردار) ی مایکڵ کیتۆن، سەلما لە ئەنستاگرام دەربارەی ڕووداوەکە نووسیبووی: «دەستکێشەکەم و کراسی فران پێکەوە بەشێوەیەکی سەیر گیر بوون، بۆیە ماوەیەك دواکەوتم بۆ پێشکەشکردنی خەڵاتەکە بە مایکڵ، ئەوەی سەیرە ئەوەیە کە لە شوێنێکی دیکە فران دووچاری هەمان ڕووداو بووبوو.

**سەرچاوە : سیدتی**

## ـــــین دژی جەنگە

هەیە و، لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا چەندین جار سەردانی ئاسایی بۆ ڕووسیا کردووە و، یاوەریی پۆتنی کردووە لە چەندین چالاکیی هونەری جەنگیدا، کە سەرۆکی ڕووسیا پێی ناسراوە.

سیگال لە ساڵی ٢٠١٦ ڕەگەزنامەی ڕووسیای پێ بەخشرا و، لە ساڵی ٢٠١٨ مۆسکۆ وەك نێردەی تایبەتی بۆ پەیوەندییە مرۆییەکانی لەگەڵ ئەمریکا داینا، بەردەوام بەرگریی لە سیاسەتەکانی پۆتین کردووە، بەتایبەتی دوای داگیرکردنی دوورگەی کریمیا لە ساڵی ٢٠١٤، کە لە ئەنجامدا ئۆکراینا بڕیاریدا بۆ ماوەی پێنج ساڵ چوونە نێو خاکەکەی لێ قەدەغە بکات.



**سەرچاوە: ئەلعەرەبی نیوز**



# مووزیکی گوند مووزیکی شار

**تا کۆتایی سەدەی بیستەم، ئێمە لە زمانی نووسیندا وشەی (مۆسیقا)مان بەکار دەهێنا. لەگەڵ نوێ بوونەوەی سەدە، وشەی وەك (موزیك، مووزیك، میوزیك) کەوتنە سەر زاری خەڵك و نێو نووسینی کوردییەوە. من و تۆ هەر کام لەو وشانە بەکار بهێنین، هەڵەمان نەکردووە، بە تایبەتی کە زمان بۆ خۆی چەشنی زیندەوەر وایە، دروست وەك درەخت وایە، گەڵای نوێ دەر دەکات، گەڵای کۆن یان بێ کەڵکی لێ دەوەرێت.**

**ئا/ تاریق کارێزی**


بە حوکمی ئەوەی گوند پێش شار دروست بووە، سەرەتا مووزیك لە گوندەوە پەیدا بووە. خەڵکی گوندیش لە دەنگی دیاردەکانی سروشتەوە گوێیان لە مووزیك بووە. دەنگی مەل و باڵندە، گیاندار و ئاژەڵان، خوڕە و قەڵبەزەی ئاو، کسپەی گەڵاڵی دار، گرم و هۆڕی هەور، هاژەی با. هتد. هەموو ئەمانە گوێ و دەروونی مرۆڤیان ئالوودە بە دەنگی مووزیك کردووە. هەر بۆیە لە گوندەواری کوردستان چەندین ئامێری مووزیك پەیدا بوون، شمشاڵ، دووزەلە، زوڕنا، دەف، نەی، دەهۆڵ و گەلێك ئامێری دی. لە ژیانی ڕۆژانە و لە ئاهەنگ و بۆنەدا، گوندنشینان بە بیستنی دەنگ و ئاوازی چەندین ئامێر،



چێژیان لە مووزیك وەردەگرت. مووزیكی گوندیش بە چەشنی ژیانی گوندەواری، سادە و گەرم و شادە. پەیوەستە بە ژیانی پڕ لە جووڵە و نەسرەوتی گوندنشینانەوە.

شار لە ئاكامی گەورە بوونی گوندەوە دروست بووە. هەموو ئاواییەك سەرەتا گوندێكی بچووك بووە، دواتر گوند بووە بە شارەدێ، ئەمیش هێدی هێدی گەشەی كردووە تا گەیشتووە بە قۆناغی شار. لە شاردا ژیان جەنجاڵە، خەڵكی لە نێو ژاوەژاو و قەرەباڵغیدا دەژین. ڕایەڵی پەیوەندیی نێوان شارنشینان ئاڵۆز و فرە ڕەهەندە. ئەمەش كار لە سەلیقە و چێژ و چەشەی مرۆڤی شارنشین دەكات. لەگەڵ ئاڵۆز بوون و تێك چڕژانی پەیوەندیی نێوان خەڵك، دۆخی دەروونی ئەوانیش گۆڕانی بەسەردا دێت، بە چەشنێك سات هەیە ژیانی شار بۆ تاكە كەس گەرم و پڕ لە جۆش و خرۆشە، ساتیش هەیە مرۆڤ لە گۆشەی تەنیاییدا دەژی، بە چەشنێك لە شاردا ڕایەڵی پەیوەندیی كۆمەڵایەتیی نێو خەڵك بە جۆرێكی جیاوازە لە ڕایەڵی پەیوەندیی كۆمەڵایەتیی نێو خەڵكی گوند. گوندنشینان پەیوەندیی گەرم و گوڕ و ئۆرگانی كۆیان دەكاتەوە. ژیانی سادە هەمووان تێكەڵ بە یەك دەكات، لە شاردا گۆڕانێكی ڕیشەیی بەسەر ئەو ڕایەڵی پەیوەندییەدا دێت، دانیشتووانی شار بەسەر دەیان و سەدان پیشەی هەمەجۆردا دابەش دەبن. تا شار گەورەتر بێت، پیشە و كاری زیاتری تێدا پەیدا دەبێت، ئەمەش ڕێی فرەیی لە سەلیقە و چێژ و چەشە خۆش دەكات.

مووزیك و گۆرانی (دووەمیان وابەستە و زادەی یەكەمیانە) بە ئاواز و ڕیتم و شیعرەوە، زادەی دۆخی ژیانی كۆمەڵن. مێژووی هەزاران ساڵەی گوند لە كوردستاندا، لە ڕووی هونەری مووزیك و گۆرانییەوە دەوڵەمەندییەكی گەورەی گەڵاڵە كردووە. وردەكاریی ژیانی باوی لادێ لە مووزیك و گۆرانیی كوردیدا زۆر جوان و بە فراوانی بەرجەستە و تۆمار كراوە. مووزیك و گۆرانیی كوردی لە گوندەوە هاتە نێو شار، بەشی هەرە زۆری شارنشینانی كوردستان، لە پشتێكەوە تا سێ و چوار پشت، ڕیشە و ڕەچەڵەكیان دەگەڕێتەوە سەر گوند. داماڵینی ڕۆحی گوندایەتی و ئاوێتە بوون بە ڕۆحی شار، قۆناغێكی درێژی دەوێت، گواستنەوە لە مووزیكی گوندەوە بۆ مووزیكی شاریش، كاتی زۆر و داهێنانی مەزنی دەوێت. مووزیكی شار زادەی هەلومەرجی ژیانی شارە. هێشتا ماویەتی ئێمە (مەبەستم ڕێژەی زۆری خەڵكی كوردستانە) بە تەواوی ببینە شارنشین، ئەگەر بەوە بگەین كە ئێمە دەمانەوێت، ئەوكات مەزندەی ئەوە ناكرێت لە نێو شاردا گۆرانیبێژ باسی كانی و بێری و مەڕ دۆشین و میوە ڕنین بكات، حوكمی ژیانی شار دەخوازێت بە ڕۆح و چێژ و چەشە و دەروونیش، شارنشین بین. هەتا ئەم چركەساتە هونەری مووزیكی كوردی دەیسەلمێنێت، هێشتا خولیا و خەون، ئنجا چێژ و چەشەی گوندایەتی بەسەر زەینی ئێمەدا باڵادەستە.







# شاکارەکانی ماریا پریماچینکۆ بوونە قوربانیی جەنگی ڕووسیا دژی ئۆکراینا

همیشە جەنگ یەکێک بووە لە هۆکارەکانی ماڵوێرانی و کاولکاری و، دەست لە هیچ شتێك ناپارێزێت و تەڕ و وشك دەکاتە سووتەمەنی، شەڕی ئێستای نێوان ڕوسیا و ئۆکرایناش بە هەمان شێوە، ڕۆژ دوات ڕۆژ قوربانییەکانی ڕوویان لە زیادبوونە، شاکارە هونەرییەکان و هۆڵەکانی سینەما و شانۆش بێبەش نەبوون لەو ماڵوێرانییە.



بۆمبەکان لەجیاتی گوڵ و جەنگ و ئەوانی دی، ناوی تابلۆکانی هونەرمەندی ناوداری ئۆکرانی ماریا پریمەچینکۆ بوو، کە لە کاتی هێرشی رووسیا بۆ سەر مۆزەخانەیەك لە شارۆچکەی ئیانکێیڤ، لە نزیك کیێڤی پایتەخت شاکارەکانی سوتێندران.

ماریا پریماچینکۆ کە لە ساڵی ١٩٩٧ وەك یەکێك لە بەناوبانگترین داهێنەرانی هونەری میللیی ئۆکرانیا دنیای ئێمەی جێهێشت، زۆربەی کارەکانی گریانێك بوو لە دژی ئەو شەڕەی کە لە ماوەی درێژی ژیانیدا پێیدا دەناڵاند و، وزەی داهێنەرەکانی لە تابلۆکانی بوو.

لە پۆستێکی فەیسبووکدا، رۆژنامەنوسی کولتوری ئۆلیگ ڤێرگلیس لە کیێڤ دەڵێت: «دوای هێرشێکی دوژمن بۆ سەر مۆزەخانەیەك لە شارۆچکەی ئیڤانکۆڤ لە کیێڤ، مۆزەخانەکە و تابلۆکانی پریماچینکۆ سووتان «، ئەوەشی خستەڕوو کە مۆزەخانەکە تابلۆیەکی بێوێنەی هونەرمەندی ناوداری ئۆکرانیای پاراستووە، و هەواڵی سووتانی ئەو تاوانە لەلایەن دانیشتوانی کیێڤ ڕاگەیەندرا، بە وتەی ئەو ڕۆژنامەنووسە، مۆزەخانەکە پێش سوتانی لە دەرەنجامی هێرشەکانی سوپای ڕووسیا، نزیکەی ٤٠٠ تابلۆی هونەرمەندی ناوبراوی تێدا هەڵگیرا بوو.


ئینستیتیوتی ئۆکراینی کە (دەزگایەکی گشتییە و نوێنەرایەتیی کولتوری ئۆکراینی دەکات لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی) ڕۆژی دووشەممە لە مۆزەخانەی مێژووی ناوخۆیی ئیڤانکۆڤ گوتی: «لە ئەنجامی هێرشەکەی رووسییادا، ٢٥ کاری ماریا پریماچێنکۆ لە مۆزەخانەی مێژووی ناوخۆ لە ناوبراون».

ماریا ئافرەتێکی جوتیار بوو، زۆرەبەی تەمەنی خۆی لە گوندی بۆلۆتنیا لە ئیڤانکێیگ ڕاپۆن بەسەر بردووە، کە تەنیا ماوەی ٣٠ کیلۆمەتر لە ناوچەی تچرنۆبیل دوورە. ماریا لە تەمەنی منداڵییدا تووشی ئیفلیجی بوو، بەپێی وتەی کەسە نزیکەکانی، ئەم نەخۆشییە کاریگەرییەکی زۆری لەسەر ژیانی هەبوو، بەتایبەتی لە رووی جەستەییەوە، بەڵام لە ڕووی هزر و داهێناندا ئیلهامبەخش بوو بۆ ئەوەی داهێنان بکات و زۆرترین کاتەکانی لە نێو سرووشتدا بەسەر بەرێت، ئەمەش بە ڕوونی لە تابلۆکانیدا ڕەنگی داوەتەوە. ماریا لەم ڕووەوە دەڵێت: «جارێکیان کە منداڵ بووم بە کێڵگەیەکدا تێپەڕبووم، بەر لەوەی بگەم بە کەنارێکی لماویی سەر ڕووبارەکە، تابلۆی چەند گوڵێکی دەستکرد و ڕاستەقینەم بە دارێك کیشا، دواتر بڕیارم دا کە لەسەر دیواری ماڵەکەمان تابلۆیەك بە بۆیەی سرووشتی بکێشم، ئیتر بەردەوام بووم پریماچینکۆ بە نزیکەیی هەموو ژیانی لە گوندێکی ناوچەی کیێڤ بەسەر برد، لە کاتێکدا تابلۆکانی بە جیهان گەڕابوون و ناوبانگێکی زۆریان پەیدا کردبوو، زیاتر لە ١٠٠٠ تابلۆ لە (کەنەدا و فەرەنسا و ژاپۆن و چین و پۆڵەندا و کۆماری چیك و بولگاریا و فینلاند و ئەمریکا) نمایش کران و کارەکانی بوونە ئیلهامبەخشی وێنەکێش و پەیکەرتاش و دیزاینەرە جیهانییەکان و، تا ئێستاش بەردەوامە.

کارەکانی ماریا سۆزێکی بێ وێنەیان تێدا بەدی دەکراك، چونکە ئەو بە مامۆستای زەخرەفەی ئۆکرانی دادەنرێت، بیرۆکەکانی ڕەنگدانەوەی کولتووری کۆنی وڵاتەکەی بووە، بەتایبەتی کارەکانی پیشەکارانی ئوکرانی، کە هەمیشە خێر و شەڕ و جوانی ناشیرینییەکانی ژیان سەرەکیترین بابەتەکانیان بووە.

ماریا پریماچینکۆ سەرەتا لە دایك و باوکییەوە فێرە دروومان بووە، وەك هونەر ماوەی (٦٠) ساڵ لە کاری هونەری شێوەکاریدا بەردەوام بووە، نزیکەی (٦٥٠) تابلۆی لە ماوەی نێوان ١٩٣٦ تا ١٩٨٧ کێشاوە، کە لە مۆزەخانەی نیشتمانیی کێیڤ بۆ هونەرە میللییەکان هەڵگیرا بوون، بەر لەوەی ئاگری شەڕی نەگریس بیانسووتێنی، بەمەش بەشێکی گرنگ و سەرمایەی هونەریی یەکێك لە ناودارترین شێوەکارانی ئۆکراینا لە دەست چوون.

**سەرچاوە سکای نیوز**





سۆز کازم

یاریزانی فوتساڵی یانەی هەڵەبجە:

# گرنگترین هۆکار بۆ پێشخستنی یاریی فوتساڵی کچان بەرزکردنەوەی ئاستی ڕۆشنبیریی خەڵکە

*** ئاستی یاریی فوتساڵ چۆن دەبینی کە ساڵانە خولتان بۆ دەکرێتەوە؟**

- تا ڕادەیەك زۆ باشە بۆ ئاستی کچان، هیوادارم لەوە زیاتر گرنگی پێ بدرێت، بەڵام تا بڵێی یارییەکی خۆش و چێژبەخشە، یارییەکی باشە بۆ ئێمەی کچان.

*** ئەنجامدانی پاڵەوانێتی کەم تا چەند دەبێتە هۆکار بۆ ئەوەی ئاستی ئەم یارییە بەرەو پێش نەچێت؟**

-تاکە هۆکار بۆ پێشخستنی ئەم یارییە کردنەوەی خول و ئەنجامدانی پاڵەوانێتی زۆرە بۆ ئاستی کچان.

*** پێت باشە چی بکرێت بۆ ئەوەی یاریی فوتساڵ ئاستی بەرز ببێتەوە؟**

-گرنگترین هۆکار بۆ پێشخستنی یاریی فوتساڵی کچان بەرزکردنەوەی ئاستی ڕۆشنبیریی خەڵکە، سەبارەت بە ئەنجامدانی یاریی: پێویستە هاوکاری مادی و مەعنەوی یاریزانان بکرێت تا بتوانن یاری ئەنجام بدەن.

*** گرفتی ئەم یارییە لە چیدا ڕەنگدەداتەوە؟**


-نەبوونی ئاستی ڕۆشنبیری لە کۆمەڵگای ئێمەدا کە لەگەڵ ئەوەدا نین کچان هەندێك وەرزش ئەنجام بدەن، تاکە هۆکارە بۆ دواکەوتنی ئەم یارییە.

*** لە هیچ یانەیەك گرێبەستت پێشکەش کراوە؟**

-بەڵێ لە چەندین یانە گرێبەستم بۆ هاتووە.

***بەرنامەت چییە بۆ داهاتووی خۆت؟**

- هەر شتێك کە ئافرەتانی ئێمە نەتوانن ئەنجامی بدەن من هەوڵ دەدەم ئەنجامی بدەم، نەك تەنیا یاریی فوتساڵ، بگرە لە یاریی گۆڕەپان و مەیدان و تێنسی سەرمێز و یاریی باڵە و تۆپی دەست ئەنجام دەدەم.



***لەگەڵ ئەوەیت یانەکان پشت بە یاریزانی دەرەوە ببەستن؟**

-ئەو پارەییەی لە یاریزانانی دەرەوە خەرج دەکرێت، لە ناوەخۆ بە کاری بێنن زۆر باشترە، یاریزانی خۆمان زۆر باش و ئاست بەرزن، بەڵام ناتوانین بەکاریبان بهێنین، ئاستی یاریزانانی خۆمان لە یاریزانانی دەرەوە باشترە.

*** داواکاری و پێشنیارت بۆ لایەنی بەرپرس؟**

-هیوادارم لایەنی وەرزشی وەرزش تێکەڵاوی سیاسەت نەکەن، هیوادارم لە خەمی وەرزش بن و سەرکەوتووبن.

***خەونی وەرزشیت چییە وەکو کچە وەرزشکارێك؟**

- حەز دەکەم لە داهاتوودا ببمە ڕاهێنەری کچانی هەڵەبجە و لە ئاستی خوێندنیش ببمە مامۆستا زانکۆ لە بواری وەرزش.

***بەهیوای ئەوە نیت هەڵبژاردەی کوردستان لەم یارییە دابمەزرێت؟**

- شانازییەکی گەورەیە بۆمن کە بتوانم نەك تەنیا یاریکردن، بەڵکو بتوانم خزمەتێکی بچووك بە وڵاتەکەم بکەم.

***بە کام یاریزانی جیهانی سەرسامیت؟**


- کریستانۆ ڕۆناڵدۆ و نیماری بەرازیلی.

*** ئەگەر شتێکت ماوە لە کۆتاییدا؟**

-زۆر سوپاس بۆ گۆڤاری گوڵان، بۆ ئەو خزمەتەی بە وەرزشکاران دەکات لە کوردستان، هەردەم لە خزمەتی وەرزشوانان دان.

**پارێزگای هەڵەبجەی شەهید خاوەنی چەندین تیپی جۆراوجۆرە لە یارییە وەرزشیەکان، تیپی فوتساڵی کچانی یانەکەش یەکێکە لەو تیپانەی کە بۆ داهاتوو چاویان لە ئەنجامی گەورەیە، یانەکەش بە ئامانجی پێشخستنی ئاستی یاریی فوتساڵ لە سنووری پارێزگاکە، تیپێکی تۆکمەی پڕ لە یاریزانی بەتوانای لە یانەکە کۆکردووەتەوە، بۆ ئەوەی لە داهاتوودا بەم کچە یاریزانانە، بتوانێت کێبڕکێ لەسەر ئەنجامی شایستە بکات لە خولی فوتساڵی یانەکانی کوردستان، سۆز کازم یەکێکە لە کچە یاریزانە بەتواناکانی کچانی هەڵەبجە و پێشتریش یاریزانی فوتساڵی ئەفرۆدێت بووە، لەدایکبووی ساڵی ٢٠٠١ی پارێزگای هەڵەبجەیە، ئێمەش لە نزیکەوە چەند پرسیارێکمان ئاراستەی کرد و ئەویش بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گۆڤاری گوڵانی دایەوە.**

**دیمانە: کارزان کانەبی**



# هازارد
# دەگەڕێتەوە خولی ئینگلیزی



سەرچاوە ڕۆژنامەوانییەکانی ئینگلتەرا ئاشکرایان کرد یانەی نیوکاسڵی ئینگلیزی، دانوستاندنی ڕاستەوخۆی لەگەڵ (ئیدین هازارد) یاریزانی یانەی ڕیال مەدرید دەست پێکردووە بۆئەوەی لە هاوینی داهاتوودا پەیوەندی بەو یانەیە بکات.

بەپێی ئەو سەرچاوانە، زۆر یانەی جیاواز لە ئینگلتەرا، لە سەروویانەوە چێلسی، نیوکاسڵ و مانچێستەر یونایتد چاویان لەوەیە هاوینی داهاتوو هازارد لە ڕیزەکانیاندا بێت، هەرچەندە ئەو یاریزانە ئەمساڵ ئاستی باش نییە و بەشێوەی سەرەکی لە ڕیال مەدرید یاری ناکات.

سەرچاوەکان دەڵێن لە نێو ئەو یانانەدا، کە بایەخ بە هازارد دەدەن یانەی نیوکاسڵ تەنیا یانەیە، کە بە کردەنی هەوڵەکانی بۆ گرێبەست لەگەڵ ئەو ئەستێرە بەلژیکییە دەست پێکردووە.

هازارد لەگەڵ ڕیال مەدرید دۆخی باش نییە، سەرچاوەکانی ئیسپانیا بەردەوام جەخت لەوە دەکەنەوە، مەدرید دیەوێت لە ماوەی گواستنەوەی هاوینەدا، دەستبەرداری ئەو یاریزانە ببێت، بەتایبەت کە ئەگەری ئەوە هەیە کیلیان ئێمباپی بە مووچەیەکی زۆر بێتە یانەکە و، ڕیال مەدریدیش نایەوێ پێدانی مووچە زۆرەکەی هازارد بەردەوام بێت.

ڕیال مەدرید هەروەها پێویستی بە دەستکەوتنی هەندێك پارە هەیە لە فرۆشتنەوەی هازارد، بۆ پارەدارکردنی گرێبەستەکانی هەریەکە لە ئێمباپێ و ئیریك هالاند، کە دەگوترێت ڕیال مەدرید هەوڵی بەدەستهێنانی تواناکانی دەدات.

هاتنی هازارد بۆ ڕیال مەدرید نزیکەی ١٥٠ ملیۆن یۆرۆ لەسەر یانە ئیسپانییەکە کەوتووە و، گرێبەستەکەی لە هاوینی ساڵی ٢٠٢٤ تەواو دەبێت.



## وەرزشوانێکی ئۆکرانی لە کاتی بۆردوماندا گیانی لەدەستدا

سەرۆکی یانەی شاختاری ئۆکراینی، سێرجی پالکین لە ڕاگەیاندراوێکدا ئاماژەی بە گیانلەدەستدانی ڕاهێنەری تیپی لاوانی یانەکەی کرد، ئەوەش دوای ئەوەی لەلایەن ڕووسیاوە بۆردومانی ئەو ناوچەیە کراوە، کە ئەوی تێدابووە.

سێرجی پالکین لە فەیسبووکەکەیدا داوای ڕاگرتنی جەنگ دەکات و نووسیویەتی: «یەکێك لە فەرمانبەرەکانمان گیانی لەدەستدا، ڕاهێنەری لاوانمان بوو، بە پارچەی مووشەك کوژرا، ڕووسیا ئۆکرانییەکان دەکوژێت، ئەم شێتییە ڕابگرن.»

پالکین زیاتری نووسیوە: «ناتوانین بێدەنگ دابنیشت، هەر ڕۆژەو یەکێك لە ئێمە دەبێتە قوربانی، ئێوە ئەم تاوانە دەکەن، ڕووسیا لەو وڵاتەی کە نازییەکانی لە نێوبرد، خۆی بووەتە تیرۆرست، جیهان سەیری ئێوە دەکات چاوەڕێی ئێوەن کە ئەم شێتییە ڕابگرن، بەڵام ئێوە دەترسن، ئێوە ترسنۆکن لە وەرزشدا، ترس وات لێ دەکات لە پاڵەوانەوە ببیتە هیچ، ئێوە چەندین کەسی سیڤیلتان کوشتووە، چەندین منداڵتان کوشت، ملیۆن کەستان ئاوارە کرد، بوونەتە ڕژێمێکی خوێناوی و بەرەو گەورەترین شکست دەچن».

هەفتەی ڕابردوو ڕاهێنەرەی یانەی شاختار، هەواڵی گیانلەدەستدانی هەریەکە لە ڤیتالی ساپیلۆ، یاریزانی پێشووی لاوانی تیمی کارباتی لڤیڤ و دیمیترۆ مارتینینکۆی یاریزانی گۆستۆمیلی ڕاگەیاند.

ساڵی ٢٠١٤ەوە یانەی شاختار بەهۆی شەڕەوە دەربەدەربووە، ئەم یانەیە لە هەرێمی دۆنباسە، یاریگە بەنێوبانگەکەشیان کە ناوی دۆنباس ئارێنایە لەو ساڵەوە بووەتە سەربازگە و یانەکە بە ناچاری ماوەی ٨ ساڵە لە شاری کییێڤ یارییەکانی دەکات و بارەگا و شوێنی مەشقەکانی بۆ ئەو شارە گواستووەتەوە، ئەمەش دوای ئەوەی هەرێمیی دۆنباس لەلایەن ڕووسیا و لایەنەکانی سەر بە ڕووسیاوە داگیرکراوە.

## لاپۆرتا قسەی خۆی لەسەر نوێنەکرنەوەی گرێبەستی میسی کرد

خوان لاپۆرتا، سەرۆکی یانەی بەرشلۆنە دووپاتی کردەوە، کە پەشیمان نییە لەوەی گرێبەستی لیۆنێل مێسی، ئەستێرەی ئەرژەنتینی نوێ نەکردەوە، بەڵام جەختیشی لەسەر ئەوە کردەوە، کە بڕیارەکەی بە ناچاری بووە، ئەگەرنا زۆر ئازاربەخش بووە.

کاتێك سەبارەت بە نوێنەکردنەوەی گرێبەستی مێسی پرسیاریان لێ کرد، لاپۆرتا ڕاشکاوانە وەڵامی دایەوە و گوتی: «من پەشیمان نیم لەوەی گرێبەستی لیۆنێل مێسیم نوێ نەکردەوە، من بەرشلۆنە لە سەرووی هەموو شتێکەوە دادەنێم، بەرشلۆنە لە هەموو ڕاهێنەران و تەنانەت لە باشترین یاریزانی مێژووی تۆپی پێش گەورەترە»، ئەو لە بەردەوامی وەڵامەکەیدا، گوتی: «ئەگەر هەڵسەنگاندنێك بکەم، دەڵێم نوێ نەکردنەوەی گرێبەستی مێسی، بڕیارێکی زۆر ئازاربەخش بوو، هەرگیز نەم دەویست ئەو بڕیارە بدەم، بەڵام پەشیمان نیم لەوەی بڕیارەکەم داوە».



هەروەها کە پرسیاری لێ کرا سەبارەت بە باشترین ڕووداو لە یەکەم ساڵی گەڕانەوەی وەك سەرۆکی بەرشلۆنە، لە وەڵامدا گوتی: «باشترین ڕووداو بوونی چاڤی هێرناندێز بوو کە بوو بە ڕاهێنەری بەرشلۆنە، کە عەقڵیەتی بردنەوەی بۆ تیپەکەمان گەڕاندەوە، ئەو هێشتا لەم وەرزەدا هەندێك ئاسوودەییمان بۆ دێنێت لە یۆرۆپالیگدا.

سەرۆکی بەرشلۆنە گوتیشی: «بردنەوەی نازناوی خولی ئیسپانیا زەحمەتە، بەڵام هێشتا هیوایەك هەیە».

سەبارەت بە ناخۆشترین ساتەوەختیشی لەو ماوەیەدا گوتی: «بێگومان خراپترین و ناخۆشترین ساتەوەخت لە یەکەم ساڵمدا، بەناچاری بەڕێکردنی لیۆنێل مێسی بوو».





# ڕەوا یوسف خەونی گەیشتنی بە ڕیزی هەڵبژاردەی عێراقی هەیە

یانەی وەرزشیی هەولێر ئەم وەرزە گرێبەستی لەگەڵ ژمارەیەك لە ئەستێرە دیارەكانی خولی كوردستان كردووە، بۆ ئەوەی بتوانن ئاست و ئەنجامی شایستە بەم یاریزانانە بەدەست بهێنن، پلانی هەولێر لەم وەرزە سەركەوتووبووە لە هێنانە پێشەوەی ئەو یاریزانە كوردانەی كە ئێستا لە خولی نایابی عێراقی، لەگەڵ تیپەكەی هەولێر ڕۆڵی كارا دەبینن و، لە دەستبەكاربوونی نزار مەحروسی ڕاهێنەریش هەلی زیاتر بەم یاریزانە كوردانە دەدرێت، لەم بارەشەوە ڕەوا یوسف یاریزانی یانەی هەولێر بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «ئێستا بارودۆخی یانەی وەرزشیی هەولێر زۆر باشە و دەمانەوێ زیاتر خۆمان ماندوو بكەین، بۆ ئەوەی بتوانین ئەنجامی شایستەتر لە خولی نایابی یانەكانی عێراقی بەدەست بهێنین، ڕۆژ لە دوای ڕۆژ تیپەكەمان بەرەو باشتر هەنگاو دەنێت و، لەو بڕوایەدام لە یارییەكانی داهاتوو ئەنجامەكانمان باشتر بێت، خولی عێراقیش خولێكی بەهێزە و یانەی بەهێزی تێدایە، ئێمەش ئێستا یەكێك لە یانە بەهێزەكانی خولەكەین و ئاست و ئەنجامان باشە و باشتریش دەبین»، لە بارەی خەونی گەیشتن بە هەڵبژاردەی نیشتمانیی عێراقی ڕەوا گوتی: «ئەوە خەونی منە كە بتوانم ئاستێكی باشتر پێشكەش بكەم و ببمە جێگای متمانەی دەستەی ڕاهێنەرانی هەڵبژاردەی عێراق، بۆ ئەوەی خەونی یاریكردنم لە ڕیزی هەڵبژاردەی عێراق بەدەست بهێنم».



# دوو یاریزانی پێشمەرگەی سلێمانی بەشدار لە پاڵەوانێتیی نێودەوڵەتی دەکەن



تیپی تۆپی سەرمێزە یانەی پێشمەرگەی سلێمانی بەردەوامە لە ئامادەکاری بۆ بەشداریکردن لە پاڵەوانێتییەکی نێودەوڵەتی، کە وابڕیارە بەبەشداریی چەندین تیپی ئەورووپی و جیهانی بەشداری ئەم پاڵەوانێتییە بکەن لە شاری سلێمانی، هەریەك لە یاریزانانی یانەی پێشمەرگە ئەسما لە ئاستی کچان و ئاریا بەڵێن لە ئاستەکانی تەمەن، بەشدار دەبن لەم پاڵەوانێتییە، لەم بارەشەوە بەڵێن عوسمان ڕاهێنەری تیپی تۆپی سەرمێزی یانەی پێشمەرگەی سلێمانی، بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «ئێمە بەردەوامین لە ئامادەکارییەکانمان بۆ بەشداری لە یارییەکانی عێراقی و پاڵەوانێتییەکی نێودەوڵەتی، کە وابڕیارە لە پارێزگای سلێمانی بەرێوە بچێت، زۆربەی ولاتان بەشدارن، دوو یاریزانی یانەی پێشمەرگەش بەشدار دەبن لەم پاڵەوانێتییە، چەند ڕۆژی داهاتوو بەشداری سەربازگەیەکی مەشقی دەکەن، ئەم دوو یاریزانە وەکو هەڵبژاردەی عێراق بەشدار دەبن»، ڕاهێنەری تیپی تۆپی سەرمێزی یانەی پێشمەرگەی سلێمانی گوتیشی: «پاڵەوانێتییەکە لە ٢٢ی ئەم مانگە لە ئاستی تەمەنەکانە بەڕێوە دەچێت، ئەم یاریزانانە ئامادەکاریی تەواو دەکەن، جگە لەوەش پاڵەوانێتیی یانەکانی عێراقیش بەڕێوە دەچێت، لەم پاڵەوانیتییەشدا وەکو یانەی سلێمانی لە ئاستی کوڕان بەشدار دەبین و، دەمانەوێت یاریزانەکانمان ئاست و ئەنجامی شایستە بەدەست بهێنین لە پاڵەوانێتییەکاندا، هاوکات سوپاسی ئیدارەی یانەکەش دەکەین کە هاوکاری تیپەکەن و هیچ گرفتێکمان نییە».



# ئازاد هەمزە بەشداری لە پاڵەوانێتی لەشجوانیی جیهان دەکات

وابڕیارە مانگی داهاتوو لە وڵاتی سوێد پاڵەوانێتیی لەشجوانی یاریزانانی جیهانی بە بەشداریی ژمارەیەك لە یاریزانانی کوردستان بەڕێوە بچێت، لەم پاڵەوانێتییەشدا ژمارەیەك لە یاریزانانی کورد دەیانەوێت لەسەر حیسابی خۆیان ئاست و ئەنجامی شایستە بەدەست بهێنن و، بە مەدالیای زێڕەوە بگەڕێنەوە هەرێمی کوردستان، ئازاد هەمزە یەکێکە لە پاڵەوانەکانی کوردستان، کە لە شاری هەولێرەوە لەم پاڵەوانێتییەدا جیهانییەدا بەشدار دەبێت، لەم بارەشەوە ئازاد هەمزە پاڵەوانی یاریی لەشجوانی، بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «بەنیازی بەشداریکردنم لە پاڵەوانێتیی جیهانی بۆ یاریی لەشجوانی، کە وابڕیارە یارییەکانی لە مانگی داهاتوو لە وڵاتی سوید ئەنجام بدرێت، ئێمەش لە سەر ئەرکی خۆمان بەشداریی ئەم پاڵەوانێتییە دەکەین، جگە لەوەش ماوەی سێ مانگە لە ئامادەکاریی بەردەوام دام، بۆ ئەوەی بتوانم ئەنجامێکی دڵخۆشکەر بەدەست بهێنم»، لە بارەی گرفتەکانیشی گوتی: «گرفتی من ئەوەیە تاکو ئێستا فیزام وەرنەگرتووە تا بتوانم بەشداریی پاڵەوانیتییەکە بکەم، بۆیە ئەگەر نەتوانم ئەو فیزایە دەستەبەر بکەم، گرفتی بەشداریکردنم بۆ دروست دەبێت، بۆیە هەوڵی تەواو دەدەم وەکو پاڵەوانێکی کورد، بتوانم ئاست و ئەنجامی شایستە پێشکەش بکەم و بە ئەنجامی گەورە بگەڕێمەوە هەرێمی کوردستان، کەساڵانە چەندین یاریزانی جیهانی لە کێشە جیاوازەکان بەشداری ئەم پاڵەوانێتییە دەکەن لە وڵاتە جیاجیاکان».



# ڤەیپ زیاتر لە جگەرە زیان بە لووت و قورگ دەگەیەنێت

لە لێکۆڵینەوەیەکی نوێی سەنتەری پزیشکیی NYU لە نیویۆرکدا هاتووە، لەوانەیە ئەگەری تووشبوون بە شێرپەنجەی لووت و قورگ بە کێشانی ڤەیپ و جگەرەی ئەلیکترۆنی و نەرگیلە، زیاتر بێت لە جگەرەکێشانی ئاسایی، بۆنموونە: هاتووچۆی دوکەڵ لە بۆشایی لووتدا دوو هێندەی جگەرەکێشانی ئاساییە، کە هاتووچۆی دوکەڵ زیاتر بە ڕێگای بۆشایی دەمەوە دەبێت، ئەمەش بە تێپەڕبوونی کات ئەگەری نەخۆشییەکانی بەشی سەرەوەی کۆئەندامی هەناسە زیاتر دەکات، هەروەها بە کێشانی ڤەیپ و نەرگیلە ڕێژەیەکی بەرزتری نیکۆتین و یەکەم ئۆکسیدی کاربۆن و ماددەی ژەهراویی دیکە دەگاتە کۆئەندامی هەناسە بەراورد لەگەڵ جگەرەکێشانی ئاسایی، هەروەها زیانی زیاتر بە ڕێڕەوەکانی لووت و گیرفانەکانی لووت Nasal sinuses دەگەیەنن، بۆنموونە: ئاستی هەوکردن لە شانەکانی ناوپۆشی لووتدا تا دە هێندە زیاتر دەبێت، زیانە تەندروستییەکانی دیکەی کێشانی ڤەیپ وەك: سەرهەڵدانی خێرای کۆکە، گرفتی جیاواز لە هەناسەدا، کەمبوونەوەی کێشی لەش، هێڵنج و ڕشانەوە، سکچوون، وشکبوون و کڕانەوەی دەم و قورگ، هەروەها سەرئێشە.





## بەكارهێنانی بەردەوامی پاراسیتـۆل ئەگەری نەخۆشیی دڵ زیاد دەكات

پاراسیتۆڵ، یان ئەسیتامینۆفین Acetaminophen كە بە ناوەكانی تایلینۆل Tylenol یان پانادۆل Panadol دەناسرێت، یەكێكە لە باوترین دەرمانەكان، كە لە سەرتاسەری جیهاندا ڕۆژانە بەكاردەهێنرێت بەمەبەستی كەمكردنەوەی ئازاری تیژ و درێژخایەن. توێژەرانی زانكۆی ئێدینبرە/ سكۆتلەندا گەیشتوونەتە ئەو ئەنجامەی كە بەكارهێنانی بەردەوامی پاراسیتۆڵ بۆ ماوەیەكی زۆر، ئەگەری تووشبوون بە نۆرەی دڵ و جەڵتەی مێشك زیاد دەكات، بەتایبەتی لە كەسانی تووشبوو بە بەرزبوونەوەی پەستانی خوێندا. لە لێكۆڵینەوەكانی پێشتردا هاتبوو كە بەكارهێنانی بەردەوامی پاراسیتۆڵ ئەگەری تووشبوون بە بەرزبوونەوەی پەستانی خوێن زیاد دەكات، بۆنموونە: توێژەران گەیشتبوونە ئەوەی كە تەنیا پاش دوو هەفتە لە بەركارهێنانی بەردەوامی پاراسیتۆڵ، بەرزبوونەوەیەكی بەرچاوی پەستانی خوێن بەدی كراوە لە كەسانی تووشبوو بە بەرزبوونەوەی پەستانی خوێندا، ئەگەرچی دەرمانیشیان بە ڕێكی وەرگرتووە. پسپۆڕان ڕێنمایی دەكەن كە لەكاتی بەكارهێنانی بەردەوامی پاراسیتۆڵ بۆ ئازاری درێژخایەن لە هەر كەسێكدا، پێویستە كە پەستانی خوێن بەردەوام لە لایەن دكتۆرەوە بەسەربكرێتەوە، تەنانەت ئەگەر هیچ نەخۆشییەكیش لە ئارادا نەبێت، هەروەها واباشترە كە سەرەتا بە ژەمی بچووكی پاراسیتۆڵ دەست پێ بكرێت، پاشان بەرە بەرە ژەمەكە تا ئاستی دیاریكراو زیاد بكرێت.



## كاریگەرییەكانی كەشی گەرم لەسەر پێست


لە ئەنجامی زیادبوونی ئارەقەكردن لە كەشی گەرمدا، گەشەی بەكتریا لەسەر پێست زیاد دەبێت، كە دەبێتە هۆی پەیداكردنی بۆن و پەڵەی سوور لە هەندێك شوێنی هەستیاری پێستدا. لەگەڵ دەستپێكی وەرزی بەهار و گەرمبوونی كەشدا، پلەی گەرمی و ڕێژەی شێ بەرزدەبێتەوە، كە هۆكارە بۆ كۆبوونەوەی تفر و خانە مردووەكانی پێست، كە دەبێتە هۆی زیاد چەوربوونی پێست و گیرانی كونە سرووشتییەكانی پێست و درووستبوونی زیپكە، لە لایەكی دیكە، تیشكی خۆر هاندەرە بۆ گۆڕینی ڕەنگی پێست و پەیدابوونی پنتی قاوەیی تاریك لەسەر پێستدا Sunspots. هەنگاوەكانی پاراستنی پێست لە كەشی گەرمدا بریتین لە: لەگەڵ هاتنی وەرزی بەهاردا بەكارهێنانی شێداركەرەوەی سووكی پێست Moisturizer، هاوكات لەگەڵ خواردنەوەی بڕی زیاتری ئاو، پاككردنەوەی پێست لە چەوری بە زیاتر شووشتنی پێست، یان بەكارهێنانی چەند ئاوێتەیەكی تایبەت بە لابردنی چەوریی سەر پێست، بۆنموونە: ئەو ئاوێتانەی كە ترشی سالیسیلیك Salicylic acid لەخۆ دەگرن، دووركەوتنەوە لە زیاد بەكارهێنانی ئارایشت و ئاوێتەكانی دیكەی جوانكاریی پێست، بەكارهێنانی دژەهەتاو Sunscreen زۆر پێویستە، چونكە خەڵك لە هاویندا زیاتر دەچنە دەرەوەی ماڵ، واتە زیاتر بەركەوتنی پێست بە تیشكی خۆر كە زیانی جۆراوجۆر بە پێست دەگەیەنێت، دووركەوتنەوە لە دوش و ئاوی گەرم لەكاتی خۆشووشتندا، چونكە دەبێتە ئەگەری وشكبوون و سووتانەوەی پێست لەگەڵ ئەگەری خورشت و ئەكزیما.

# گۆڕاوەکانی ڤایرۆسی کۆرۆنا خۆیان لە لەشدا حەشار دەدەن

لە نوێترین توێژینەوەکانی زانکۆی برسیتۆلی بەریتانیدا هاتووە، کە جۆرە گۆڕاوەکانی ڤایرۆسی کۆرۆنا Coronavirus variants دەتوانن وەکو هەندێك جۆری دیکەی ڤایرۆس لە لەشی مرۆڤدا خۆیان حەشار بدەن، ئەمەش کرداری ڕزگاربوونی یەکجارەکی لە ڤایرۆسەکە قورس دەکات. لەگەڵ پەتای سەرتاسەری کۆڤید١٩دا، گەلێك جۆری گۆڕاوی ڤایرۆسی کۆرۆنا دەرکەوتوون، کە چارەسەر بە دژەتەن Antibody treatments و ڤاکسین کاریگەریی کەمیان دژ بە هەندێك جۆر لە گۆڕاوی ڤایرۆسەکە هەبووە. لە ئەنجامی توێژینەوەکاندا ئاماژە بەوە کراوە کە لەشی کەسێکی تووشبوو بە کۆڤید١٩ لەوانەیە چەند جۆرە گۆڕاوێکی ڤایرۆسی کۆرۆنا حەشاربدات، بۆنموونە: لە گورچیلە و سپڵدا لەوکاتەی کە لەش سەرقاڵە بە بەرگریکردن لە بەهێزترین جۆری گۆڕاوی ڤایرۆسی کۆرۆنا، هەر لەبەر ئەمەشە کە لەش ناتوانێت بە یەکجاری لە گۆڕاوەکانی ڤایرۆس ڕزگاری ببێت. لە لایەکی دیکە، ڤایرۆسی کۆرۆنا لە توانیدایە کە خۆی لەگەڵ خانەی جیاوازی لەشدا بگونجێنێت و بەرگەی بەرگریی لەشی تووشبوو بگرێت، هەروەها شێوەی نوکە پرۆتینی Spike protein بگۆڕێت، پاش گەیشتن بە چەورەخانەکانی لەش.



# نەخۆشانی شەکرە پێویستە
# ساڵانە دوو جار تێستی HbA1c ئەنجام بدەن




تێستی HbA1c کە بریتییە لە پێوانەی ئاستی لکانی شەکری گلوکۆز بە هیمۆگلۆبین، یان خڕۆکە سوورەکانی خوێن، ئەوەمان نیشان دەدات کە تا چەند نەخۆشیی شەکرە لە ماوەی چەند مانگێکدا کۆنترۆڵ کراوە، کە گەردیلەیەکی شەکری گلوکۆز بە خانەی خڕۆکەیەکی سووری خوێنەوە دەنووسێت، پێی دەگوترێت خانەی شەکربوو Glycated، ئەمەش واتای ئەوە دەگەیەنێت کە هەر چەند بڕی زیاتری شەکری گلوکۆز بە خڕۆکە سوورەکانی خوێنەوە بنووسێت، هێندە بڕی کەمتری ئۆکسجین لەم خانانەی خڕۆکە سوورەکانەوە دەگاتە شانەکانی لەش، واتە خڕۆکە سوورەکان بڕی کەمتری ئۆکسجین هەڵدەگرن و دەگوازنەوە. پێوانەی HbA1c واتە ڕێژەی سەدیی خانە شەکربووەکان، یان ڕێژەی ئەو خڕۆکە سوورانەی کە بە شەکر بارکراون، دەتوانرێت ئەم تێستە هەر کاتێك ئەنجام بدرێت، واتە پێویست بە هیچ پارێز و ئامادەباشییەکی پێشوەختە ناکات. بە ڕای پسپۆڕانی نەخۆشیی شەکرە، پێویستە تێستی HbA1c هەر شەش مانگ جارێك ئەنجام بدرێت و، ڕێژەکەی لە ٧٪ کەمتر بێت بۆ ڕێگرتن لە ئەگەری ڕوودانی ئاڵۆزییەکانی نەخۆشیی شەکرە، ڕێژەی HbA1c لە کەسانی ئاساییدا کەمترە لە ٥٪، بەڵام لە نەخۆشانی شەکرەدا بەرزدەبێتەوە، لەبەر ئاستی بەرزی شەکر لە خوێندا، ڕێژەی بەرزتر لە ٧٪ هێڵی سوورە بۆ نەخۆشانی شەکرە، چونکە ئەگەری ئاڵۆزییەکان زۆر زیاد دەبێت.

## هەستەوەریی وەرزی

هەستەوریی وەرزی Seasonal allergy کە لەگەڵ گۆڕانی وەرزدا ڕوو دەدات، زیاتر بە تای هێی Hay fever ناسراوە و، لە ئەنجامی زیاد کاردانەوەی سیستمی بەرگریی لەش بەرانبەر بە هۆکارە دەرەکییەکانی هاندەری هەستەوەری Aller-gens ڕوو دەدات، وەکو هەڵاڵەی گوڵ و گژوگیا و ڕووەکەکانی دیکە، کە بە هەوادا بڵاو دەبنەوە، بۆیە دەست دەکات بە دەردانی ماددەی هیستامین Hista-mine و ماددەی کیمیایی دیکە، کە دەبنە ئەگەری سەرهەڵدانی نیشانەکان. هەستەوەریی وەرزی زیاتر لە وەرزی هاوین و بەهاردا بەدی دەکرێت، لەوانەشە کە لە وەرزەکانی دیکەشدا بەپێی ناوچەی جوگرافی ڕوو بدات، نیشانە باوەکانی بریتین لە: پژمین، زیابوونی دەرداوی لووت و هەندێك جاریش گیرانی لووت، زیاد فرمێسککردن و خورشتی چاو، سووتانەوە و هەستکردن بە خورشت لە لووت و قوڕگ و کەناڵەکانی گوێدا.

ئەو نیشانانەی کەمتر دەبینرێن بریتین لە: سەرئێشە، هەناسەتەنگی، هەستکردن بە ویزە لە سینگداWheezing، لەگەڵ کۆکە. هەستەوەریی وەرزی چارەسەردەکرێت بە خۆپاراستن لە بەرکەوتن بە ماددە هاندەرەکانی پەیداکردنی هەستەوەری، هاوکات لەگەڵ بەکارهێنانی چە ند دەرمانێکی دژەهەستەوەری و، بەتایبەتی دەرمانە دژە هیستامینەکان بە چاودێریی دکتۆر.



# بە یەک چرکە ئاو دەپاڵێوێت



ئامێرەکانی پاڵاوتنی ئاو گەلێکن، ئێستا زۆربەی ماڵەکان ئامێری تایبەتیان هەیە کە ئاو دەپاڵێوێ و ئاوێکی خاوێن دەبەخشێ. بەڵام زۆربەی ئامێرەکان گەورەن و کرداری پاڵاوتنیشیان خێراییەکی زۆری نییە.

کۆمپانیای شاومی ئامێرێکی بچووکی پاڵاوتنی خستەڕوو کە بە جۆری Mi Q800 ناسراوە. بەو پێیەی کە کۆمپانیاکە ریکلامی بۆ دەکا، ئامێرەکە تەنیا لە یەك چرکەدا ئاو دەپاڵێوێ.

ئامێرەکە زیرەکە و ٤ حاڵەتی هەیە بۆ پاڵاوتنی ئاو، ٢٥ و ٤٥ و ٨٥ و ٩٥ پلە.

ئامێرەکە لە دوو فیلتەری RO پێکهاتووە. گوایە بە بەراورد بە ئامێرەکانی دیکەی پاڵاوتن زۆر لەسەرێیە. ڕێژەی ئاوی نەپاڵاودراو دەگاتە ٣,١ لەسەدی. بەکارهێنەر دەتوانێت ئەوە نەپاڵاوەکەش بۆ شوشتن و ئاودان بەکار بێنێت. پاڵوێنەکانی (فیلتەر) هەتا ٥ ساڵ خۆرادەگرێ. ئامێرەکە شاشەکەی لەمسی لەسەر داندراوە بەهۆی ئەوەوە بەکارهێنەر دەتوانێت کۆنترۆڵی ئامێرەکە بکات. هەروەها هەر لەسەر شاشەکە ڕێژەی TDS و ڕێژەی گەرمی و پیسبوونی پاڵوێنەکان (فیلتەر) بزانرێت.




# پاوەربانک بەقەد شقارتەیەک

پاوەربانکەکان گەورەن و بۆ هەڵگرتن گونجاو نین، لە گیرفاندا جێگایان نابێتەوە. ئەگەر بتهەوێ بۆ شوێنێك بڕۆی و پاوەربانکێکی گەورە لە جانتاکەت نەخەی، باشترین ڕێگا ئەوەیە کە پاوەربانکی TAU کە قەوارەکەی بەقەد قەپێلکە شەقارتەیەك دەبێت هەم هەڵگرتنی ئاسانەو هەم بەکارهێنانی ئاسانە و هەم کێشی کەمە. بۆ سێ جۆرە مۆبایل دەبێت. کێشی پاوەربانکەکە تەنیا ٤٠ گرامە. ستاندێکی موگناتیسی هەیە کە هەم رایدەگرێ و هەم شەحنی دەکاتەوە. وزەی پاوەربانکەکە ١٤٠٠ میلی ئامپێرە. ناتوانێ مۆبایلێك بەتەواوی شەحن بکاتەوە، بەڵام بۆ کاتە پێویستییەکان وەڵامدەرەوەیەکی باشە.





## کۆمپیوتەر لەسەر شێوەی پێڵاو

کەیسی کۆمپیوتەر، واتە قەپێلك یا چوارچێوەی کۆمپیوتەر و ئەو سندوقەیە کە گشت پارچەکانی کۆمپیوتەری تێدایە و بەیەکیان دەبەستێتەوە. قەبارە و شێوازی و کارکردنی کەیسەکان جیاوازە، ئەم کەیسەی دەبینن رێك وەك پێڵاوێکی سپۆرت دەچێت.

کەیسی Sneaker X بەرهەمی کۆمپانیای کۆلێر ماستەرە. کەیسێکە بۆ کۆمپانیاکانی بەرهەمهێنی کۆمپیوتەر دروستکراوە لەگەڵ نوێترین یەکەی لێکدانەوە واتە CPU و رام و داتاگەکان دەگونجێت. خودی کەیسەکە فێنککەرەوەی تایبەتی خۆی لەگەڵدایە. جگە لەو کەیسە، کۆلێر ماستەر کەسێکی دیکەشی بەناوی Mini X خستەڕوو کە دوو رەنگی جیاوازی هەیە. کەیسە پێڵاوییەکە پێدەچێت لەسەر پێشنیاری کۆمپانیای ئادیداس بەرهەم هاتبێ، چونکە لە شێوازی پێڵاوەکانی ئەوان دەچێت. کەیسەکە سێ رەنگی سوور و پەمەیی و شینی هەیە.

## مەچەکبەندێک چاودێری تەندروستی منداڵ دەکات



مەچەکبەند، یا بازنەی زیرەك هەروەك لە وێنەکەدا دیارە بۆ کۆرپە ساواکان لە ریزی گرنگترین ئامرازەکان دادەنرێت. لە جیهانی تەکنەلۆژیای نوێدا، منداڵان ئەگەر پشکی شێریشیان بەرنەکەوتبێ، بێگومان ئامێرێکی زۆر تایبەت بەوان بەرهەم هاتووە کە کار ئاسانی بۆ دایك و باوکان و بەخێوکەرانی منداڵ دەکەن.

مەچەکبەندی Liip Smart Monitor کە لە پێی منداڵەکە دەخرێت، گشت زانیارییە تەندروستییەکانی منداڵەکە: وەك رێژەی تا، هەناسەدان و رێژەی ئۆکسجین، چاودێری خەو و هەر جۆرە هێمایەکی تەندروستی کە گرفت بۆ منداڵ دروست بکا، بۆ مۆبایلی بەخێوکەرانی دەنێرێت و لەسەرشاشەی مۆبایلەکە زانیارییەکان دەردەکەون. هەرچەندە بەشێك لە بەکارهێنەرانی ئامێری ناوبراو دەڵێن جار هەیە بەبێ ئەوەی کێشەیەکی تەندروستی بۆ منداڵەکە هەبێت، پەیامی ئاگادارکردنەوە لێدەدات. بەگشتی ئامێری Liip Smart Monitor دەتوانێ سەرەتایەکی باش بێ بۆ بەرهەمهێنانی ئامێری دیکەی لەم بابەتە.



# کۆنترۆڵ کردنی گشت ئامێرەکانی گەیم

گەیمی ئەلکترۆنی، لەم سەردەمەدا یەکێکە لە سەرچاوەکانی بازرگانی و دارایی بۆ وڵاتانی بەرهەم هێن. لە ریزی سەرووی ئامێرە ئەلکترۆنییەکاندا دادەنرێت. هەر رۆژە ئامێرێکی پەیوەندیدار بە ئامێرە ئەلکترۆنییەکان بەرهەم دێت.

ئامێری GameSir C2 Arcade Fightstick ئامێرەکە گشت ئامێرەکانی گەیم کۆنترۆڵ دەکات. هەم ریمۆت کۆنترۆڵە، هەم دەسکی گەیم. لەگەڵ گشت ئامێرەکانی وەك XBOX,PS4 نینتندۆ، و کۆمپیوتەر دەگونجێت.

بە ئاسانی و تەنیا بە کێبڵێك لەگەڵ ئەو ئامێرانە پەیوەند دەدرێت. چەندین دوگمەی لەسەرە و هەروەها دەسکێکی گەیم. دەسکی گەیمەکە بە ئاسانی بۆ هەر چوار دەوری خۆی دەسوورێت. ٨ دوگمەی دیکە وا دەکات ئەوەی یاری دەکات پێویستی بە هیچ شتێکی دیکە نەبێت.





## هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک

**خوێنەرێکی بەرێز دەپرسێت چۆن دەکرێت گشت ئەو پۆستانەی کە لە تێلگرامدا هەن بە یەکجاری بیانسڕمەوە؟**

خوێنەری بەرێز و خوێنەرانی دیکەش ئەوە دەزانن کە پرۆگرامی تێلگرام گشت ئەو پۆستانەی کە بۆت دێن وەك وێنە، فیلم و نووسین لەخۆیدا رادەگرێ، تەنانەت ئەگەر پرۆگرامەکە بسڕیەوە و لە مۆبایل یا کۆمپیوتەرێکی دیکەدا بیکەیەوە هەر ناسڕدرێنەوە. بۆ ئەوەی کە گشت پۆستەکان بسڕینەوە و وەك رۆژی یەکەمی لێبێتەوە، پێویستە رۆبۆتی delall_bot@ دابەزێنین. بە ئاسانی بەدوایدا بگەڕێ و دایدەبەزێ.. دوای ئەوە دەکرێت هەموو پۆستەکان بسڕیەوە، یان پۆستێکی کەسێکی دیاریکراو..

# پرۆگرامێکی گرنگ بۆ نەخشەسازی کتێب و گۆڤار

هەرکاتێك باس لە کاری دیزاین و نەخشەسازی لە کتێب و گۆڤارەکان دەکرێ، یەکسەر سەرنجمان بۆ پرۆگرامی ئیندزاین رادەکێشرێ، هۆکارەکەشی ئەوەیە لەم هەرێمەدا لە گشت پرۆگرامەکانی دیکە زیاتر بۆ کاری دیزاین سوودی لێوەردەگیرێ. بەڵام کەم کەس شارەزای پرۆگرامێکی دیکەی بەهێزی لەم بوارەیە کە ئەویش پرۆگرامی QuarkXPressیە.

پرۆگرامی ناوبراو لە ریزی بەهێزترین پرۆگرامەکانی ئەم بوارە دێت و هاوشانی پرۆگرامی ئیندزاینە.

بەکارهێنانی پرۆگرامەکە زۆر ئاسانە و بۆ کاروباری تایبەت بە دیزاینی چاپەمەنییەکان لە زۆر وڵاتاندا لە پێش پرۆگرامەکانی دیکەوە دێت. هاوشێوەی پرۆگرامی ئیندزاین پەیوەندییەکی پتەوی لەگەڵ پرۆگرامی فۆتۆشۆپ هەیە.




ئامرازی ستاندەری هەیە بۆ دیزاین، چاپ و پرێنت کردن. خێراییەکی زۆری هەیە و بەکارهێنەر بەئاسانی دەتوانی سوودی لێوەربگیرێ، تەنانەت ئەگەر تازەکاریش بێت.





# مۆنیتۆرێکی گەڕۆک و تایبەتمەندییەکانی

بۆ کاروبارە ئاساییەکان زۆر ئاساییە هەر لە لاپتۆپێکی ئاسایی سوود وەربگریً، بەڵام هەندێك کاروباری دیکە هەن پێویستیان بە کۆمپیوتەر ئاست بەرز و هەروەها شاشەی بەهێز هەیە، رەنگە لاپتۆپەکەت وەڵامدەرەوە بێت بۆ ئەرکەکان، بەڵام شاشەیەکی زۆر بەهێزی نەبێت. ئەگەر دیزاین و نەخشەساز بی یا لە بواری گرافیکی و سینەما و فیلمدا کار بکەی، شاشە گرنگییەکی زۆری هەیە لەم بوارەدا.

لینۆڤۆ شاشەیەکی گەڕۆکی بچووکی بەرهەم هێناوە، گەڕۆك بەو مانایە کە بەکارهێنەر بە ئاسانی دەتوانیً هەڵیبگریً و لەگەڵ خۆی بۆ هەموو شوێنێکی بەرێت. مۆنیتۆرە گەڕۆکەکە بە thinkvision m14 ناسراوە. کوالیتی نیشاندان لەو شاشەیەدا 2Kیە. بارستاییەکەی تەنکە. کێشی تەنیا ٦٠٠ گرامە. شاشەکە لەمسییە، خێرایی وەڵامدانەوە زۆرە و کەمتر لە چەند میلی چرکەیەك. تایبەتمەندییەکی هەیە کە بە سەیرکردنێکی زۆریش کێشەی بۆ تەندروستی و چاو ناهێنێتە پێش و پێویستی بە چاویلکەی تایبەت نییە.



## ماڵپەڕێک پێشبینی داهاتووی مرۆڤایەتی دەکا

رەنگە مانشێتی سەرەوە سەرنج راکێش بیً کە چۆن دەکرێت داهاتووی مرۆڤایەتی پێشبینی بکرێت، یان پێتان وابە ئەمەش جۆرێکە لە فێڵبازی و فاڵگرتنەوە.. ماڵپەڕی Futuretimeline یەکێکە لە ماڵپەڕە سەرنج راکێشەکان کە داهاتووی مرۆڤایەتی پێشبینی دەکا، هەتا ئێستاش بەشێکی زۆری لەو پێشبینیانە هاتوونەتە دی، بۆ نموونە چەند ساڵ لەمەوبەر پێشبینی هاتنی ڤایرۆسی کرۆنای کردبوو، دوای ئەمە زۆر کەس بڕوای بەو پێشبینیانە کرد کە لە ماڵپەڕەکەدا ئاماژەیان پێکراوە. ماڵپەڕێکە لەلایەن کەسێك بە ناوی ڤیلیام جیمیزەوە سەرپەرشتی دەکرێت و لە ساڵی ٢٠٠٨ەوە دامەزراوە. لەو ماڵپەڕەدا دەکرێت لەگەڵ کەسانی دیکە باس و موناقەشە بکەی.

# تەبلێت- لاپتۆپێکی ناوازە

تەبلێت- لاپتۆپ بەو کۆمپیوتەرانە دەگوترێت کە لەیەك کاتدا هەم دەبن بە کۆمپیوتەرێکی جۆری لاپتۆپ و هەم دەکرێت وەك تەبلێتێك سوودیان لێوەربگیردرێت. پاناسۆنیك تەبلێت- لاپتۆپێکی ناوازەی بەناوی Tough-book G2 خستەڕوو.

تەبلێتێکی زۆر پتەو لەئاست زەربە بەرکەوتن و کەوتنە خوارەوەوە بەهێز. یەکەی لێکدانەوەی نەوەی دەیەمی ئەنتەلە لە جۆری corei5، رامەکەی ١٦ گیگابایت یا ٣٢ گیگابایتە، داتاگەکەی لە جۆری SSD 512 یا یەك گیگابایتە. ویندۆز ١١ی مایکرۆسۆفت دەخوێنێتەوە. شاشەکەی زیاتر لە ١٠ ئینجە، کێشەکەی ١,٢ کیلۆیە. بە تەڕبوون کێشەی بۆ نایەتە پێش. هەروەها تۆز و خۆڵیش ناگرێت. شاشەکەی لەمسیە. دوو کامێرای لەسەرە. دەکرێت شاشەیەکی 4K بۆ دابندرێت. باترییەکەی هەتا ١٢ کاتژمێر کاری بەردەوام دانابەزێت. هەرچەندە ئەگەر پێبکریً و کاری پیً نەکریً هەتا ٢٠ کاتژمێریش خۆ رادەگریً.





# کراسی ڕەش بۆ بۆنە و یادەکان

وەکو دەگوترێت ڕەنگی ڕەش، بە شای ڕەنگەکان ناسراوە، بەتایبەت بۆ جلوبەرگ کە هەر جلێك بێ، جوان و کەشخە و پڕ بەهای دەکات، کراسی بۆنە و یادەکان تا چەند جوان بێت، هێشتا کەمە، کاتێك بەشداری لە بۆنە و یادێکی تایبەت دەکەیت، بەتایبەت ئەوانەی لە شوێنی داخراو وەك هۆڵ و ماڵەکاندا دەکرێت، جوانترین جل بۆ ئەو شوێن و بۆنانە بریتییە لە کراسی درێژ، یان تا سەر ئەژنۆی ڕەش، ئەو جلە لە شێوازەکەیدا ناسك و سەرنجڕاکێشە، هەروەها لە بارەی ڕەنگەکەیەوە خۆی لەگەڵ شوێنی داخراو دەگونجێنێت و ڕەنگەکەی تۆختر دەردەکەوێت، ئەگەر لە شوێنێکی کراوەدا بێت. ئەو کراسە لەلایەن ڤاناس مۆدەوە بۆ خانمان ئامادە کراوە، چەندین جۆریان هەیە، لەوانە: عەزی ڕەشی درێژ کە هەموو باڵا دادەپۆشێت، عەزی کورت تا سەر ئەژنۆ بۆ ئەوانەی حەز بە جلی ناوەند دەکەن لە درێژیدا، هەروەها جلی کورتیشی هەیە، بۆ ئەوانەی خولیای جلی کورتن، ئەو جۆرە کراسە لەگەڵ ئەوەی سینگ و بەرۆکی بە نەخش ڕازاوەتەوە، هەندێکیان لە بەشی سەرەوەیان کراوەیە، واتە قۆڵەکانی لە تووڵە و ڕوونە، ئەو جلە دەتوانرێت لەگەڵ پێڵاوی پاژنە بەرزە بپۆشرێت، لەگەڵ جانتایەك کە لە ڕەنگی جلەکەوە جیاواز بێت.









# باخچە شوێنێک بۆ ئارامی و ڕازاندنەوەی دیکۆرەکەت

دیکۆری ماڵەکەت لە چەندین بەش پێکهاتوون، کە هەر یەکێکیان گرنگی و سەرنجڕاکێشی خۆی هەیە، بوونی باخچە لە ماڵدا جێگەی ئارامی و خۆشی دەبەخشێ، هەروەها ڕۆڵی دەبێت لە ئاڵوگۆڕی هەوای ماڵدا، بتوانە لە ڕێگەی دەستەبەرکردنی باخچەیەکی ڕازاوەی ماڵەکەت لە دیکۆرتدا هەبێت، ئەگەر شوێنی باخچەش نەبوو، دەتوانی بە دانانی گوڵ و گوڵدانی بچووك نیمچە باخچەیەك دروست بکەیت، گونجاوترین شێوە بۆ باخچە بریتییە لە شێوەی لاکێشە، هەروەها دانانی جۆلانی و چەند کورسییەك دیمەنێکی جوان بە ماڵەکەت دەدات، هەروەها دەکرێت هەر پارچەیەکی ماڵەکەت بکەیتە باخچەیەکی بچووك، بە دانانی مەرکان و گوڵدان، هەروەها ئەوانەی خانووەکانیان بچووکن، دەتوانی بەشی پێشەوەی ماڵەکەت یان بالکۆنەی قاتی دووەم وەك باخچەیەکی بچووکی لێبکەیت. هەوڵبدە کەرەستەکانت لەو کەرەستانە بێت کە دەچەمێندرێتەوە، لەو واتە پێویستت پێیان نابێت، دەتوانی کەلوپەلەکانت بچەمێنێتەوە و گوڵ و مەرکانەی لەوێدا دابنێت. بۆ ئەوانەش خاوەن باخچەی خۆیانن و دەتوانن پەرە بە جوانکردن و دەوڵمەندکردنی باخچەکەیان بدەن و زیاتر ڕازاوەی بکەن، چونکە باخچە و گوڵ و گوڵزار، جگە لەوەی دیکۆری ماڵ جوان و ڕازاوە دەکەن، هەروەها کەشێکی هێمن و فێنکیش دروست دەکەن.



# لە کارەکەتدا کەسێکی شیرین و خۆشەویست بە

کەسانی خۆشەویست و خوێن شیرین لە هەر شوێنێك بن، جێگەیان دەبێتەوە و تەنانەت ئەگەر کارەکەشیان هەڵەی هەبێت، بەڵام کەسانی دڵڕەق و سرووشت ناتەندرووست جێگەیان نابێتەوە، ئەگەر لە شوێنێکی بەرزی کارەکەیاندا بن، بەتایبەت لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە کە نابنە جێگەی ڕەزامەندیی دەوروبەر، ماوەی کارکردنی ئافرەتان لە کاتی دەوام و شوێنی کار، کارێکی ڕۆژانەیە، بۆیە پێویستە مامەڵەیان بە شێوەیەکی دروست و ئاسایی بێت، تۆی خانمی کارمەندیش ئەوە بزانە خۆشەویستیت بۆ کارەکەت وادەکات کە لەبەر چاوی هەمووان خۆشەویست بیت، بۆیە بە جددییەوە کارەکانت جێبەجێ بکە، هەوڵی کێشەنانەوە و قورسکردنی کارەکان مەدە، هەمیشە دەستپێشخەر بە لە ئاسانکردنی کاروبارەکان، لە وتەی خراپ و قسەهێنان و بردن خۆت بە دوور بگرە، بەشدار بە لە قسەی خۆش و کەسێکی گەشبین بە، کارەکانت بەر لە کاتی خۆی جێبەجێ بکە، تاوەکو بزانن کە توانات هەیە، تواناکانت بە جارێك پێشکەش مەکە، وا نیشان بدە کە هێشتا بیرۆکە و کاری جوانت لە مێشکە، ماوە ماوە پێشنیارەکانت بۆ پێشخستنی کارەکانت دەرببڕە. کاتێك کە کێشەیەك دەبێت، خۆت نیگەران مەکە و ئارام بگرە.



# لە مانگی ئازار و نەورۆزدا باوی جل و بەرگی کوردییە

هەفتەیەکی ماوە بۆ جەژنی نەورۆز، لە ڕۆژانی نەورۆزدا، کچان بە جلی کوردی کەوێ و سەڵتە و ئێلەگی کورت و کوڕانیش بە جلی کوردی کل و ڕانکۆچۆغە و کڵاشی پەڕۆیی ئامادەکاری بۆ گەشت و سەیران دەکەن، وەك جەژنێکی میللی و نەتەوەیی لەو ماوەیەدا باوی جلی کوردی دەبێت، تەنانەت بیانیانی دانیشتووی هەرێمی کوردستان ئەوانیش گرنگی بە جلی کوردی دەدەن، دیڤید هەنت، کونسوڵی گشتیی بەریتانیا وەك نموونە تاخمە جلێکی کوردی ئامادە کردووە و دەڵێ: «جلی کوردیم بە دڵە و پێم خۆشە لە کەلتوور و دابونەریتی کوردەواری تێبگەم و تێکەڵ بم، کەلتوورێکی دەوڵەمەندیان هەیە». دوای ئەوەی سەردانی بازاڕ و شوێنی میللی دەکات، جلێکی کوردی بە ڕادان دەدات و بە




کلاش و جامانی کوردی خۆی ئامادە کردووە تاوەکو بەشداری بۆنەکانی ئادار و نەورۆز بکات.
لەم بارەیەوە (ئەسعەد خەیات) دیزاینەر و بەرگدرووی ئافرەتان، دەربارەی جلی کوردی لەو مانگەدا دەڵێ: «بەر لە مانگێك لە نەورۆزدا ئافرەتان هەر یەکەو قوماش و کەرەستەکانی خۆی بۆمان دەهێنێت و داوای جلێکی کوردی ناوازەمان لێ دەکات، خواستێکی زۆر لەم ماوەیەدا لەسەر جلی کوردی دەبێت، بەتایبەت ئەوانەی حەز دەکەن جلێکی تازە بۆ نەورۆز لەبەر بکەن، ئەمساڵ خواست لەسەر جلی کوردی کەوای درێژ و قوڵی کراوە و بەرۆك بەرزە، زیاتر جلی کوردی ئافرەتان بەرەو خواستی تایبەت ڕێگەی گرتووە بە مەرجێك شێوە کەلتوورییەکەی لە دەست نەدات و دەستە جلێکی جوانیش دەربچێت».

هەڵمەت محەمەد بەرگدرووی پیاوان دەربارەی جلی پیاوان دەڵێ: «ماوەیەکە گەنجان و پیاوان داوای جلی کوردی دەکەن، زیاتر خواست لەسەر ڕانکوچۆغەیە، چونکە جلێکی جوانە و بۆ هەموو تەمەنێك دەگونجێت، بەتایبەت لەلایەن کوڕانی گەنجەوە بایەخێکی تەواو بەو دەستە جلە کوردییە دەدرێت».



## ئاهەنگی هاوسەرگیری بە تەنیا

کچە نمایشکارێکی جلوبەرگی ئەڵمانی، دوای ئەوەی دەستگیراندار دەبێت، هەموو هاوڕێکانی ئاگادار دەکاتەوە بۆ ڕۆژی زەماوەند، بەڵام چەند ڕۆژێك بەر لە زەماوەندەکەی، تەواوی داوەتنامەکانی ڕەت دەکاتەوە و کەسیش بۆ ئاهەنگەکەی بانگ ناکات، ئەو کچە ناوی (ئیلینا)یە، لە شاری هایدلبێرگ لە ئەڵمانیا دەژی، ئەگەرچی خاوەن پێگە و جەماوەرێکی زۆرە، بەڵام دواجار ئەو کارەی بەرامبەر هاوڕێ کچەکانی کرد، لە ڕۆژی ئاهەنگدا تەنیا چەند کەسێکی نزیکی خۆی هاتبوون، کچە هاوڕێکانی دوای ئەوەی زانیان کە ئاهەنگی بەڕێوەچووە و کەسی بانگ نەکردووە، دایانە بەر ڕەخنە و گلەیی هاوڕێیانە، ئەویش بە کورتە ڤیدیۆك لە تیکتۆك هۆکاری بانگهێشتنەکردنی هاوڕێی و دەستە خوشکەکانی بۆ ئەوە گەڕاندنەوە، کە یەکێك لە کچە هاوڕێکانی هەوڵی داوە دەستگیرانەکەی فریو بدات و خیانەتی لێ بکات، ئەویش لە تاو ئەو هەڵسوکەوتەی هاوڕێ کچەکەیدا، ئاهەنگەکەی بە نهێنی ئەنجام داوە، بەبێی ئەوەی کەس پێی بزانێت.



## بێکهام و هاوسەرەکەی کێشەیان لەسەر خواردنە

دەیڤید بێکهام ئەستێرەی ناوداری ئینگلیزی، کە ساڵانێکە وازی لە یاری تۆپی پێ هێناوە، دوای ئەوەی هاوسەرگیری لەگەڵ ڤیکتۆریای کچە گۆرانیبێژی تیپی سپایس گێرلسی بەریتانی، دەکات، ماوەی (٢٥) ساڵ دوای هاوسەرگیریان بێکهام نهێنیی و نەریتێکی سەیری ڤیکتۆریا بۆ خەڵك دەخاتە ڕوو، بێکهام دەڵێ: ژنەکەم منی کوشتووە بەهۆی ئەوەی تەنیا چەند خواردنێك دەخوات، لە ماوەی ٢٥ ساڵی هاوسەریمان خواردنەکانی ناگۆڕێت و لەسەر هەمان نەریت دەڕوات، خواردنەکانیشی تەنیا نانی ڕەقی سوورکراوە، لەگەڵ دانەوێڵەی گەنمە شامی بە خوێ، هەروەها ئەو خواردنانەی کە بێ چەوری و ساس و زبدە، سپێناخ و خاس، دوورە لە گۆشتی سوور و مریشکیش بە هیچ شێوەیەك ناخوات، بێکهام دەڵێ: بە دەست هاوسەرەکەمەوە گیرمان خواردووە، کە ناتوانین هەموو خواردنێك نۆش بکەین، بەڵام چی بکەین دەبێ ڕازی بین و چونکە ئەو خانمی یەکەمیماڵە.



## دار تەماتەی باڵدار

شتڵە تەماتە زیاتر لەژێر زەوی و لەسەر ئاستی زەوی دەڕوێت، ئەو شتڵە تەماتەی باڵدارە و لە ئاسمانەوە دەڕوێت، واتە لە جیاتی تەماتە لەسەر زەویدا بڕنی، بەڵکو بەسەر دار و بەرزاییی دابنرێت و لێی بکەیتەوە. ئەو دارە تەماتە بە (ئەختەبووت) ناسراوە، کە لە شێوەی گیانداری ئەختەبووت دەڕوێت، بڕێکی زۆریش تەماتە دەگرێت. ئەو جۆرە شتڵە تەماتەیە تەنیا لە وڵاتانی باشووری ئەمریکا و مەکسیك دەڕوێت، بەرەو بەرزی نێوان (١ تا ٣) مەتر بەرز دەبێتەوە، هەر تەماتەیەکی کە دەیگرێت لە (١٠٠) گرام کەمتر نییە، تەماتە یەکێکە لە میوەکان و لە جۆری (سۆلانیۆم لایکۆپێرزیسۆم)، وەك خواردنێکی ڕۆژانە و لەگەڵ هەموو خواردنێکی دیکەشدا دادەنرێت. ئەو شتڵە باڵدارانەی تەماتە لە نمایشگایەکدا ڕووێندراوە، کە دەکەوێتە شاری ( والت دیزنی وۆرلد، لە شاری فلۆریدا)ی ئەمریکی.





## کاریکاتێر

باس لە ماندووبوونی کارمەندانی تەندروستی دەکات، کە جگە لەوەی خەریکی نەخۆشییەکانی دیکەن، هەروەها ڤایرۆسەکانی ئۆمیکرۆن و کۆڤید ١٩، ئەوانی بەستووەتەوە.




## نوکتە

کچ و کوڕێك خۆشەویست دەبن، کچەکە بە کوڕەکە دەڵێ: ڕستەیەکم پێ بڵێ، دڵم خێرا لێ بدات (مەبەستی ئەوە بوو هەستی بۆ دەرببڕێت)، کوڕەکەش دەڵێ: باوکت لە دوامانەوەیە!

## فیلم

## A Madea Homecoming - گەڕانەوەی مادیا




فیلمێکی سەرنجڕاکێش و کۆمێدییە، باس لە گەڕانەوەی ئافرەتێك بە ناوی مادیا دەکات، دوای ئەوەی نەوەیەکی لە ئاهەنگی زانکۆ دەبینێت و بە یەکەوە دێنەوە ماڵەوە، دواتر لەگەڵ ئەندامانی خێزانەکەی دەبێتە کێشە و نەگونجانیان، سەرەڕای ئەوەی لە پێشوودا لەسەر ناکۆکی ماڵەکەی بەجێهێشتووە، ماوەی فیلمەکە (١) کاتژمێر و (٤٥) خولەکە، لە دەرهێنانی (تایلەر پێری)یە، لە ساڵی ٢٠٢٢ کاری فیلمەکە تەواو کراوە، لەم ماوەیەدا لە سینەماکاندا نمایش دەکرێت، لە نواندنی تایلەر پێری، براندنۆن بلاك، گابرێلا دێنیس و کەیسی دەیڤەسە.

### کاوڕ ٣/٢١ - ٤/١٩

ئەم ماوەیە لایەنی پیشەییت قورس دەبێت و کێشەیەکی زۆر ڕووبەڕووت دەبێتەوە، هەرگیز بە بابەتی بێ بەهاوە خۆت سەرقاڵمەکە و کێشە لەگەڵ خۆشەویستەکەت دروست مەکە، هەوڵ بدە تێگەیشتنتان هەبێت، لە ڕووی تەندروستی و کەمکردنەوەی کێشەوە ڕاهێنانی وەرزشی گرنگە.

### گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠

دوور لە کێشەکانت ژیان بەڕێ بکە، چانسی باش هەیە بۆ ئەوەی لە ڕووی پیشەییەوە بەرەوپێش هەنگاو بنێیت، بەرپرسانیشت سەرسام دەبن بە چالاکییەکانت، ڕەنگە ئەم ماوەیە بەهۆی بۆنەیەکەوە پەیوەندیی سۆزداری بێتەژیانتەوە، هەوڵ بدە ئاگاداری سیستمی خۆراکی تەندروست بیت.

### جمک ٥/٢١ - ٦/٢٠

چارەسەری جیاواز هەیە بۆ کێشەکان کە ڕووبەڕووی کارەکەت دەبێتەوە، بەڵام گرنگە بە شێوەیەکی ڕێکخراو بێت، پێویستت بە پەیوەندیی سۆزداری هەیە، تا هەست بە ئارامی و جێگیریی ژیانت بکەیت، تەندروستیت جێگیر دەبێت، ئەگەر سیستمی خۆراکی ڕێکت هەبێت.

### قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢

خەریکی ژیانی خۆت بە، ئەرکێکی زۆرت لەسەرشانە و کەڵەکەبووە، بەڵام دەبێت پێش کۆتایی هەفتە تەواویان بکەیت، لەگەڵ خۆشەویستەکەت بەشێوەیەکی سارد مامەڵە مەکە، چونکە کاریگەریی نەرێنی دەبێت، خۆت بەدوور بگرە لە توڕەیی و کەمێك پشوو وەربگرە.

### شێر ٧/٢٣ - ٨/٢٢

لەلایەن بەرپرسانی کارەکەتەوە ستایش دەکرێیت و لە ڕووی پیشەییەوە هەنگاوی باش دەنێیت، ڕەنگە پەیوەندی سۆزداری هەندێکجار پێویستی بە قوربانیدان هەبێت، بەڵام ئەوەش ئاساییە و لەپێناو مانەوەی ئەو پەیوەندییە دەبێت، خۆت لە هەمو ئەو خۆراکانە بەدوور بگرە کە تەندروستیت تێك دەدات.

### گوڵەگەنم ٨/٢٣ - ٩/٢٢

ئەرکێکی زۆر لەسەرشانت کۆبووەتەوە و پێویستە بەگوێرەی پلان جێبەجێیان بکەیت، ئەمڕۆ هاوڕێیەکی کۆن دەبینیت و پەیوەندیتان بەهێزتر دەبێت، ڕەنگە ئەو پەیوەندییە بگۆڕێت بۆ سۆزداری، ڕەنگە توشی هەندێك ئازاری جەستە دەبیت، بەڵام هۆکارەکەی ماندوبونی زۆرە بەبێ حەوانەوە.



## پەند و وتە

ئۆسکار فینگال ئۆفلاهێتی وایڵد، نووسەری ئیرلەندی لە ساڵی ١٨٥٤ لە شاری دبلەن لە ئیرلەندا لەدایکبووە و لە ساڵی ١٩٠٠ لە پاریس کۆچی دوایی کردووە، وتەیەکی لەو سەردەمەدا گوتووە کە وتەکە بۆ کەشی ئێستای کوردستان گونجاوە، دەر بارەی ڕۆمانسیەت دەڵێ: «هەڵخەڵەتاندنی ڕەگەزی بەرامبەر پیاوان بۆ ئافرەتان، یان ئافرەتان بۆ پیاوان، بەڵام زیاتر پیاوان دەگرێتەوە کە ئەوانەی لە ڕێگەی ڕۆمانسییەوە لە ئافرەتان نزیك دەبنەوە و ئاڵوودی خۆیان دەکەن، پێی دەگوترێت هەڵخەڵەتاندن بە تامی ڕۆمانسییەت».



## یاریی وێنە

لەم وێنەیەدا کە وێنەی بەردە، ڕوخسارێك لە نێو وێنەکەدا هەیە، هەوڵبدە ڕوخسارەکە دیاری بکەیت و بزانیت کە شێوەی کێیە.

### بۆ زانیاریت

## سیستەمی «سویفت»

کۆمەڵەی پەیوەندی دارایی جیهانی نێوان بانکەکان (سویفت) لە ساڵی ١٩٧٣ دامەزراوە بۆ جێگرتنەوەی سیستەمی «تێلێکس»، ئێستا لەلایەن زیاتر لە١١ هەزار دامەزراوەی داراییە جیهانییەکانەوە بەکاردێت بۆ ناردنی نامەی پارێزراو و داواکاریی پارەدان، لە نەبوونی ئەڵتەرناتیڤێکی پەسەندکراوی جیهانیتردا، ئەم سیستەمە بووەتە بنەمای پارەدارکردنی دارایی لە جیهاندا، بارەگای SWIFT دەکەوێتە وڵاتی بەلجیکاو ئەنجومەنی ئیدارەکەی لە٢٥ کەس پێکهاتووە، ئەگەرچی ئەو وڵاتە خۆی وەك دامەزراوەیەکی بێلایەن وەسف دەکات کە بەپێی یاسای بەلجیکا دامەرزاوە و دەبێت پابەندی ڕێنماییەکانی یەکێتیی ئەوروپا بێت، کە سیستەمێکی پارێزراوە بە شێوەیەك هاککەرانیش ناتوانن هاکی بکەن، هەروەها لە ڕێگەی هێزێکی ئەمنی هاوبەشەوە پارێزگاری لێی دەکرێت.



## یاسا

### ئیفادەی سەرەمەرگ

یاسادانەری عێراقی چەند ڕێگەیەکی سەلماندنی باس کردووە، بەڵام باسی ئیفادەی کەسێکی نەکردووە لە سەرە مەرگدا بێ وەك بەڵگە، بەڵام لە مادە (٢١٦)ی «قانون اصول المحاکمات الجزائیة»ی ژمارە ٢٣ی ساڵی ١٩٧١دا هاتووە کە دادگا بۆی هەیە بە ئیفادەی تاوانلێکراوی سەرەمەرگ وەربگرێت کە پەیوەندی بە تاوانەکە هەیە. زۆربەی زاناکان باوەڕیان وایە کە بە بەڵگە وەربگیرێت، چونکە ئەوان لە مردن نزیکن و ڕاستییەکان دەدرکێنن، خۆ هەندێکش پێیان وایە دەکرێ ڕاستیی نەبێ و بۆ تێوەگلانی کەسێك بێت، یان دەربازبوونی کەسێك، کەواتە دادگا ئەو سەڵاحییەتەی هەیە کە بە بەڵگە وەری دەگرێ یان نا، بە پێی قەناعەتی و یەکگرتنەوەی لەگەڵ بەڵگەیەکی دی ئەگەر هەبێ، یان نا، هەڵسەنگاندنی بۆ دەکرێ کە بکرێ بە بەڵگەیەکی یەکلاکەرەوە یان نا.



### گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨

سەرکەوتنی گەورە لە لایەنی پیشەییەوە چاوەڕێت دەکات، ئەمەش کاریگەریی لەسەر هاوپیشەکانت هەیە و، ڕەنگە داوای هاوکاری بکەن، لەگەڵ خێزانی هاوبەشی ژیانت نەرمونیان بیت باشترە، بۆ ئەوەی ڕووبەڕووی کێشە نەبیتەوە، هەموو ئازارێك جێگای مەترسی نییە، باشترە ڕاستەوخۆ سەردانی پزیشك بکەیت.



### نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠

ڕەنگە لە لایەنی پیشەییەوە کێبڕکێی نوێ سەر هەڵبدات و بە پەرۆشەوە زیاتر هەوڵ بدەیت، هەمیشە لە پەیوەندیی سۆزداریدا پشت بە ڕاستگۆیی ببەستە، بەڵام وشەی بریندارکەر بەکار مەهێنە، هەرگیز لە خۆتەوە بە بێ ڕاوێژی پزیشك، هیچ دەرمانێکی ئازارشکێن بەکار مەهێنە.



### شایان ٩/٢٣ - ١٠/٢٢

هەمیشە بەئاگابە لەو کەسانەی تەنیا بەرژەوەندیی خۆیان بەلاوە گرنگە، چونکە زیانت پێ دەگەیەنن لە ڕووی پیشەییەوە، لایەنی سۆزدارییت جێگیرە و خۆشەویستەکەت بە شێوەیەکی ڕۆمانسی سۆزت پێ دەبەخشێت، بەڵام ڕۆتین کاریگەریی دەبێت ئەگەر بەئاگا نەبیت، خۆت لە خواردنی چەور بەدوور بگرە.



### دووپشک ١٠/٢٣ - ١١/٢١


ئەرکی زۆرت هەیە و پێویستە بە بێ دڵەڕاوکێ هەوڵ بدەیت جێبەجێیان بکەیت، بەڵام دەبێت بزانیت چۆن مامەڵەی لەگەڵدا دەکەیت، خۆت بەدووربگرە لەو کەسانەی کە دەیانەوێت پەیوەندی سۆزدارییت تێك بدەن، چونکە بەرژەوەندیی تۆیان ناوێت، ئاگاداری ئەو هۆکارانە بە کە کاریگەری لەسەر دەروونت هەیە و تورەت دەکات.

### کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١

ڕابردوو لە بیر بکە، هەوڵی داهاتوو بدە، لەلایەنی پیشەییەوە پلانی باش دابنێ بۆ ئەوەی بە ڕێگەیەکی دروست هەنگاوی باش بنێیت، ڕەنگە پەیوەندیی سۆزداریت ڕووبەڕووی هەندێك کێشە ببێتەوە، بەڵام بەزوویی چارەسەر دەبێت و کاتییە، سیستمی خۆراکی تەندروست پەیڕەو بکە.

### گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩


هەوڵ بدە توشی گرفت و کێشە نەبیت لەگەڵ هاوپیشەکانت و، بایەخ بە ئەرکەکانی خۆت بدە، چونکە بەرپرسیارییەتی تۆ جیاوازە، هەمیشە خۆشەویستیت بۆ هاوبەشی ژیان، یان هاوسۆزەکەت دەربڕە، چونکە یەکێکە لە ڕێگەکانی سەرکەوتنی پەیوەندیی سۆزداری، تەندروستییەکی باشتر دەبێت ئەم ماوەیە.






بۆ دابەزاندنی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ پلاتفۆری (ئای ئۆ ئێس) لەسەر ئەم لینکەی خوارەوە کلیک بکە:

https://apps.apple.com/us/app/gulan-media/id1586050534#?platform=iphone



## ئێستا دەتوانی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ هەریەکە لە پلاتفۆری (ئای ئۆ ئێس) و (ئەندرۆید) دابەزێنی بۆ ئەوەی سوودمەند بی لە دواین هەواڵ و زانیارییەکان





بۆ دابەزاندنی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ پلاتفۆری (ئەندرۆید) لەسەر ئەم لینکەی خوارەوە کلیک بکە:

https://play.google.com/store/apps/details?id=com.gulan.media




www.gulanmedia.com

Weekly Gulan March 14, 2022 Issue,No.1309


# TimeNet Company.Ltd

time net
Network expertise

TimeNet Company specialises in IT, ICT, Croporation Computerizing and Implementation of Networking across Kurdistan and Iraq

Our Company provides:
- Dedicated Internet Services
- VSAT
- ..........Copper Wired Networking
- .............Wireless Networking
- .............Fiber Optic Networking
- VoIP Video Streamnig
- VPNs
- CCTV Cameras
- Electronic Door

کۆمپانیای تایم نێت شارەزاین لە تەکنەلۆژیای زانیاری و
بە کۆمپیوتەر کردنی کۆمپانیا و ڕێکخراوەکان بە گوێرەی ئیش و کارەکانیان.

خزمەتگوزاریەکانمان:

گەیاندنی ئینتەرنێت بە ڕێگای... Dedicated و VSAT
دامەزراندنی تۆڕ بە
..... تەلی مس
..... بێ تەل
..... فایبر ئۆپتیک

دامەزراندنی دەنگ و ڤیدیۆ بەڕێی ئینتەرنێت
دامەزراندنی تۆڕی راستەقینە تایبەت
دامەزراندنی سیستەمی چاودێری کامێرا
دامەزراندنی سیستەمی دەرگای ئەلیکترۆنی

Tel : +964 750 380 7676
: +964 750 710 0782

sales@time-net.net
www.time-net.net

Erbil, Ankawa, Iraq
Khabat Street - Karez Districit 240/1/626